ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٤٥ چوارشەممە ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ _ ٦ی مارسی ٢٠١٩

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

نەریتخواز و مودێرن بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان/ قادر وریا ل٢

ئاریشەکانی کۆمەڵگە و نیگەرانییەکانی جەناب! / عەلی بداغی ل٣

کوردەکان لە هاوپەیمانییە سەراسەرییەکاندا/ وتوێژ لەگەڵ خالید حەسەنپوور ل٥

دەقی قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە کۆڕیادی ١١ی ڕەشەمە ل٦

کورد و حەتمییەتی مێژوویی/ حەسەن شێخانی ل٨

ڕووخانی سۆسیالیزمی بەڕاستی ئارایی/ د. کامڕان ئەمین ئاوە ل٩

وتاری د.قاسملوو لە میتینگی ١١ی ڕەشەمەی مەهاباد

مانیفێستی حیزبی دێموکرات پاش چوار دەیە

٤٠ ساڵ بە سەرمتینگی مێژوویی ١١ی ڕەشەمەی مەهاباد و دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان تێپەڕی. دوای چوار دەیە کە ئاوڕ لەو مێژووە و لە گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدەیەوە کە لە زمان شەهید دەکتور قاسملووەوە بەیان دەکرا؛ دەبینین ئەم گوتارە ئێستاش نەخشەڕێی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەتوانین بڵێین مانیفێستێکە.

میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمەی حیزبی دیموکڕات چ ئەو کات و چ لە ساڵانی دواتردا دەریخست کە ئەم حیزبە خاوەنی چ جێگە و پێگە و ڕۆڵێک بووە لە خەبات و بەربەرەکانی بە دژی کۆماری ئیسلامی و، لە شوێندانان لە سەر ڕوانین وهەڵوێستی خەڵکی کوردستان و هەروەها لەمەیداندابوونیان بۆ بەرگری لە شوناس و مانەوەی خۆیان و، هەمدیسان لە ناساندنی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بە دنیای دەرەوەدا.

بەڕێوەچوونی دوازدەهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

ڕۆژی سێ شەممە ١٤ی ڕەشەمەی ٩٧ی هەتاویی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵە باس و بابەتێکی پێوەندیدار بە کار و ئەرکەکانی ناوندی هاوکاری خرانە بەر باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای تاوتوێی ڕاسپاردە و بڕیارەکانی پێشوو، چەند و چۆنیی کار و ئەرکەکانی ناوەندی هاوکاری لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئێستا و داهاتوو لە ئێراندا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا و لە پێوەندی لەگەڵ پەرەپێدان بە کار و چالاکییەکانی ناوەندی هاوکاری، بەرینکردنەوەی حەوزەی ئەندامەتیی ناوەند بریاری پێویستی لەسەر درا.

هەڵسەنگاندنی تێکۆشانی کۆمیتەی زمانی دایک، تاوتوێی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئامادەکاری بۆ ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ دوو تەوەری دیکەی کاری کۆبوونەوەکە بوون و لە تاوتوێی باسەکانی ئەم دانیشتنەدا چەند باسێکیان بڕیاریان بۆ درا و تاوتوێی زیاتری چەند خاڵێکی دیکەش بۆ دانیشتنەکانی دواتری ناوەند سپێردرا.

کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزب و کۆمەڵە لە بنکەی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست لە لەندەن



ڕۆژی سێشەممە، ١٤ی ڕەشەممە کۆبوونەوەیەک لە بنکەی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست لە لەندەن پێک هات. لەم کۆبوونەوەیەدا کاک ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان؛ کاک مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کاک حەمید مورتەزازادە، ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە بریتانیا بەشدار بوون و لەگەڵ بەریز لویس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەنترناسیونال سۆسیالیست کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا لویس ئەیالا باسێکی لە تازەترین کۆبونەوەی SI کرد کە لە کۆماری دۆمینیکەن بەسترا و لە تەوەرەیێکی دیکەی کۆبونەوەکەدا باسێکی تێروتەسەل لەسەر پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە گشتی و ئێران و کوردستان کرا.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا پرسی هاوکاریی هێزە کوردییەکان لە «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»دا و هەوڵی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی بۆ دروستکردنی هاوپەیمانیی سەراسەری لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا و بە بایەخەوە لەسەر ئەم چالاکییانە دوان.

◆ سەروتار

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە گێژاوی کێشە نێوخۆییەکاندا

کەماڵ کەریمی

سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک بەپێی ڕێوشوێنە فەرمییەکان لە لایەن دەوڵەتی ئەو وڵاتەوە دادەڕێژرێ و وەزارەتی دەرەوە لە جێبەجێکردنی بەرپرسیارە. دیارە ئاکامی سەرکەوتن یا پێچەوانەکەی هەر سیاسەتێک کە لە ڕێگەی وەزیر و دیپلۆماتەکانیەوە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن، ڕاستەوخۆ بەرپرسیاریەتییەکەی بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە. زۆر جار بیندراوە بەهۆی شکستهێنانی بەرنامەیەکی سیاسەتی دەرەوە یا تەنانەت گەورەبوونەوەی جیاوازیی بۆچوونی وەزیر لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەت و چارەسەرنەبوونی کێشەکانیان، وەزیرێک وەلا دەنرێ یا دەست لە کار دەکێشێتەوە. ئەم کارە لەو وڵاتانەی خاوەن سیستمێکی دامەزراوەیی دەوڵەتین و بەرپرسن لە ئیدارەی سیاسیی وڵاتەکەیان؛ هەمیشە وەک بابەتێکی ئاسایی وەرگیراوە و ئەگەر بەپێی قورسایی ئەو وڵاتە لە سیاسەتگوزاری کاریگەری لەسەر جۆری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش هەبووبێ، دەوڵەت بەپێی بەرنامەی داڕێژراوی خۆی درێژە بە کارە دیپلۆماسییەکانی لە دەرەوەی وڵات دەدا.

بە پێچەوانەی ئەم شێوازە دەوڵەتداریە لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا، هەڵسوکەوتەکان بە جورێکی تر دەکەونە بەرچاو. لە ئێران و لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا، ئەم مەسەلەش وەک زۆر بابەتی دیکە زۆر جار کێشەخوڵقێن بووە و هەست دەکرێ دەوڵەت و وەزیری دەرەوە لە بێدەسەڵاتی تەواودا ئیدارەی وڵات و ئەرکە سیاسییەکانیان بەڕێوە دەبەن. نیزامی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر دامەزراوەی ویلایەتی فەقیهـ بەڕێوە دەچێ و، لە یاسای بنەڕەتیدا ڕێبەر ئەرک و دەسەڵاتێکی ڕەهای بۆ لە بەرچاو گیراوە، دەسەڵاتی تەواو دراوە بە کەسێک وەک ڕێبەر کە چاودێری هەموو کارەکانی دەوڵەت بکا و تەنانەت دەخالەت بکا و، بەبێ ئەمری ئەو هیچ کار و پڕۆژەیەکی سیاسی لە ئاستی دەرەوەدا ناکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. ئەم دەسەڵات و هێندێک جار دەخالەتەش لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و دیاریکردنی هەیئەتە دیپلۆماسییەکان و سنووردانان بۆ چۆنیەتیی باسەکان و تەنانەت قبووڵ یا ڕەدکردنەوەی هەر ڕێککەوتنێکدا بە ڕوونی دەکەوێتە بەرچاو. ل٢

دریژەی سەروتار

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە گێژاوی کێشە نێوخۆییەکاندا

نوێترین دەخالەت و هەڵوێستی ڕێبەر لە دوا سەردانی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریيە بۆ تاران بوو. دەرکەوت لە پێکهێنانی ئەم دیدارە ڕەسمییەدا، نە تەنیا وەزیری دەرەوە بەڵکوو دەوڵەتیش دەورێکیان نەبووە و بێ ئاگابوون لە سەردانێکی لەو جۆرە. سەفەرێک کە لە ڕێگەی فەرماندەی سپای قودس قاسم سلێمانی و تەنیا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ خامنەیی ڕێک خرابوو. ئەم کارە بوو بەهۆی تووڕەیی جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران و تەنانەت ڕاگەیاندنی دەست لە کارکێشانەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا؛ هەرچەند ئەم کارەی زیاتر وەک نیشاندانی گلەمەندیی خۆی و تۆران دەچوو هەتا هەڵوێستێکی جیدی بەرامبەر بەو بێڕێزییەی پێی کرابوو.

لە ئێراندا سەرچاوەی ئەم سیستمە حکوومەتییە ویلایەتییە لەوێوە دەست پێدەکا کە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵاتێکی ڕەها دراوە بە ڕێبەر. ڕێبەریش لە بەیتی ڕێبەری، کەسانی نیزیک لە خۆی لە باری ڕوانگە و بیرکردنەوەوە لە دەوری خۆی کۆ کردۆتەوە و ئەرکەکانی سیاسەتی دەرەوە لەوێوە دادەڕێژرێ و بەڕێوە دەبرێن و بەشە ڕووتینییەکەی دەمێنێتەوە بۆ وەزارەتـی دەرەوە. زۆر جار بینراوە کە نوێنەری ڕێبەر لە سەفەرە سیاسییەکاندا بۆ وڵاتانی دەرەوە بەرپرسی گەیاندنی پەیامی ئەو بوون و لەوێدا جێگەیەک بۆ وەزیری دەرەوەی دەوڵەت وەک بەرپرسی کاروباری دەرەوە لەبەرچاو نەگیراوە. جگە لە پێگەی یاسایی ڕێبەر، پاڵپشتیی سپای پاسداران و بە تایبەت سپای قودس کە ڕاستەوخۆ دەستوور لە خامنەیی وەردەگـرن و خۆیان لە چوارچێوەی بەرنامەکانی دەوڵەتدا نابیننەوە، پێگەیەکی بەهێزی چەکداری بۆ خامنەیی دروست کردوە. بەدەستەوەبوونی ئیمکاناتێکی ماڵی یەکجار زۆرتر لەوەی لە بوودجەی دەوڵەتدا دەبیندرێ کە لە ڕێگەی بەشی ئابووریی سپای پاسداران و قەرارگای «خاتم الانبیا» کە بەشی بەهێزی هـاوردەکردن و پرۆژە بنەڕەتییەکانیان بەدەستەوە گرتوە و هەروەها داهاتی ناوەندە ئایینییەکان وەک قودسی ڕەزەوی و ... دەگاتە دەستیان، ئیمکاناتی ماڵیی هەر پرۆژەیەکی لە دەرەوەی وڵات بۆ دەستەبەر کردوون. لە باری کارکردی سیاسی لە دەرەوە پشت بەستن بە سیاسەتی نـاردنـەدەرەوەی شـۆڕش و دروسـتکردنی هێزی میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکان لە وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەم ڕێگەوە ڕاستەوخۆ دەستوەردان لەو وڵاتانەدا، بووەتە بەشێک لە سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم کە بە تەواوی لە ڕێگەی سپای قودسەوە و بە دارشتن و چاودێریی بەرنامەکانیان لەژێر دەسـەڵاتی ڕێبەر و باڵەکانی لایەنگرییەوە بەڕێوە دەچێ. جگە لەوەش لە نێوخۆی وڵاتدا بە دامەزراندن و گرینگی پێدان بە سیستمی ئەمنییەتیی تایبەت وەک «حفاظت اطلاعات سپاه» دەوری وەزارەتی ئیتلاعاتیان داوەتەوە و هەموو ئەمانە بوونەتە هۆکاری دروستکردنی دەسەڵاتێکی تایبەت.

لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی باس کران ناکرێ کێشە نێوخۆییەکانی نێو باڵەکانی ڕێژیم لەبەرچاو ون بن و، ئەمەش وەک هۆکارێک بۆ گوێ پێنەدانی خامنەیی بەو گرووپەی ئێستا دەوڵەتیان بە دەستەوەیە نەبینین. هەرچەند گومان لەوەدا نییە کە باڵەکانی ڕێژیم هەموو هەوڵیان بۆ پاراستنی نیزامی کۆماری ئیسلامییە و لە هاواهەنگی بۆ سەرکوت و جینایەت و برسی کردنی خەڵک درێغییان نەکردووە، بەڵام جیاوازیی بۆچوونیان لەسەر چۆنیەتیی ئەو ئەرکەیان وای کردووە خامنەیی بەشێکیان بە نیزیکتر لەخۆ بزانێ و زیاتر پشتیان پێ ببەستێ. هەر کاتێکیش ئەوانی دیکە لە دەسەڵاتدا بوون و قسەیەکیان بێ مەیلی ڕێبەر و باڵەکانی دیکە کردبێ ڕێبەر هاتووەتە سەر هێڵ و لە دەمی داونەوە؛ بە تایبەت ئەگەر قسەیەک لە سیاسەتی دەرەوەدا بە دڵی ڕێبەر و باڵە ئوسوولگەراکان نەبووبێ.

ڕەنگدانەوەی ئەم کێشانە لە نێو دەسەڵات لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا، هەتا ئیستاش نەک تەنیا یارمەتیی بە چارەسەرکردنی کێشە دەرەکییەکانیان نـەکـردووە بەڵکوو بـووەتـە هـۆی دروسـت بوونی پرسیارگەلێک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کە گەیشتن بە وڵامەکانیان بەتەواوی ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ڕوون دەکـاتـەوە. ڕێژیمێک کـە لـەژێـر سێبەری دەسـەڵاتـخـوازی سـەرەڕۆیـانـی خامنەییدا نـە تەنیا گرینگی بە ژیانی هاووڵاتیانی نادا بەڵکوو هیچ بایەخێک بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیش لە جـۆری پێوەندییە دەرەکییەکان نادا. ئەمە ئەو وڵام و تێگەیشتنە واقعییەیە کە بە دوای تۆرانی جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە هیچ بایەخێکی نییە چونکە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا وەزیری دەرەوە هیچ کارەیە.

دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژوویەکی ٧٥ساڵە پوختەی ئەزموونەکان

(بەشی چوارەم)

قادر وریا

شەشەم/ نەریتخواز (سوننەتی) یا مودێرن (نوێخواز)

با لە پێناسەیەکی ساکار، کورت و گشتیی دوو چەمکی نەریتخواز و مودێرنەوە، بچمە نێو ئەو باسەوە. «نەریتخواز»، ملکەچ و گوێڕایەڵی ئەو نەریت و باوەڕانەیە کە لە نەسلەکانی پێشترەوە بۆی ماوەتەوە. بەڵام «مودێرن» (نوێخواز) لە ڕوانین و بیرکردنەوە و ژیان و تیکۆشاندا پشت بە زانست دەبەستێ.

هەر لە جێدا حیزب، دیاردەی کۆمەڵگەیەکی مودێرنە و هاتنی بۆ نێو ژیانی سیاسیی ئێمەی کورد لە کاتی خۆیدا جۆرێک بووە لە نوێخوازی. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕاستییە کە لە ڕووی ناو و نێوەڕۆکیشەوە، حیزبی دێموکرات بۆ سەردەمی خۆی لە کوردستان، نوێ بوو، پتر لە گرنگیی هاتنی ئەم دیاردە مودێرنە بۆ نێو خەباتی سیاسیی کورد تێدەگەین. پێکهێنان و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانیش لە لایەن ئەم حیزبەوە هەنگاوێکی نوێخوازانە بوو. چونکە سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری لە ڕوانگەی پشتبەستنی بە ئیرادەی خەڵکەوە، لە چاو سیستەمی پاشایەتی، ئەویش پاشایەتی لە وڵاتێکی وەکوو ئێراندا، پێشکەوتووتر بوو. ئەو هەنگاوانەش کە کۆمار لە چوارچێوەی جێبەجێکردن و وەدیهێنانی مافە ڕەواکان و ویستە لەمێژینەکانی خەڵکی کوردستاندا هەڵی گرتن، هەنگاوی مودێرن بوون.

لە ئەدەبیاتی حیزبدا، بە تایبەتی لە دەیەکانی پێشوو، بەردەوام حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی مودێرن ناوی براوە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ لە دەرەوەی دەمارگرژی و بەدوور لە بەخۆدا هەڵگوتن و دروشمدان، مودێرنبوونی ئەو حیزبە هەڵ بسەنگێنین، دەبێ نوێخوازیی حیزب لە بوار و بەستێنی جیاواز، هەر وەها لە سەردەم و قۆناغی جیاوازدا، بخەینە بەر تیشکی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن. بۆ وێنە نوێخوازی لە بەرنامە و پێڕەوی حیزب، نوێخوازی لە سیاسەتکردن و هەروەها نوێخوازی لە بەڕێوەبەری و ئۆرگانیزمی حیزبدا و، لە درێژە و ئاکامی هەر هەمووی ئەمانەشدا، نوێخوازی لە بەرهەمهێنانی کولتوورێکی مودێرندا کە تەنانەت لە ڕوانین و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی تاکەکانی حیزبیشدا ڕەنگی دابێتەوە. سروشتیشە کە پێوەری ئێمە بۆ ئەم نوێخوازییانەی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی و هەتا ڕادەیەکی زۆر نەریتیدا، دەبێ ڕێژەیی بێ. واتە مودێرنبوونی پرۆژەیەک، بەرنامەیەک، دروشمێک یا سیاسەتێک بە گوێرەی ئاستی پێشکەوتوویی و مودێرنبوونی ئەو کۆمەڵ و ژینگە کۆمەڵایەتییەی بەردەنگی ئەو شتانەن، بەراورد دەکرێ.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر بەرنامەی حیزب، لە کۆنفرانسی سێهەم و لە کۆنگرەی سێهەمەوەیە کە حیزب دەبێتە خاوەنی بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی مودێرن. هەم شیکردنەوە و ڕوانینی حیزب بۆ ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و ناوچە و ئێران و کوردستان، لەژێر ڕووناکیی ڕوانگەیەکی پێشکەوتووانە و عەقڵانیدا گەڵاڵە کراون، هەم بەرنامە و پرۆگرامی حیزب، چ لە ڕووی دارشتن و فۆرموولە کردنەوە، چ لە ڕووی گونجاندنی کۆمەڵێک چەمک و بنەما و ماف، بە شێوەیەکی نوێ دەنووسرێن. ئەسڵی «حیزب پێڕەوی لە تیۆریی پەرەئەستاندنی کۆمەڵ دەکا» دێتە نێو پێڕەوی نێوخۆی حیزب کە لەو سەردەمدا، هەنگاوێکی گرنگ بووە بۆ ڕاهێنانی ڕێبەری و کادرەکانی حیزب بە نامۆیی نەکردن لە لێکدانەوە و ڕوانینی زانستییانەی ئاڵوگۆڕ و ڕووداوەکان.

ئەدەبیاتی حیزبیش، کە سەرچاوە سەرەکییەکانی لە لایەک نێوەرۆکی ئەو بەرنامەیە و لە لایەکی دیکە باوەڕ و بۆچوونەکانی ڕێبەرانی ئەو کاتی حیزب بووە، نوێبوونەوە و ئاوێتەبوون لەگەڵ فکرە پێشکەوتووەکانی ئەو سەردەمی پێوە دیارە. بەیاننامەکانی کۆمیتەی ناوەندی، ئەو پەیامانەی بە ناوی کۆنگرەوە ناردراون، وتارەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان»، شایەدی بۆ ئەم نوێبوونەوەیە دەدەن. هەڵبەت مانەوە و ژیانی بەشێک لە ڕێبەرانی ئەو کاتی حیزب لە وڵاتانی ڕۆژاوایی و تێکەڵاویی ژمارەیەکیان لەگەڵ بیروباوەڕی مارکسیستی و چەپ، کاریگەری هەبووە لە سەر ئەدەبیاتی حیزب.

دەتوانم بڵێم ئەم ڕەوتە (نوێخوازی و نوێبوونەوەی بەرنامە و ئەدەبیاتی حیزب) هەتا هاتووە، بە نیسبەت ڕابردوو بۆ پێشەوە چووە. هۆیەکەشی ئەوەیە دنیا و ناوچەکە و ئێران و کوردستان، لە ڕووی کولتوور و فکر و ژیانەوە بەرەو پێشەوە چوون و، سروشتی بووە کە حیزب دەبوایە بە گوێرەی سەردەم، بەرنامە و ئەدەبیاتی خۆی نۆژەن بکاتەوە. بۆ وێنە پرسی یەکسانیی ژن و پیاو، مەحکوومکردنی هەر چەشنە چەوسانەوە و هەڵاواردنێکی نەژادی، چینایەتی، نەتەوەیی و ڕەگەزی (جنسی)، گرنگیدان بە ژینگە، ڕێزگرتن لە پلۆرالیزمی فکری و سیاسی لە نێو کۆمەڵ، باوەڕ و پابەندی بە جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و کۆمەڵێک چەمکی نوێی سەردەم تا هاتووە زیاتر لە بەرنامە و ئەدەبیاتی حیزبدا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەمەش هەست پێدەکرێ کە ئەم مودێرنبوونەی حیزب بە هیچ جۆر بە مانای پشتتێکردن و دژایەتی لەگەڵ سەرجەم نەریتەکانی کۆمەڵ نەبووە.

هەتا ئەو کاتەی حیزب بریتی بووە لە ڕێبەری و کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگەی دووركەوتوو لە وڵات و، بە شێوەیەکی ڕۆژانە و لە بواری جۆراوجۆردا لەگەڵ خەڵک تێکەڵاو نەبووە، پابەندی بە نوێخوازی و جێبەجێکردنی کار و ئەرکی حیزبی بە بیروباوەڕی نوێوە، ئەوەندە زەحمەت نەبووە. بەڵام بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەرکی حیزب لە ڕاپێکردنی ڕۆڵی نوێخوازانە و پێشڕەوانەی خۆی لە ڕەوتی سیاسەتکردن و بەڕێوەبەرییەتیی کاروباری کۆمەڵدا دژوارتر دەبێ. کۆمەڵگە بۆخۆی مەیدانی ململانێی کولتوور و فکری کۆن و نوێیە. لە کۆمەڵی ئەو کاتی کوردستاندا زۆر بیر و باوەڕی جۆراوجۆر لە مارکسیستی، لاییک و دێموکراتەوە

تا دەگاتە مەزهەبی، بە ژمارەیەکی زۆر لایەنگرەوە هەبوون. ئەوەش بەجێی خۆی کە دین و مەزهەب و نەریتە کۆنەکانیش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵیان هەیە. هاوکات، لە ماوەیەکی کەمدا هەزاران تاکی کۆمەڵ لە چین و توێژی جۆراوجۆر و بە ئاستی تێگەیشتنی جیاوازەوە، ڕوویان کردە ڕیزەکانی حیزب، بوون بە ئەندام و پێشمەرگە و کادر و کاربەدەستی حیزبی دێموکرات. حیزبی دێموکرات دەبوایە لە لایەکەوە خسڵەتی پێشڕەوبوون و پێشکەوتنخوازبوونی خۆی بەو پێکهاتە ئینسانییە جۆراوجۆرەوە بپارێزێ، لە لایەکی دیکەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە و پرس و ڕووداوەکاندا بە جۆرێک هەنگاو بنێ کە خەڵک لێی نەسڵەمێتەوە. خەڵک بۆ چارەسەریی کێشە و گرفتەکانی خۆیان ڕوویان دەکردە بنکە حیزبییەکان و بەرپرسان و کادرەکانی حیزب و، لەگەڵ ئەوەی لە شارەکان و گوندەکان، شۆڕاکانی هەڵبژێراوی خەڵک هەبوون بۆ ڕاگەیشتن بە کاروباری خەڵک، بەڵام حیزبیش دەبوا دەور و ڕۆڵی خۆی هەبێ لە وڵامدانەوە بە چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا. یەکێک لە کارە باشەکان لەو بارودۆخەی ئەو کاتدا، دارشتن و پەسەندکردنی کۆمەڵە قانوونێک لە لایەن حیزبەوە لە چەند بوارێکدا _دیارە بە هاوفکری لەگەڵ پسپۆڕان_ بوو کە بریتی بوون لە قانوونی سزادانی گشتی، گەڵاڵەی شۆڕاکان و گەڵاڵەی زەوی و زار. ئەم قانوونانە ڕێنوێنیی کادرەکان و کۆمیتەکانی حیزب و شۆڕاکان بوون بۆ چونیەتیی چارەسەریی کێشە و گرفتەکان. ئەو قانوونانەش پردێک بوون لە نێوان کولتوور و نەریتە باوەکانی نێو کۆمەڵگە و ئەو باوەڕانەی حیزبی دێموکرات کە خسڵەتی پێشکەوتووانە و پێشڕەوانەیان هەبوو. ئامۆژگاریی حیزب لەم سەردەمەدا بۆ ئۆرگان و دامەزراوە و بەرپرسان و کادرەکانی خۆی ئەوە بوو کە نە ئەوەندە خێرا بڕۆین کە خەڵک نەمانگاتێ و لە گەڵمان نەیەن، نە ئەوەندەش خۆپارێزانە و سست کە خەڵک و کۆمەڵ لە پێشمانەوە بڕوا و ئێمە بەجێ بمێنین.

بوونی حیزب وەک هێزێکی دەسەڵاتبەدەست و جێگیربوونی ڕێبەری و ئۆرگانەکان و بنکە و هێزەکانی حیزب بۆ ماوەی چەند ساڵ لە نێو شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵات، لە سەر کولتووری کۆمەڵ و ئاشنابوونی خەڵک بە خۆبەڕێوەبردن، ئازادیی تێکۆشانی سیاسی، بوونی حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر، قەدەغەکرانی هێندێک نەریتی دواکەوتووانە، چوونە سەری ڕێزی ژنان و ڕەچاوکرانی هێندێک لە مافەکانیان، کاریگەری هەبووە. بەڵام گومان لەوەشدا نییە کە هەم ئەوەندەی کراوە، لاوازی و کەموکووڕیی زۆری تێدا هەبوو، هەم دەکرا کاری زیاتر بکرێ، کە ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بەڵگە و داتای پێویست هەیە و مەبەستی ئەم وتارەش نییە.

پوختەی ئەزموونێکی دوو لایەنە

لە گەڵ دوورکەوتنەوەی حیزب لە دەسەڵاتدارەتی و ڕاپیکردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک، جارێکی دیکە نوێخوازی و ململانێی کۆن و نوێ، لە نێوخۆی حیزبدا بەرجەستە بووەوە کە ئەمەش هەم بواری فکری و سیاسی گرتەوە، هەم بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حیزب، هەروەها تکنیک و کەرەستەی تێکۆشان، خۆڕێکخستن و بەرنامە و پلاندانان و هتد. وێڕای هەمووی ئەمانەش دروستبوونی بەرەبەرەی کولتوورێک لەژێر کاریگەریی هەلومەرجی تایبەتیی خەبات و تێکۆشان و، پەروەردەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حیزبیدا. کولتوورێک کە هەم ڕووی درەوشاوە و شیاوی لێ فێربوونی هەیە، هەم لایەنی نەرێنی و شایانی ڕەخنەلێگرتنی قووڵ.

ناڕەوایە ئەگەر لە هەڵوێستەکردن لە سەر ئەم کولتووره، دەیان و سەدان شتی جوان نەبینین. بۆ نموونە: پابەندی بە بیروباوەڕی نوێ و مودێرن و بەرگری لێکردنیان، دژایەتیکردنی نەریتی دواکەوتووانە و باوەڕی چەوت و نادروست، پێگەیاندن و پەروەردەکردنی مرۆڤەکان بە ڕوانگەیەکی سەردەمیانە، ڕاهێنانی تاکەکان بە نیشتمانپەروەری و گەلدۆستی و ڕێزگرتن لە مرۆڤ و ئاوێتەبوونیان لەگەڵ باوەڕی ئینسانی، سەداقەت و دڵسۆزی و فیداکاری لە پێناوی باوەڕ و بەها بەرزەکاندا، غافڵ نەبوون لەخوێندنی منداڵان و هەبوونی قوتابخانە وخوێندەوارکردنی نەخوێندەواران سەرەڕای کەمدەرەتانی و بارودۆخی نالەبار، هاوبەشیی تاکەکان و بنەماڵەکان لە شایی و شینی یەکتردا، کۆڵنەدان و بەچۆکدا نەهاتن و خۆڕاگریی تێکۆشەران سەرەڕای سەختی و تاڵیی لە ڕادەبەدەر، ڕێزدانان بۆ خەڵک و هتد.

بەڵام بوونی ئەو ڕوخسار و لایەنە جوان و ئەرێنییانە لە ژیان و تێکۆشان و کولتووری ئێمەی دێموکراتدا، بەو مانایە نییە کە ڕابردوو و ئێستای ئێمە، لاوازی و نوقسانی سەرسووڕهێنەری نەگونجاو لەگەڵ نوێخوازی و مودێرنبوونی تێدا نییە. مودێرنبوون لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، یانی تاک یا دامەزراوەیەک، بزانێ و بتوانێ دەست بە کاتەوە بگرێ و زۆرترین سوود لە کات و کەرەستەی مادی و مەعنەویی بەردەستی خۆی وەربگرێ. کار بە تایبەتی لە دامەزراوەی حیزبیدا بەپێی پلان و بەرنامە بەڕێوە بچێ. هێزی ئینسانیی لاو و پڕوزە لە بێکاری و بێبەرنامەیی تووشی دڵساردی و سەر لێ ئەستووربوون نەبێ و کاتەکەی بە فێربوون و پێگەیشتن و کار و تێکۆشان، پڕ بکرێتەوە. توانا و ئیستیعدادەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە پەروەردە بکرێن و لە شوێنی خۆیاندا سوودیان لێ وەربگیرێ. ئەندامان، پێشمەرگەکان و کادرەکان وەها پەروەردە بکرێن کە تکنیک و شارەزاییەکانی پێویست بۆ کار و تێکۆشانی خۆیان فێر بووبن. بۆ بەدواداچوون و خەسارناسی و چارەسەریی کێشە و ئاریشەکانی نێو ڕێکخراو و لێپرسینەوە، سیستم هەبێ.

ئۆرگانیزم و پەروەردە و کولتووری حیزبی ئەگەر کارا و مودێرن و زیندوو و دەوڵەمەند بن، نابن بە ژینگەیەک بۆ سەرهەڵدانی ناوچەگەرایی و ململانێی دواکەوتووانەی تاکەکان و گرووپەکان لەگەڵ یەکتر و تاکپەرستی و تاقمبازی. کەسانی نەشیاو ناتوانن بە جەوسازی و باندبازی و دروشمدانی بێبنەما مەوقعیەت بۆ خۆیان دروست بکەن. حیزب ئەگەر لە قەوارە و بەڕێوەبەری و سازماندەهی و پەروەردە و لێپرسینەوەدا، مودێرن بێ، کەشوهەوا و بەستێنێکی پشتبەستوو بە ڕوونبێژی، پێشبڕکێ و ململانێ لە سەر توانا و ئیدە و پڕۆژە و بەرنامەی ڕوون، دەخوڵقێنێ. پێوەری گەشەی تاکەکان و بەرپرسایەتیی وەرگرتنیان لە هەیکەلی ڕێکخراوەییدا، توانا و ئامادەیی و لێهاتوویيەکانی خۆیان دەبێ نەک شتی دیکە.

هۆی ناسەرکەوتوویی حیزبی دێموکرات لە چارەسەریی ناکۆکیی نێوخۆیی و تووشبوونەوەی بە چارەنووسی لەتبوون و لێکدابڕان، دەگەڕێتەوە بۆ کۆنی و داتەپینی شێوازەکانی ڕێبەری و بەڕێوەبەری و خۆڕێکخستنەوە، هەروەها بەتاڵکرانەوەی کولتووری حیزبی لە نوێبوونەوەی ڕاستەقینە و ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتنی واقیعی و، پاشەکشە و نەمانی کارایی بەها و بنەما شۆڕشگێڕی و حیزبی و تەشکیلاتییەکان لە سۆنگەی ململانێی جەناحییەوە. لەتبوون و لێکدابڕان، ناهومێدی بوو لە چارەسەر و، ڕاکردن بوو لە کێشە و ململانێ لەگەڵ یەکتر لە چوارچێوەی حیزبێکدا، نەک چارەسەر دیتنەوە بۆ ئەو کێشە و گرفتانەی حیزبی دێموکراتیان نوقمی قەیران کردبوو. بەم پێیە، نوێبوونەوە و خۆنوێکردنەوەی سەرچاوەگرتوو لە ڕەخنە لەخۆگرتن و بەخۆدا چوونەوە و، باس و ڕاوێژی زیندوو و بە گوێرەی بەرنامە و پلان و، بەدوور لە دروشم و مەزایەدەی شەخسی، دەتوانێ باشترین چارەسەر بێ کە هەم یەکگرتوویی بۆ حیزبی دێموکرات بگەڕێنێتەوە، هەم حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو بۆ بەجێگەیاندنی ڕەسالەتی مێژوویی خۆی لە ئێستە و داهاتوودا، ئامادە بکا.

کوردستان
• ژمارە: ٧٤٥
١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ _ ٦ی مارسی ٢٠١٩

ئاریشەکانی کۆمەڵگە و نیگەرانییەکانی جەناب!

عەلی بداغی



جەنابی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی چەند ڕۆژ لەوە پێش لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ مەداحەکانی ڕێژیمەکەیدا دانی بە قوڵبوونەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان دانا و نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە خەسار و زیانگەلی ئەو دیاردانە نەشاردەوە و بەڕوونی و وەک ناوهێنان، ئاماژەی بە دابەزینی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، تەقینەوەی تەڵاق و سەرهەڵدانی دیاردەی نوێی «زەماوەندی سپی» کرد. دیارە جەناب هەر بە هەوای قەوانە کۆنەکە سەرچاوەی هەموو قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانیشی بۆ پیلانەکانی «دوژمن!» گەڕاندەوە و داوای کرد کە بەرپرسانی وڵات پتر لە خەمی! «لاو»ەکان و پیرۆزیی نەریتی «خیزان»دا بن و نەهێڵن «دوژمن» لەو بەستێنەشدا ئەوەندە ڕمبازێن بکا! پرسیار ئەمەیە کە چی گەردی خستووەتە سەر دڵی جەناب و بەچی ئاوا کەمێک هەڵچووە؟ با چاوێک بەو ئامارانەدا بخشێنین کە بەرپرسانی حوکمەتەی جەناب لە میدیاکاندا باسیان کردووە و چەند و چۆنیی ئامارە ڕاستەقینەکانیش _کە بێگومان زۆر لە ئامارە ڕاگەیەندراوەکان زیاترن و دەشبێ بێ نوقسانی بە گوێی جەنابیان گەیاندبێ_ با لەجێی خۆی بمێنێ. پێش هەموو شتێک دیاردەی «زەماوەندی سپی» کە گوایە جەنابیان پێی قەڵسن و لە زەوقیان دراوە. ژیانی هاوبەشی کچ و کوڕ بێ ئەوەی زەماوەندیان کردبێ

[لە ئێستادا ١٢ میلیۆن کەس لە ئێران ڕەبەنن، بەڵام بەهۆی کێشەی بێکاری، نیشتەجێبوون و قەیرانی ئابووری ناوێرن و ناتوانن خۆ لە وەرەی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش بدەن. خۆ ئەگەر بێتوو کۆمەڵێک لەوانیش بە یارمەتییە کاتییەکانی بنەماڵەکانیان ژیانی هاوبەش پێکبێنن، بەهۆی کێشە ئابوورییەکان پاش ماوەیەکی زوو لێک جیا دەبنەوە]

و لێک مارە کرابن و بەڵگەیەکی ڕەسمیی حکوومەتییان بە دەستەوە بێ، «زەماوەندی سپی»ی پێ دەڵێن. ئەم دیاردەیە لەگەڵ ئەوەدا کە لە ئێران کۆسپی قانوونیی لەبەردەمە و لەگەڵ شەرع و نۆرمە فەرهەنگی و ئایینییەکانی کۆمەڵیشدا نایەتەوە، بەڵام دیاردەیەکە کە ئێستا و بەتایبەت لە شارە گەورەکاندا گەلێ باوە و لەگەڵ لەکەمیدانی ژیانی هاوبەش و پەرەسەندنی تەڵاق تا دێ زیاتر ڕمێنی دەبێ. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا نەیانویستووە خۆ لە قەرەی ئەو باسە بدەن، بەڵام کاتێک کە ئیدی نە توانای پێشگرتن بە پەرەسەندنی و نە توانای شاردنەوەیان ما، لە ئاستی هەر سەرووی ڕێژیمدا _عەلی خامنەیی_ کاردانەوەیان لەسەری دەبێ و بە پیلانی ناحەزان و دوژمنانی ئێران، ئەویش بە مەبەستی هەڵتەکاندنی کۆمەڵگە و وڵاتی! ناو دەبەن. زەماوەندی سپی کە بە مانای کاڵبوونەوەی نۆرم و حەسساسییەتە ئایینییەکان و بەگژداچوونەوەی قانوونە حکوومەتی و هەروەها نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە، دەرەنجامگەلێ زۆریشی هەیە؛ وەک پەراوێزخرانیان لەلایەن بنەماڵە، سزای قورسی حەدی شەرعی بەپێی قانوونەکانی حوکمەت و هەروەها ئەو ناو و ناتۆرانەی لە کۆمەڵگەدا دەخرێتە پاڵ ئەوانەی ڕووی تێدەکەن و ئەم شێوازە لە ژیانی هاوبەش دەگرنە بەر. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە ملدان بەو بارودۆخە و قبووڵکردنی ئەم مەترسییانە لەپای چی و قازانج و زەرەرەکانی کامانەن؟ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن ڕاکردنی لاوانی ئێستا، لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی خێزان وای کردووە ڕوو بکەنە زەماوەندی سپی، چونکی هیچ دەروەستییەک لە گۆڕێدا نییە و کەی پێیان خۆش بوو دەتوانن کۆتایی بەو پێوەندییە بێنن؛ بەڵام کارناسانی کۆمەڵایەتی دەڵێن خۆی ئەمە سرینەوەی ئەسڵی بابەتەکەیە و لە ڕاستیدا خوێندنەوەی نیزامی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵات بۆ ئەم دیاردەیە، خۆدزینەوە و ڕاکردنە لە ئەرک و بەرپرسایەتی. ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن لە ئێستادا ١٢ میلیۆن کەس لە ئێران ڕەبەنن، بەڵام بەهۆی کێشەی بێکاری، نیشتەجێبوون و قەیرانی ئابووری ناوێرن و ناتوانن خۆ لە قەرەی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش بدەن. خۆ ئەگەر بێتوو کۆمەڵێک لەوانیش بە یارمەتییە کاتییەکانی بنەماڵەکانیان ژیانی هاوبەش پێکبێنن، بەهۆی کێشە ئابوورییەکان پاش ماوەیەکی زوو لێک جیا دەبنەوە. ئامارەکانی دەزگای قەزایی دەڵێن کێشەی ئابووری هۆکاری سەرەکیی نەسازان و جیابوونەوەی ژن و مێردەکان لە ئێرانە. هەروەها نیزیک بە دوو میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ڕەبەنی وڵات ئیدی پیرەکچ و پیرەکوڕن و لە تەمەنی ستانداردی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لایان داوە کە سێ لە چواریان ژنن. هەروەها کێشە و قەیرانە ئابوورییەکان، نەبوونی ئەمنییەتی کار و نەریتی دواکەوتووانە و لەسەرێبوونی چاوەڕوانییەکان کۆسپی زۆر گەورەن لەبەردەم توێژی ڕەبەنی کۆمەڵگە کە نەوێرن بە دڵنیاییەوە بیر لە پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش بەشێوەی قانوونییەکەی بکەنەوە؛ بەڵام تۆ بڵێی ئەمانە بۆ جەنابی خامنەیی گرینگ بن؟ ئەمجارەیان با بێینە سەر چەند ئامار و دیاردەیەکی دی؛ لە ئێستادا لانیکەم چوار میلیۆن کەس لە ئێران تووشبووی مادەی هۆشبەرن، سەدا ١١ی تووشبووان بە مادەی هۆشبەر ژنن، ٨ میلیۆن کەس گیرۆدەی خواردنەوە ئەلکۆڵییەکانن، سەروو ١٠٠ هەزار کەس هەڵگری ویرووسی (HIV) ئایدزن، سێ میلیۆن ژن سەرپەرستی خێزانن، نیزیک بە یەک میلیۆن ژن بەرهەڵدا و پەراوێزخراون، لە ساڵدا حەوت هەزار کچ لە ماڵ ڕادەکەن و نیزیک بە شەش هەزار کەس خۆیان دەکوژن، نیزیک ٦ میلیۆن کەس بەتایبەت لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیدا لە خوێندن وازیان هێناوە و لە پرۆسەی پەروەردە و فێربوون دابڕاون. لە نێوان ٢ تا ٣ میلیۆن منداڵی کار لەبەردەم مەترسیی جۆرەها زیانی کۆمەڵایەتیی دیکە دان و، تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٥ ساڵ دابەزیوە. دزی و تاوانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە سۆنگەی هەژاری لەچاو چەند ساڵی ڕابردوو سەدا ٣٠ زیادی کردووە. سۆنامیی هەژاری وای

[میراتی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە وڵاتێکی پڕ قەیران و تەواو نەخۆش. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەڵک هەژارتر دەبن و بێکاری هەر دەم زیاتر دەبێ و ئاکامەکەشی وەک گوترا لە هەڵکشانی تاوانکاری و سەرهەڵدانی زۆر دیاردەی وەک «گورچیلەفرۆشی و فرۆشتنی ئەندامانی دیکەی لەش»، «گۆڕخەوی»، «منداڵانی کار»، «لەشفرۆشی»دا خۆی دەردەخا]

کردووە نیزیک بە دوو میلیۆن کەس بۆ نانی شەویان دابمێنن و سەدا ٨٠ی خەڵکی ئێران هەژار و یەک لە سێی خەڵک لەژێر هێڵی هەژاریی ڕەهادا بن. فرۆشتنی ئەندامانی لەش بەتایبەت گورچیلە تەنانەت ئەویش بە نرخی زۆر کەم هەر دێ و زیاتر دەبێ. لە ساڵدا زیاتر لە ٣ میلیۆن پەروەندەی کەیفەری و ٢ میلیۆن پەروەندەی حقووقی لە دادگاکانی وڵاتدا دەکرێنەوە و، زیاتر لە ٣ میلیۆن پەروەندەش لە «شووڕاکانی حەلی ئیختلاف»دا بەدواداچوونیان بۆ دەکرێ. لە هەر ١٠٠ هەزار کەسی ئێران، ٢٠٠ کەسیان لە زیندان دان. زیندانەکانی ئێران بۆ زەرفییەتی ٥٠ هەزار زیندانی دروست کراون، بەڵام لە ئێستادا ٢٥٠ هەزار کەسیان تێ پەستاوتووە. کاربەدەستانی ڕێژیم نایشارنەوە کە لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە حەشیمەتی ئێران ٢ بەرامبەر بووە، بەڵام ئەژماری زیندانییەکانی ئێران بۆتە ١٠ بەرامبەر. لە نێوان چوار تا پێنج میلیۆن کۆچبەری ئێرانی لە ٢٢ وڵاتی دنیادا بڵاو بوونەتەوە کە یەک لە چواریان بڕوانامەی خوێندنی کارناسیی باڵا و دوکتوڕایان هەیە. لە ساڵدا لە ئێران نیزیک ٢٠ هەزار کەس بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەست دەدەن و نیزیک بە ٧٥٠ هەزار کەس بریندار دەبن. دۆخی شپرێوی کۆمەڵگەی ئێران لەژێر تیغی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بەوەندە نابڕێتەوە و میراتی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە وڵاتێکی پڕ قەیران و تەواو نەخۆش. لەسایەی سەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەڵک هەژارتر دەبن و بێکاری هەر دەم زیاتر دەبێ و ئاکامەکەشی وەک گوترا لە هەڵکشانی تاوانکاری و سەرهەڵدانی زۆر دیاردەی وەک «گورچیلەفرۆشی و فرۆشتنی ئەندامانی دیکەی لەش»، «گۆڕخەوی»، «منداڵانی کار» و «لەشفرۆشی»دا خۆی دەردەخا.

لە سایەی چوار دەیە سیاسەتی شەڕخوازی و پشتیوانی لە تێرۆریزمدا، وڵات کەوتووەتە بەر تیغی قورسترین گەمارۆکان و لەو سۆنگەیەوە خەڵک تووشی نەخوازراوترین دۆخ بوون؛ کار گەیوەتە جێیەک کە ئاماری خۆکوژییەکان چەند قات زیاتر ببێ و زۆر بنەماڵە ناچار بن کۆرپەکانیان بفرۆشن! تازە ئەم بارودۆخە لە حاڵێک دایە کە گەڕی نوێی گەمارۆکانی ئەمریکا هێشتا بەتەواوی کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران دانەناوە و بێگومان ڕۆژانێکی زۆر سەخت لە چاوەڕوانیی ئێران دایە، ئێرانێکی شەکەت و ماندووی بندەستی کۆماری ئیسلامی کە چوار دەیە لەوە پێش بە قۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکانی پاش شۆڕش توانی جڵەوی دەسەڵاتی وڵات بگرێتە دەست و، بە سەرکوت و سەپاندنی نیزامێکی سیاسیی توتالیتێر درێژە بە مانەوەی خۆی بدا. مێژووی ئەم شۆڕشە هێند دوور نییە و هێشتا خەڵکێکی زۆر ئەم ڕۆژانەیان لە بیرە. لە ئێران شۆڕش کرا بۆوەی مەودای هەژار و دەوڵەمەند نەمێنێ، شۆڕشگێڕەکان نووکە ڕمبی پەلاماریان لە «شا» گرتبوو. دەیانگوت شا بۆ خۆی لە کەشکەڵانی ئاسمان و لە کۆشکەکانیدا دانیشتووە و ئاگای لە خەڵکی بێ ئەنوا نییە کە لە قەراغ شارەکان بە چ هەناسەساردییەک ڕۆژ دەکەنەوە. شۆڕش سەرکەوت و شۆڕشگێڕەکان و یەک لەوان جەنابی خامنەیی کە ئێستا ڕێبەری ڕێژیمە، بناغەی نیزامێکیان داڕشت کە دروشمیان بۆ دەدا و خەڵک بۆ ئەو دروشمانە حەمەڕەزاشای پەهلەوییان لە تەختی شایەتی هێنایە خواری. چوار دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی تێپەڕیوە و کۆشکەکان هەر لەجێی خۆیانن، تەنیا کەسەکان ناویان گۆڕاون، شای پێشوو جلوبەرگی ڕازاوە و خەملاو بە میدال و نیشانی شایەتیی دەبەر دەکرد و ئەوەی ئێستا عەبا و مەندیلی هەیە و ئەنگوستیلەی نقیمداری لە دەست دایە ... خەڵکی ئێران هەژارتر و بێ ئەنواتر بوون و

[چوار دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی تێپەڕیوە و کۆشکەکان هەر لەجێی خۆیانن، تەنیا خەڵکەکەی ناویان گۆڕاون، شای پێشوو جلوبەرگی ڕازاوە و خەملاو بە میدال و نیشانی شایەتیی دەبەر دەکرد و ئەوەی ئێستا عەبا و مەندیلی هەیە و ئەنگوستیلەی نقیمداری لە دەست دایە]

مەودای دارا و نەدار لەو وڵاتەدا قەت ئەوەندەی ئێستا نەبووە، بەو جیاوازییە کە ئەوانەی دەوڵەمەندن و هەیانە، بەشی کەمی کۆمەڵگەن و هەژار و بەشمەینەتەکەش زۆرینەی ڕەهان. ئەم ئامارانە تەعبیر لە دۆخێکی هەستیار دەکەن کە دەکرێ ڕووخان و هەڵتەکانی کۆمەڵگەی ناو بنێین کە هەرەسهێنانی نیزامی سیاسیی وڵات بەدووی خۆیدا دێنێ. ئەوەی ئەمڕۆ لە هەموو کاتێ پتر ئاشکرایە ئەوەی کە نیزامی سیاسی نەک شەرعییەتی لای زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگە لە دەست داوە، بەڵکوو خۆیشی ئەوەی لە ئیدۆلۆژی و گوتار ماویەتی نیسێیەکی کاڵە و ئەوەی تۆخە تەنیا زەبروزەنگی دەزگای سەرکوت و مافیای دەسەڵاتە کە شادەمارەکانی ئابووریی وڵاتیان لە پاوان دایە و بۆ دواهەناسەکانی دیکەی خۆیان بەکاری دێنن.

***

سەردانی هەیئەتێکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دوانیوەڕۆی شەممە ٤ی ڕەشەمە هەیئەتێکی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز د. محەممەد هاودینانی، بەرپرسی دەزگای پێوەندییەکانی یەکگرتوو سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێک بە سەرپەرستیی بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشوازییان لێکرا.

هەیئەتی میوان سەرەتا بە وەبیرهێنانەوەی کارەساتی ١٧ی خەرمانان و مووشەکبارانی قەڵای دیموکرات ڕێزیان لە یاد و ناوی شەهیدانی ئەو کارەساتە گرت. دواتر دوکتور هاودینانی وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵییان لەم سەردانە باسی لە پێوەندیی دۆستانەی نێوان یەکگرتوو ئیسلامی و حیزبی دیموکرات کرد و بەڕێز مستەفا مەولوودیش وێڕای بە خێرهێنانی هەیئەتی میوان سپاسی خەمخۆری یەکگرتووی ئیسلامی و هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستانی بە نیسبەت کارەساتی ١٧ی خەرمانان کرد و لەو نێوەدا بە تایبەتی ڕێزی لە بەدەمەوە هاتنی خەڵکی شاری کۆیە گرت.

هەیئەتی هەردوولا دواتر چوونە سەرباسی بارودۆخی ئەوڕۆی کوردستان و ناوچەکە.

د. محەممەد هاودینانی لەو بەشەدا باسێکی لە دۆخی ئێستای کوردستان و ناوچەکە کرد، و بە ئاماژە بە دۆخی ناوچەکە کوتی ئەم ناوچەیە لە بەردەم گۆڕانکارییەکی جیددیدایە و پێویستە کورد لەم بوارەدا بە وشیارییەکی زۆرەوە تەعامول لەگەڵ ڕووداوەکان بکا و هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەر کامە و لە بەشی خۆیان لەو مەیدانەدا چالاک و هاوکاری یەکتر بن. ناوبراو باسێکی لە جموجۆڵە سیاسیەکانی ئێستای باشووری کوردستان و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نویی حکوومەت و هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامی لەو بارەوە کرد.

پاشان بەڕێز مستەفا مەولوودی وێڕای جەختکردنەوە لە هەموو ئەو ئەگەرانەی لەم ناوچەیەدا لە ئارادایە باسی لە پێویستیی کۆمەڵگای کوردستان بە یەکگرتوویی نێوان هێز و لایەنە سیاسیەکانی کورد لە هەموو قۆناغەکاندا کرد و گوتی هیچ لایەنێکی سیاسی بە تەنیا دەرەقەتی پەڕینەوە لەو قۆناغەی نییە و پێویستە هەموان پێکەوە یەکڕیز و هاوکار بن.

لەو کۆبوونەوەیەدا سکرتێری گشتیی حیزب بە ئاماژە بە دۆخی هەرێمی باشووری کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئومێدەوە چاو لەم هەرێمە دەکەن و بە هەموو سەرکەوتنەکانی خۆشحاڵ و بە مەترسیەکانی سەر ئێرە نیگەرانن. بەڕێزیان هەروەها باسی لە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە و بە تایبەتی عێراق کرد و ئاماژەی بەوە کرد هەتا کۆماری ئیسلامی درێژە بەو دەستێوەردانانە بکا نە خەڵکی ئێران لە ئارامی و ئاسایشدا دەبن نە خەڵکی وڵاتانی ناوچەکە، بۆیە پێویستە هەموو لایەک کار بۆ کورتکردنەوەی دەستی ئێران لەو ئاژاوەگێڕی و ئەو دەستێوەردانانە بکەن کە لە ناوچەکە دەیکا.

کۆبوونەوەی یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان

ڕۆژی دووشەممە، ٦ ڕەشەمە، شاندێکی یەکیەتیی دێموکرات کوردستان بە سەرپەرستیی سکرتێری ئەو حیزبە، بەڕێز عوسمان جەعفەری سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن شاندی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا مەولوودی، سکرتێری حیزب و شاندی حیزب پێشوازیان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا سەرەتا کاک مستەفا مەولوودی بە کورتی باسێکی لە پێوەندیی حیزبە کوردستانییەکان و پێویستی توندوتۆڵ کردنی ئەو پێوەندییانە، بەتایبەت لە بارودۆخی هەستیاری ئێستای ئێران و کوردستاندا کرد و تەئکیدی لەوە کردەوە کە دەبێ هەموو لایەک بەپێی سەنگ و قورسایی خوی هەوڵ بدا کە شوێندانەر بێ لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان و لەو پێناوەدا بەرژەوەندییە تەسک و حیزبییەکان وەلا بنێ.

پاشان شاندی میوان باسیان لە پێداگری خۆیان لە پتەوکردنی یەکریزی نەتەوەیی و هاوخەباتی حیزب و لایەنەسیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و تەکیدیان کرد کە تەنیا هاوخەباتی و هاوکاریی حیزبەکانە کە دەتوانی گەرەنتی سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی گەلەکەمان بێ.

هەرلەو دانیشتنە دا بەشداربوان ڕا و بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر بابەتەکانی ڕۆژ، بەتایبەت پەرەسەندنی نارەزایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ئەو تەنگژەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات لەگەڵی بەرەوڕوویە، هێنایە بەر باس.

د.ئاسۆ حەسەنزادە:

ئێمە وەک هێزە شوناسخوازەکان هەرگیز ناچینە نێو هیچ پلاتفۆرمێکەوە کە حاشا لە مافە ڕەواکانی میلییەتەکانی ئێران بکا

(قسەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران»)*

[ئەمڕۆ هیچ بەشێکی کۆمەڵگە و هیچ تەیفێکی ئۆپۆزیسیۆن و هیچ کەس بە تاقی تەنیا لە جێگە و پێگەی ڕێبەریکردنی گۆڕان یان نوێنەرایەتی کردنی هەموو کۆمەڵگەی گۆڕانخوازی ئێراندا نییە. ئەگەر کەسێکیش بە هۆکاری مێژوویی یا بە هەر هۆیەکی دیکە ئیدیعایەکی ئاوای هەبێ، ڕاست لەبەر میراتێکی مێژوویی کە بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ و بۆ بەشی بەرچاوی خەڵک لە ئێران بە تایبەتی میلییەتەکان زێهنییەت و ڕابردوویەک وەبیر دەخاتەوە کە گەڕانەوەی چیدیکە قبووڵ ناکرێ، هیچ شانسێکی نییە کە لەلایەن زۆرینەوە پێشوازی و پشتیوانی لێ بکرێ.

دۆستانی خۆشەویست!

لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزبایی بە هەموو ئەو کەسانە دەڵێم کە لە پێناو پێکهاتنی ئەم هاوپێوەندییەدا تێکۆشاون. لەگەڵ ئەوە کە ڕەوتی یەکگرتنی ڕێژەیی ئەوەندە ڕێکخراوەش لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێویستی بە گفتوگۆ و هاتوچۆی زۆر بووە و ڕەنگە چەند ساڵی پێ چووبێ تا گەیشتووینە ئەمڕۆ، بەڵام ئەوەی لە کاتی ڕاگەیاندنی دەسپێکی تێکۆشانی ئەم هاوکارییەدا دەبێ لەبەرچاومان بێ ئەوەیە کە ئەمە خاڵی گەیشتن نییە بەڵکوو تەنیا سەرەتای کارەکەیە. بە لەبەرچاو گرتنی قورسایی ئەو هێزانەی لەو هاوپێوەندییە دان و هەروەها کەیفییەتی لێکگەیشتننامەی نێوانمان، ئەم هاوپێوەندییە لە هەلومەرجی قەیراناوی و چارەنووسسازی ئێستای ئێراندا دەسکەوتێکە کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر خەباتی لەمەودوا بە دژی کۆماری ئیسلامی هەبێ بە مەرجێک کە سازوکاری بەکردەوەی لە هەموو بوارەکاندا لێ بکەوێتەوە و لە فکری فراوانکردنەوەی پێکهاتەکەی و پەرەپێدانی بنەماکانیدا بین.

چەند ڕۆژ پێش ئێستا سەرانی کۆماری ئیسلامی، چل ساڵەی هاتنەسەرکاری خۆیان کردە جەژن. کاتێک ئەوان بە دەسەڵات گەیشتن، ئەمن تازە هاتبووومە دنیا. هەربۆیە لە ئینقلاب و ئەوەی کە ئەودەم گوزەراوە هیچم لەبیر نییە. بەڵام نەسلی منیش باری هەمان ئەو دەرەنجامانەی هەڵگرت کە ئینقلاب بۆ باقیی خەڵکی ئێرانی بەدواوە بوو. ئەوەی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران لەو چل ساڵەدا لەدەست ئەو ڕێژیمە چێشتوویانە بۆ هەموان بە یەک ئەندازە و بە یەک شکڵ نەبووە؛ هەر کام لە ئێمە ئەو چل ساڵە ڕێگای خۆی بە شێوەی خۆی بڕیوە؛ تەنانەت بەشێک لە ڕەنجەکانمان بەتایبەتی بۆ ئێمە نەتەوە بندەستەکان ساختارین و لەژێر سایەی ئەو نیزام و ئەم نیزام هیچ فەرقی نەکردووە. بەڵام ئەمڕۆ هەموومان لەوەدا کۆک و هاوبەشین کە سەرچاوەی سەرەکیی درێژەکێشانی ڕەنجەکانمان مانەوەی کۆماری ئیسلامییە.

ئەوە کە قوربانییەکان هەموویان قوربانیی هەمان دەسەڵاتی سەرەڕۆ بن، نابێ ببێتە هۆی پشتگوێخستنی جیاوازیی نێوان قوربانییەکان. ئەگەر ئەوەمان وەک سووڕەتی مەسەلەکە قبووڵ بێ، پێویستە هەر ئەمەش دووڕەدیمەنی داهاتوو و ڕێگاچارەکانمان بۆ دیاری بکا. بەپێچەوانەی ئەوە کە هێشتا لە نێو تەیفێکی دیاری ئۆپۆزیسیۆندا هێشتا بەدی دەکرێ، بەخۆشییەوە هاوپێوەندییەک کە ئێمە دامانمەزراندووە هەردووکی ئەو خاڵانەی بەدروستی ڕوون کردوونەوە: یەکەم ئەوە کە ئەم نیزامە ئیسلاحهەڵگر نییە و، هەرجۆرە یەکگرتنێکی جیدی و پایەداری ئۆپۆزیسیۆن پێویستە بۆ تێپەڕین لە نیزامی ئێستا بێ؛ دووەم ئەوە کە یەکگرتنی ئێمە لەسەر بنەمای خاڵە هاوبەشەکانمانە وێڕای پاراستنی تایبەتمەندی و جیاوازییەکانمان.

ئەوە کە چۆن بوو کە لە کۆمەڵگەیەکی زیندووی وەک ئێران بە ئەزموونێکی سەد ساڵەی گەڕان بەدوای حاکمیەتی خەڵکدا دیکتاتۆرییەکی مەزهەبی بەو ماهییەتەوە هاتە سەر کار و لانیکەم چل ساڵیش درێژەی کێشا (دەڵێم لانیکەم چل ساڵ چونکە سەرەڕای پەرەگرتنی قەیرانە نێوخۆییەکان و ئیعترازاتی خەڵک و فشارە نێودەوڵەتییەکان هێشتا ڕوون نییە ئەم ڕێژیمە کەنگێ دەڕوا)، وڵامی هەموو ئێمە بەو پرسیارە کەم و زۆر یەک شتە. هەموومان لەسەر ئەو خاڵەش بۆچوونمان وەک یەکە کە لەنێو هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیمدا نەبوونی ئینسجام و یەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆن بە جۆرێک کە ببێتە هۆی ئالترناتیوێکی واقیعی کە بتوانێ بزووتنەوەکانی نێوخۆ بە ڕێگایەکی ڕووندا ببا، هۆکاری هەرە بڕیاردەرە. ئەمڕۆ هیچ بەشێکی کۆمەڵگە و هیچ تەیفێکی ئۆپۆزیسیۆن و هیچ کەس بە تاقی تەنیا لە جێگە و پێگەی ڕێبەریکردنی گۆڕان یان نوێنەرایەتی کردنی هەموو کۆمەڵگەی گۆڕانخوازی ئێراندا نییە. ئەگەر کەسێکیش بە هۆکاری مێژوویی یا بە هەر هۆیەکی دیکە ئیدیعایەکی ئاوای هەبێ، ڕاست لەبەر میراتێکی مێژوویی کە بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ و بۆ بەشی بەرچاوی خەڵک لە ئێران بە تایبەتی میلییەتەکان زێهنییەت و ڕابردوویەک وەبیر دەخاتەوە کە گەڕانەوەی چیدیکە قبووڵ ناکرێ، هیچ شانسێکی نییە کە لەلایەن زۆرینەوە پێشوازی و پشتیوانی لێ بکرێ. جیا لەوە کە سەردەمی خولانەوە بەدەوری یەک کەس یان یەک جۆر بیرکردنەوەدا بەسەر چووە و یەکێک لە هۆکارەکانی دووبارەبوونەوەی سەرەڕۆیی لە مێژووی ئێرانیشدا هەر ئەوەیە، ئینسجام و یەکگرتن و ئالترناتیو تەنیا کاتێک جێبەجێ دەبێ کە تەیفە جیاوازەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن بەدوور لە سنووربەندییە سیاسی و ئیدئۆلۆژی و مێژووییەکانی ڕابردوویان و بە تێگەیشتن لە بۆچوونی بەرامبەر و نیاز و پێویستییە جیاوازەکان یارمەتی بە زەرفیەتسازی و هەمەلاگیریی ئالترناتیو بکەن. ئەمەش تەنیا بە دووبارەکردنەوەی کۆمەڵێک قسەی جێکەوتووی گشتی لە بواری یەکسانی و هەڵنەواردن کە کاتی خۆی خومەینیش لە «نۆفل لۆشاتۆ»ش دەیکردن، وەدی نایە.

سروشتییە کە ڕێککەوتنی هەر ئێستا لەسەر هەموو شتێک و لەبارەی هەموو وردەکارییەکانەوە مومکین نییە. ئاساییە کە هەر لایەنەش ئامانج و بەهاکانی خۆی بخاتە ئەولەوییەتی بنەماکانی یەکگرتن. بۆ نموونە هێزێکی چەپ بە ئاسانی ناچێتە ژێر باری پلاتفۆرمێک کە بەهاکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی وەژێر پێ بنێ؛ یان ئێمە وەک هێزە شوناسخوازەکان هەرگیز ناچینە نێو هیچ پلاتفۆرمێکەوە کە حاشا لە مافە ڕەواکانی میلییەتەکانی ئێران بکا، بەڵام ئەوانەی بەڕاستی نیگەرانی پەرشوبڵاویی پوتانسییەڵی خەباتگێڕی و یەکگرتوویی داهاتووی خەڵکانی ئێرانن دەبێ بزانن کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا چ لە نێوخۆی کۆمەڵگەدا و چ لەسەر ئاستی هێز و لایەنە سیاسییەکان کۆمەڵێک گێتۆی سیاسی، میلییەتی، بەهایی، تەنانەت نەسلی و سینفی و چینایەتی دروست بوون کە تەنیا بە قازانجی مانەوەی کۆماری ئیسلامی تەواو بوون. خاڵی بەهێزی هاوپێوەندییەکەی ئێمە کە پێویستە لە گفتوگۆکانی لەمەودوای نێوان خۆمان و لەگەڵ تەیف و هەمایشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆندا زەقی بکەینەوە ئەوەیە کە ئەم هاوپێوەندییە هەروەک «شووڕای دێموکراسیخوازانی ئێران» کە ساڵێک لەمەوبەر هەر لەم ئاڵمانە دامانمەزراند، حاڵەتی پردێکی پێوەندی لە نێوان جەمسەر و ڕوانگە جیاوازەکانی هەیە.

ڕێککەوتننامەی هاوپێوەندی لە زۆر لەو مەوریدانەدا کە هێشتا ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەسەر ئەوان درێژە بە نالێکی و دابەشبوونەکانی خۆی دەدا، لەگەڵ ئەوەدا کە ئازایەتیی تابووشکێنی بەخەرج داوە، سیاسی و سازەندەش جووڵاوەتەوە. واتە فۆرموولەکانی بە جۆرێک داڕێژراون کە ئیمکانی سەنتێز و ئاشتکردنەوەی ڕوانگە جیاوازەکان دەهێڵێتەوە. ئەمن لێرەدا ئیشارە بە چەند نموونەیەک دەکەم:

یەکەم شت کە لە ڕوانگەی ئێمەوە بێگومان دەکەوێتە سەرەوەی هەموو شتێکەوە مەسەلەی نەتەوایەتی و ئایندەی پێکەوەژیانی نەتەوەکان، میلییەتەکان، گرووپە ئێتنیکەکان و کەمایەتییە مەزهەبی و زمانییەکان لە ئێران دایە. ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی ئەو چل ساڵەدا کە ئێئتلافێک لە جەریاناتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەڕوونی باسی هەقی دیاریکردنی چارەنووس و مافی یەکسانی میلییەتەکانی ئێران لە هەموو بوارەکاندا و یەکیەتیی ئازادانەی ئەوان دەکا و پێکەوە مانەوەی ئەوان لە نامەرکەزی و دابەشکردنی دەسەڵات لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکی فێدراڵی بە سروشتێکی سیاسیدا دەبینێ. هەموومان دەزانین کە ئەوە بۆ بەشی بەرچاوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئێستاش قابلی قبووڵ نییە. هەربۆیە پێشنیار دەکەم کە هاوپێوەندیی بەشێکی سازوکارەکانی خۆی بە کەلکوەرگرتن لە زەرفیەتە سیاسی و زانستییەکانی بەردەستی خۆی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێراندا تەرخان بکا. کەسانێک کە هێشتا گوێی بیستنی ئەو قسانەیان نییە و لە ئاوازەکانیاندا تەنیا یەک هەوا دەزانن کە ئەویش هەوای تەواوەتیی ئەرزی و ترسی لەبەریەک هەڵوەشانی ئێرانە، دەبێ بزانن کە ئینسانەکان و کۆمەڵگە مرۆییەکان لە هیچ چوارچێوەیەکدا هەتا سەر بەزۆری پێکەوە ڕاناگیرێن. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمن ئەوەم پێ باشە کە لێکگەیشتننامەکەی ئێمە مافی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی لەبەرچاو گرتووە، بەڵام بەبێ موبالغە دەتوانم بڵێم کە مەسەلەی نەتەوایەتی لەگەڵ هیچکام لە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەراورد ناکرێ. هەلومەرجی چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمی ئەو هەلومەرجانە هەمیشە دەکرێ گۆڕانیان بەسەردا بێ، ڕۆژێک سەرهەڵ دەدەن، گەشە دەکەن، دەگۆڕێن و سەرەنجام ڕەنگە ڕۆژێک لەنێو بچن. بەڵام یەکەیەکی ئێتنیکی کاتێک بە پلەیەک لە وشیاریی سیاسی گەیشت هەرگیز لەنێو ناچێ یا لانیکەم چەند سەد ساڵ یا تەنانەت مەودایەکی هەزار ساڵە و بگرە زیاتریش دەکێشێ هەتا گۆڕانی ناسنامەیی بەسەردا دێ. نەیارانی بەڕەسمی ناسینی فرەنەتەوایەتی لە بەستێنی گشتی و حکوومەتیدا دەبێ بزانن کە لە بەرامبەر واقعییەتەکانی مێژوو و کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێراندا تەنیا سێ بژارمان لەپێشە: ١): ئاسیمیلاسیۆن (تواندنەوە) کە هەروەک دەزانن لە سەد ساڵی ڕابردوودا لە ئێراندا بەکار هاتووە و سەرکەوتوو نەبووە و قەتیش سەرکەوتوو نابێ؛ ٢): دێموکراسیی چەند نەتەوەیی کە لەسەر هەر دوو کۆڵەکەی مافی هاووڵاتی و ڕێککەوتنی نەتەوەکان ڕاوەستابێ؛ ٣): پێکەوەژیانی بەزۆریی نەتەوەکان لە ڕێگای حکوومەتی ئاسنین و درێژەکێشانی سەرەڕۆیی.

ئێمە هەروەها دەبێ ئەو بڕوبیانووانەش بەرپەرچ بدەینەوە کە موخالفانی فێدرالیزم لە ئێران لەو سیستمەی دەگرن و دەڵێن دۆخی ئێران وەک هیچ کوێ نییە یان ئەوە کە گۆیا فێدرالیزم پەرە بە ئاقارەکانی دوور کەوتنەوە لە ناوەند و، گرژیی قەومی دەدا. لە جیهاندا زۆر وڵات هەیە کە وەزعییەت و پێکهاتەی ئێتنیکییان زۆر لە هی ئێران ئاڵۆزترە و بە فێدرالیش بەڕێوە دەچن. ئەگەر ڕاستە کە فێدرالیزم دەرفەتی ئەوە بە قەوارە نەتەوەییەکان دەدا کە سەرزەمین و کاروباری خۆیان بە سەربەستی بەڕێوە ببەن، بەڵام هاوکات ئەوان لە بەڕێوەبردنی هەموو وڵات و کاروباری هاوبەشیشدا یەکگرتوو دەکا. کەوابوو ڕەخنەی هەڵاتن لە ناوەند شتێکی ڕێژەییە. ئەگەر لە جێیەکیش گرژیی قەومی هەیە، ئەوە خەتای لامەرکەزی و فێدرالیزم نییە.

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەبێ بزانێ کە لە غەیری قبووڵی ڕێگاچارەیەکی بنیاتنەردا، بەشێوەی سروشتی ئاقارە ڕادیکاڵ و بەهەقەکان شکڵ دەگرن، بەهێز دەبن و درز و مەودای نێوان نەتەوەکان بەتایبەتی نەتەوەی کورد و باقیی کۆمەڵگەی ئێران هەر ڕۆژ زیاتر دەبێ. دۆستانی کوردم کە لێرەن دەزانن کە هەر جار کە ئێمە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا بەشدار دەبین دواتر توێژێکی گرینگی کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان بەتایبەتی لەنێو ڕووناکبیرەکان چاودێری و لێپرسینەوەمان لێ دەکەن کە ئایا بە هەمان ئەو باوەڕبەخۆبوونەی لە کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان و بە زمانی کوردی داکۆکی لە مافی نەتەوەی کورد دەکەین لە کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکان و بە زمانی فارسیش ئەو کارە دەکەین؟

لێرەدا پێم خۆشە بە کورتی باسی هێندێک لایەنی باشی دیکەی لێکگەیشتننامەکە بکەم بۆ ئەوەی ببنە تەوەر و هەوێنی کارەکانی داهاتوومان:

هەروەک لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئیدارەی ترامپ و کۆنفرانسی وارشۆدا دیتمان، جۆری مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی یەکێک لە بابەتەکانی جێگای ناکۆکی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دایە. بەداخەوە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی موخالفەتی خۆی لەگەڵ هەر جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ جیهانی دەرەوە بە ڕوانینێکی ئەوەندە پۆست کۆلۆنیالی و دژە ئەمپریالیستی و هێندێک جاریش بە ڕواڵەت پاتریۆتیستی دەردەبڕێ، کە قازانجەکەی یەکڕاست دەچێتە گیرفانی ڕێژیمەوە. بێگومان خەڵکی ئێران بۆخۆیان دەبێ ببنە هۆکاری گۆڕانکاری لە ئێران نەک لە ڕێگای دەستێوەردان و ئالتێرناتیوسازی لە دەرەوەڕا کە تازە لە گۆڕێش نین. بەڵام ئەمە نابێ بە مانای غافڵبوون لە گرینگیی فاکتەری نێودەوڵەتی بێ. ئەگەر قەرار بێ کۆماری ئیسلامی عامیلی ناوچەیی تا ئەو ئەندازەیە بۆ مانەوەی خۆی بەکار ببا، دەلیلێک نابینم بۆ ئەوەی ئەو لایەنانەی ئیدیعا دەکەن ببنە ئالترناتیوی ڕێژیم و ئەگەر سبەی ڕۆژ بوونە ئالتێرناتیو دەبێ پێوەندیی نێودەوڵەتییان هەبێ، لە ترسی تەبلیغاتی ڕێژیم و تۆمەتی شەڕخوازی و بەستراوەیی بە بێگانە مامەڵە لەگەڵ دنیای دەرەوە بە قازانجی خەڵکی ئێران نەکەن. لەڕاستیدا بەبێ دروستکردنی پێوەندی لەنێو بزووتنەوەی خەڵک و فشارە نێودەوڵەتییەکان کۆماری ئیسلامی ناڕوا.

لەمەڕ شێوازەکانی خەبات، بێگومان هەموومان پێمان خۆشە و پێمان باشترە تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە ڕێگای سیاسی و مەدەنی و بە کەمترین تێچووی ئینسانییەوە بێ. هەر لەو کاتەدا «هاوپێوەندی» دەبێ زۆر وریای ئەو پرۆژانەش بێ کە لەژێر ڕواڵەتی گۆڕانکاریی نەرمدا لە ڕاستیدا دەبنە هۆی درێژەکێشان و مانەوەی نیزام. لەلایەکی دیکەوە، بەڕاستی لە بەرامبەر ڕێژیمێک کە تا سەر ئێسقان تەیار و چەکدارە، ناتوانین مافی بەرگریی ڕەوا لە هیچ کەس بستێنین.

لەپێوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک پرسی وەک کێشەی چینایەتی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی کە دەکرا وەڵامێکی ئیدئۆلۆژیکمان بۆیان هەبێ، ئەمن بەڕاستی قەدرزانی لەو لایەنە چەپانە دەکەم کە لێرە لەگەڵمانن بۆ قبووڵی ئەو فۆرموولەی لەو بارەوە لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە. ئەو فۆرموولە جەوهەرێکی چەپگەرایانە و عەدالەتخوازانەی هەیە، بەبێ ئەوەی تووشی سەرێشەی هەڵبژاردن لەنێوان لیبزالیزم و سۆسیالیزم_مان کە جارێ کێشەی ئێمە ئەوە نییە، بکا. سەرەنجام لە بارەی پێوەندیی نێوان هەمگەرایی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە و بزوتنەوەی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، دەبێ بزانین کە ئەو دیوارە زەینی و عەینییانەی لەو چل ساڵەدا لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە و چالاکان و بەگشتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات دروست بوون، زیانی زۆریان بە مەشرووعییەت و ئاستی شوێندانەریی ئۆپۆزیسیۆن گەیاندووە. لەلایەکی دیکەوە، هەتا کاتێک مەرجەعیەتێکی سیاسی دروست نەبێ کە ئیعترازاتی خەڵک هیدایەت بکا، ناڕەزیەتییەکان بە هیچ کوێ ناگەن. دەشزانین کە بەهۆی داخراوی و سەرکوتی ڕێژیم ئەم مەرجەعیەتە بەزەحمەت لە نێوخۆی وڵات پێک دێ. هەربۆیە زۆر زەروورە کە هاوپێوەندی لە سازوکارەکانی بەکردەوەی خۆیدا ئەم پرسە لە سەرەوەی ئەولەوییەتەکانی خۆی دابنێ.

سپاسی سەرنجتان دەکەم.

* (هانۆڤەری ئاڵمان، ٢٣ی فێوریەی ٢٠١٩)

کوردستان
• ژمارە: ٧٤٥
١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ _ ٦ی مارسی ٢٠١٩

خالید حەسەنپوور:
سەڵتەنەت تەڵەب و مەشرووتەخوازەکان خاڵی هاوبەشیان حاشاکردن لە پرسی نەتەوەکانە و موجاهیدینیش ئامادەی هیچ هاوکاری و هاوپێوەندییەک نییە

دیمانە: شەونم هەمزەیی

[لە دوو حەوتووی ڕابردوودا هاوپەیمانییەکی نوێ پێکهاتوو لە دە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی دژبەری کۆماری ئیسلامی لەژێر ناوی «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران» دەسپێکی تێکۆشان و دەسبەکاربوونی خۆی ڕاگەیاند. حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وکۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران چوار لایەنی سیاسیی کوردن کە لەو هاوپەیمانییە نوێیەدا بەشدارن. «کوردستان» لە وتوێژێکدا لەگەڵ کاک خالید حەسەنپوور، بەرپرسی بەشی پێوەندییە ئێرانییەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات باسی لە چەندی و چۆنی پێهاتنی ئەو فۆرمە لە هاوکاریی حیزب و لایەنەکان و هەروەها هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردوە]

کاک خالید «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران» نوێترین هاوپەیمانییە کە لە لایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی پێک هاتووە، ئامانج لەو هاوپەیمانییە چییە و هێڵە گشتییەکانی کامانەن؟

هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی درێژەکێشانی دەسەڵاتەکەی، نەبوونی بەدیلێکی کارا و مەیدانییە. هەڵبەت گۆڕەپانی سیاسیی ئێران لە هێزی جۆراوجۆر و زۆر و زەوەندی ئۆپۆزیسیۆنی کەم نییە، بەڵام ئەوەی کە لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا کەمە و بۆتە هۆی بیمەی عومری، نەبوونی بەدیلێکی کارا و شوێندانەرە. ئامانج لە پێکهێنانی «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران» ئەوەیە کە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە. بەڵام سروشتییە کە هەتا گەیشتن بەو جێگایە، هەم کارێکی زۆری لە پێشە و هەم پێویستی بە سیاسەتێکی ڕاست و دروست و واقعبینانە هەیە. بەڵام ئەو یەکیەتییە لە ڕووی هێزەکانی پێکهێنەرییەوە، ماتەوزەی ئەوەی تێدا کە بە هاوکاری و یەکیەتیی بەکردەوە و، گوتار و سیاسەتێکی هاوبەش بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کارتێکەریی لەسەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان و داهاتووی ئێران هەبێ.

پەیماننامەکەی هاوپێوەندی لە پێشەکییەک و ١٤ خاڵ پێکهاتووە. لە پێشەکییەکەدا ئاماژە بە یەک سەدە تێکۆشانی پڕ لە هەوراز و نشێوی گەلانی ئێران و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری، ئازادی و یەکسانی و دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکان کراوە و پاشان بە سەرنجدان بە ساختاری دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا، کە لەسەر بنەڕەتی هەڵاواردن و تێکەڵکردنی دین و دەوڵەت دامەزراوە، هەروەها پەرێزێکی کە ئەو ڕێژیمە لەمەڕ پێشێلکردنی ئازادیی مافی مرۆڤ لەو ٤٠ ساڵەدا لە پاش خۆی بەجێی هێشتووە، لەسەر ئەو ئەسڵە کە ئەو ڕێژیمە قابیلی ئیسلاح نییە و دەبێ بڕووخێ پێداگری کراوە. کەوابوو مەسەلەی دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، بۆتە یەکێک لە ئەسڵە بنەڕەتییەکانی هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران.

هێڵە گشتییەکانی هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران چین؟

هێڵە گشتییەکانی ئەو هاوپەیمانییە دەکرێ لەو خاڵانەی خوارەوەدا کۆ بکەینەوە :

ئەلف_ لەمەڕ شوناس و مافی پێکهاتەکانی ئێران، پەیماننامەکە دان بەوە دادەنێ کە ئێران لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی وەک فارس، ئازەری، کورد، عەرەب، بەلووچ و تورکەمەن و، هەروەها هێندێک کەمایەتیی زمانی و مەزهەبیی دیکە پێک هاتووە؛ کە پێویستە شوناسی ئەو نەتەوانە و مافە میللی_ دێموکراتیکەکانیان بەڕەسمی بناسرێ و ئەسڵی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بۆ بەڕەسمی بناسرێ. وە لەسەر ئەو بنەڕەتە پێویستە سیستمی ناوەندگەرایی لە ئێرانی داهاتوودا جێگای خۆی بدا بە نیزامێکی وەک فیدراڵی کە تێیدا دەسەڵات و ئیمکاناتی ئابووری دابەش بکرێ.

ب_ لە بارەی ئازادی و مافی شارۆمەندی، جارنامەی مافی مرۆڤی و پەیماننامەکانی دیکەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕەسمی دەناسێ و، لە داهاتوودا بەڕێوەیان دەبا و هەر لەو پێوەندییەدا بۆ دابینکردنی ئازادیی سیاسی، ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوە و تەشکیلی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی تێ دەکۆشی و پێی پابەند دەبێ .

پ_ لەمەڕ یەکسانی و بەرابەری، پەیماننامەکە، باوەڕی بە مافی وەکوو یەکی بۆ ژنان و پیاوان هەیە و، هەرجۆرە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی، مەزهەبی و میللی ڕەد دەکاتەوە و، بۆ دابینکردنی ئیمکانی بەرابەری وەک کار و شوغڵ، مەسکەن، لەشساغی و پەروەردە لە کۆمەڵگەدا تێ دەکۆشێ .

ج_ پەیماننامەکە پێ لەسەر ئەو ئەسڵە دادەگرێ کە لە حکوومەتی داهاتوودا پێویستە دین و دەوڵەت لێک جیا بن و شکڵ و شێوەی نیزامی داهاتوو پارلمانی بێ و ئەسڵی دەستاودەست کردنی دەسەڵات ڕەچاو بکرێ و، دەنگی خەڵک یەکەم سەرچاوەی شەرعییەتی نیزامی داهاتوو بێ .

وەک باست کرد نەبوونی بەدیل بووەتە هۆی ئاسوودەیی و تەمەندرێژیی ڕێژیم و ئاماژەت بەوە دا کە کۆماری ئیسلامی ئۆپۆزیسیونی زۆرن. دەکرێ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە کورتی پۆلێن بەندی بکەی؟

با لە پێشدا بڵێم کە حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن زۆرن، بەڵام سەرجەم دەکرێ کۆی ئۆپۆزیسیۆن بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش بکەین؛ ئەلف: سەڵتەنەت تەڵەب و مەشرووتەخوازەکان ب: ڕەوتە کۆماریخوازەکان، پ: حیزب و ڕێکخراوی سەربە نەتەوەکانی ئێران (فیدراڵی خوازەکان). دیارە ئەگەرچی سەڵتەنەت تەڵەب و مەشرووتەخوازەکانم وەک توێژێکی لێکنیزیک دەستەبەندی کردوە، بەڵام لە کردەوەدا ئەو دوو تەیفە جیاوازییان زۆرە کە جیاوازییەکەیان لەسەر جۆری سیستمی پاشایەتی لە ئێران دایە. لە کاتێکدا سەڵتەنەت خوازەکان پێدادەگرن لەسەر دەسەڵاتی بێ ئەملاوئەولای ڕەزاشا وەک پاشای داهاتووی ئێرانە، بەڵام مەشرووتەخوازەکان کە خۆیان بە ڕێبواری ڕێگای شۆڕشی مەشرووتە دەزانن، باوەڕیان بە سنووردارکردنی دەسەڵاتی پاشایەتییە و لەو بارەوە لایەنگری یاسایەکی بنەڕەتین کە ١١٠ ساڵ لەمەوبەر لە شۆڕشی مەشرووتەدا ڕاگەیەندراوە. ئەگەرچی تەیفی مەشرووتەخواز لەو دواییانەدا یاسایەکی بنەڕەتیان نووسیوە و بەگوێرەی ئەوە دەیانهەوێ لە سەڵتەنەت خوازەکان نیزیک ببنەوە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ نیشانەیەک لە یەکیەتی لە نێوانیاندا نابیندرێ. پێویست بە گوتنە کە خاڵی هاوبەشی هەردووک توێژ، دژایەتییە دەگەڵ شوناس و مافی نەتەوەکان لە ئێراندا.

کۆماریخوازەکان توێژێکی بەربڵاوترن، کە پێک دێن لە لایەنە چەپ، سۆسیالیستەکان، سۆسیال دێموکراتەکان و هێندێک لایەنی نیشتمانی (میللی). کۆماریخوازەکان باوەڕیان بە نیزامی پاشایەتی و مەشرووتە نییە و، پێیان وایە نیزامی داهاتوو پێویستە کۆماری و پارلمانی بێ. ئەو توێژەش لە ڕووی پێکهاتە و جیهانبینییەوە هەتا ڕادەیەکی زۆر لێک دوورن.

هەروەها لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە بەشێکی بەرچاو لە چەپ و سۆسیالیستەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێک ڕێک کەوتبوون، لێک جیابوونەوە و ئێستا بە سێ بەش دابەش بوون. لەسەر یەک بەشێک لەو توێژە باوەڕیان بە سیستمێکی ناوەندگەرا نییە، بەڵام لە هەمان حاڵیشدا باوەڕیشیان بە نیزامێکی فیدراڵی نییە. لە نێو ئەو تەیفی کۆماریخوازانەدا لایەنەکانی چەپ بە هێندێک جیاوازییەوە، ڕوانگە و بۆچوونیان لەمەڕ حەلی مەسەلەی نەتەوەکان لە ئێراندا لەوانی دیکە باشترە. ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقیش دەبێ لە ڕیزی توێژی کۆماریخوازان دەستەبەندی بکرێ. ئەو ڕێکخراوە بەهیوایە کە بۆ دەورانی گوزەر لە کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی کاتیی شەش مانگە، بە ڕێبەرایەتیی مریەمی ڕەجەوی دابمەزرێنێ. پاشان دەرفەت بدا بە خەڵک تا نیزامێکی کۆماری بە دەنگی خەڵک هەڵبژێرێ. دەگەڵ ئەوەی موجاهدین ماوەیەک لەمەوبەر لە بارەی پرسی شوناس و مافی نەتەوەکان لە ئێراندا، هەڵوێستێکی ئیجابی گرت، کە بەپێی ئەو هەڵوێستە دانی بە فرە نەتەوەبوونی ئێران و مافی خودموختاری بۆ پێکهاتەکانی ئێراندا نا، بەڵام لە کردەوەدا هەتا ئێستا هیچ ئیستعدادێک بۆ نیزیک بوونەوە لە لایەنەکانی سەربە نەتەوەکان لەخۆی نیشان نادا. ڕێکخراوی موجاهدین، نەک لە ڕیزی سەڵتەنەت و مەشرووتەخوازەکان بەڵکوو لە ڕیزی کۆماریخوازانیشدا کە خۆی لەو توێژە بە حیساب دێ، ئامادەی هیچ جۆرە هاوکاری و هاوپێوەندییەک نییە .

هۆکاری سەرەکیی پرشوبڵاوی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە چیدا دەبینی؟ ئایا هەر کۆماری ئیسلامی کۆسپ بووە، یان ڕوانگە و تێگەیشتنەکانیش لەوەدا دەور دەبینن؟

وڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە. لەبەر ئەوەی هەروەک لە پرسیاری دووەمیشدا ئاماژەم پێکرد، زۆر لایەن بۆ وێنە سەڵتەنەتخواز و مەشرووتەخوازەکان، یان لایەنە چەپ و سۆسیالیستەکان، هەرچەند لە ستراتیژیدا لێک دوور نین، کەچی هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەش لێک کۆوە بن. تەنانەت چەند ساڵێک شاهیدی پرۆسەیەک بووین لە نێو چەپەکاندا بەناوی پرۆسەی وەحدەتی چەپ. کەچی کاتێک سەری گرت، چەند لایەنێک حازر نەبوون بەهەر هۆیەک بچنە ژێرباری ئەو وەحدەتە و، لە جیاتی یەکیەتی، جیابوونەوەیکی تریش لە نێویاندا ڕووی دا. کەوابوو هۆکاری جیاوازیی تێڕوانین، هەرچەند لەو جودایی و تەوەلایەدا دەور دەبینێ، بەڵام بە بڕوای من مەرجێکی سەرەکیش نییە بۆ پرشوبڵاوی لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا. من پێم وایە ئۆپۆزیسیۆن وەک نەخۆشێک وایە کە لەدەست دەردێکی سەرەکی دەناڵێنێ و، ئەو نەخۆشییە سەرکێشە، چونکی عیلاج نەکراوە، بۆتە سەرچاوەی گەلێک وردە نەخۆشیی تر. گرفتی بنەڕەتی لە کولتووری سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن دایە کە عیبارەتە لە تەکئاژۆیی و خۆ بەتەوەرزانین. ڕەگ و ڕیشەی ئەو شێوە بیرکردنەوەیەش، لە لایەک دەچێتەوە سەر دیکتاتۆرلێدراویی ئێران لە درێژایی مێژوودا و نەدیتنی ڕووی دێموکراسی و، لە لایەکی دیکەوە بۆ باکگراوندی شوێنیستی لە ئێراندا. ئەگەر بۆ نەبوونی یەکیەتی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی بە ئیستیلاح سەرانسەریدا، هۆکاری یەکەم دەور دەبینێ، بۆ یەکیەتی لە نێوان لایەنە سەرانسەرییەکان دەگەڵ لایەنەکانی نەتەوەیی لە ئێراندا، هەردووک فاکتۆر دەوری بنەڕەتی دەبینن. دەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا هۆکاری فیکری، سیاسی و ئیدئۆلۆژیکیش، وەک ژێرکۆ دەوریان لە پەرتەوازیی ئۆپۆزیسیوندا هەیە .

لەمەڕ بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، دەبێ بڵێم کە هەرچەند کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ کۆسپ نییە لەسەر ڕێگای یەکیەتی لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا بەڵام ناڕاستەوخۆ کارتێکەری لەسەر یەکڕیزی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی هەیە. شاراوە نییە کە درێژەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی بەرچاوی ئۆپۆزیسیۆن تووشی بێهیوایی ببێ، لە جیاتی سیاسەتێکی لێبڕاو و شوێندانەر، ڕێگای ئیسلاح و نەرمئاژۆیی بگرێتەبەر و لەو بارەوە بۆتە ژێرکۆی جیناحەکانی نێو حاکمییەت و ئەوەش بە نۆرەی خۆی بۆتە هۆی کێشە و ناکۆکی لە نێوان ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن، کە باوەڕی بە ڕووخانی ڕێژیم هەیە دەگەڵ ئەو بەشەی کە بڕوای بە ئیسلاحی ڕێژیم هەیە.

دەمەوێ بپرسم لە ئێستادا سەنگ و قورسایی هێزە کوردییەکان لە نێو ئەو هاوپەیمانیانە چۆنە کە لە دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ داهاتووی ئێران دروست دەکرێن؟

ئەوەی پێوەندی بە سەنگ و قورسایی هێزە کوردییەکانەوە هەیە، دەکرێ بڵێین سەرەڕای جیابوونەوە و لەتبوون لە نێو ئەو هێزانەدا، ڕێکخراوترین و ئەکتیوترین بەشی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پێکدێنن. ئەوە ئەگەر لە لایەن هێزە بەئیستیلاح سەرانسەرییەکانەوە ئینکار دەکرا، پاش مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و مانگرتنە مێژووییەکەی هاوینی ڕابردوو، بۆ هیچ لایەنێک شاراوە نییە. بەڵام بە سەرنجدان بەوەی کە بەشێکی زۆری لایەنەکانی فارس حازر نین قەبووڵ بکەن پرسێک لە ئێراندا هەیە بە ناوی پرسی نەتەوەکان، چ لایەنە کوردییەکان بەهێز بن و چ لاواز، ئامادەی نیزیک بوونەوە و هاوکاریکردن دەگەڵ لایەنە کوردییەکان نین .

لە بارەی جێگە و پێگەی لایەنە کوردییەکان لە دوو هاوپێوەندیدا هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە شۆڕای دێموکراسیخوازانەوە هەیە، تەنیا دوو لایەنی کوردی کە بریتین لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، تێیدا بەشدارن. کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای دامەزرانی ئەو یەکیەتییەوە وەک هێزێکی دامەزرێنەر دەوری بەرچاوی تێدا هەیە. لەمەڕ :هاوپێوەندی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران» کە دوو حەوتوویە مەوجوودیەتی خۆی ڕاگەیاندوە، چوار لایەنی کوردستانی (حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران» تێیدا بەشدارن. بێجگە لەو چوار لایەنە کوردییە، سێ لایەنی سەربە نەتەوەکانی دیکەی ئێران کە بریتین لە عەرەب، بەلووچ و ئازەری سێ لایەنی سەرانسەریش بەشدارن و لایەنە کوردییەکان لەو نێوەشدا لایەنی سەرەکیی نێو یەکیەتییەن .

کورد و لە نێو کوردا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بەرە و هاوپەیمانییانەدا بەدوای چیدا دەگەڕێ؟

سروشتییە کە هەر لایەنێکی کوردی ڕۆژهەڵات ئامانج و بەرنامە و مەبەستی خۆی هەیە لە پێکهێنانی یەکیەتی دەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن. هەتا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، ئەو حیزبە هەم لە کۆنگرە و هەم لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا، پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە پێویستە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆندا چالاک و ئەکتیڤ بێ. سروشتییە بە سەرنجدان بەوەی کە بارودۆخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر دێ و بەرەو خراپی زیاتر دەچێ، زەروورەت و پێویستی یەکیەتیی بەکردەوە لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا دەبێتە شتێکی حاشاهەڵنەگر. بێجگە لەوانە بە سەرنجدان بە جموجۆڵە سیاسییەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن و بە تایبەتی ئەو بەشەی باوەڕی بە چارەسەریی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا نییە و، بە دید و ڕوانگەیەکی تەواویەتخوازانەوە تەماشای قەزیەی شوناسی پێکهاتەکانی ئێران دەکا، پێویستیی هاتنەگۆڕ و هاتنە پێشی بەدیلی فیدراڵیخواز لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆن گرینگییەکی زۆری هەیە. بۆ ئەوەی ڕێگا لەوە بگرین کە لایەنە تەواوییەتخوازەکان بەسەر کەشی سیاسیی ئێراندا زاڵ بن و شەقڵ لە ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان بدەن و بەو جۆرە دەنگی نەتەوەکان کپ کەن. بۆیە گرینگیی ئەو هاوپێوەندییانە لەوە دایە کە لە لایەک ناهێڵێ پارسەنگی هێز بەسوودی ئەو بەدیلانە بگۆڕدرێ کە هەوڵی کپکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران دەدەن و، لەلایەکی دیکەوە بە هێنانی چەمکەکانی وەک فیدراڵی و فرەنەتەوەیی بۆ نێو پەیماننامەکان و بە ئیمزا گەیاندنیان لە لایەن لایەنە سەرانسەرییەکان، تابۆی تەواوییەتخوازی لە ئێران دەشکێنن. ئەگەر لەو قۆناغەدا چەمکی فیدراڵی و فرەنەتەوەیی نەهێنینە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی ئێرانەوە، سبەینێ کە ڕێژیم ڕووخا و چووینەوە نێو کۆمەڵگەی ئێران، لە ڕێگەی هەڵبژاردن و ئەقەلییەت و ئەکسەرییەتەوە بەو ئامانجە ناگەین.

لە بنەڕەتدا ئایا کۆدەنگییەک لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەیە لەسەر گوتاری هاوبەش لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن، لەسەر فۆرموولەکردنی ویست و داخوازییەکانی کورد و لەسەر دەربەستیی ئەو هێز و لایەنانە؟

هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە پەیوەندی و هەڵسوکەوتی هەریەک لە لایەنەکانی کوردی ڕۆژهەڵات دەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە هەیە، هەر لایەنەی بەجیا پێوەندییەکانی خۆی دەگەڵ بەرامبەرەکەی تەنزیم دەکا. هەرچەند لە نێو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بەئیستیلاح سەرانسەریدا، حەساسیەتەکە بە نیسبەت ئەحزابی کوردییەوە ئەوەندە زۆرە، کە ڕەنگبێ کەم لایەنی کوردی هەبێ کە سەرەڕای ئەو حەساسییەتانە هەوڵ بدا بە هەموو قیمەتێک دەگەڵ لایەنەکان بەتایبەتی تەواوییەتخوازەکان پێوەندی دابمەزرێنێ. بەڵام بەو حاڵەش لێرە و لەوێ شاهیدی ئەوەین کە جاروبار لایەنێکی کوردی بەبێ پاراستنی پرەنسیپ و بەرژەوەندە گشتییەکان و تەنانەت هی خۆی دەگەڵ هێندێک لایەنی تەواوییەتخواز دادەنیشێ و، یان دیهەوێ بچێتە نێو سازوکارێکەوە کە هیچ یەک لە مافەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی بەڕەسمی نەناسیوە .

بەڵام هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە بوونی هێزە کوردییەکان لە نێو دوو یەکیەتییەکە دایە، بۆ پرسە سەرەکییەکان و سیاسەتە کەلانەکان هەتا ڕادەیەک هاوبیر و هاوبۆچوونین. بەڵام هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە کاری عەمەلی و دابەشکردنی دەسەڵات و نەخشەوە هەیە، هەر لایەنەی بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆی دەچێتە پێش. من پێموایە پێویستە لایەنەکانی کوردی ڕۆژهەڵات کە لە ناوەندی هێزەکانی کوردی دان، لەسەر هێندێک خاڵ کە پێوەندی بە بەرژەوەندییەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە، ڕێک بکەون و بەپێی ئەوە هیچ لایەنێک بۆی نەبێ کە بە کەیفی خۆی و بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەگەڵ لایەنە سەرانسەرییەکان ڕێک کەوێ .

کاک خالید سپاس بۆ بەشداریت لەم دیمانەیەدا

سپاس بۆ ئێوەش شەونم خانم

دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دێکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

بە منداڵێکەوە لە بەندی دوژمندا

مەعسوومە ئەحمەدپوور

ئەمن مەعسومە ئەحمەدپوور ساڵی ١٣٣٩ لە ئاوایی گوێجگەلی سەر بە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لەدایک بووم. ساڵی ١٣٥٨ لەگەڵ محەممەد شەهرەوان کە خەڵکی گوندی برایماباد بوو، ژیانی هاوبەشمان پێک هێنا و بەرهەمی ئەم ژیانەمان ٤ منداڵە، کوڕێک و ٣ کچ.

هەر ئەم ساڵەی شووم بە شەهرەوان کرد، ئەو هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە. ساڵێک دواتر گوندەکەمان لەلایەن سپای پاسدارانەوە دەستی بەسەردا گیرا و، ئەوە بووە دەسپێکی ژیانی ئاوارەیی ئێمە. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە درندانەترین شێوە لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەتایبەت ئەو ناوچانەی وا پێشمەرگەیان تێدا بوو؛ هەڵسوکەوتیان دەکرد. ئێمەش لەو ئازار و ئەزیەتانە بێبەش نەبووین و، هەر بۆیەش بۆ ماوەیەکی کاتی ئەوێمان بەجێهێشت و ڕوومان لە شاری بۆکان کرد. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا هەتا هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات بوو، گونداوگوند و شارەوشارێکی زۆرمان کرد.

دواتر کە خەباتی پێشمەرگانە لە شار و دێهاتەکانی ڕۆژهەڵات پاکشەی پێکرا، بنەماڵە حیزبییەکان لە ناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان جێگیر ببوون، بنەماڵەی ئێمە لەگەڵ بنەماڵەی شەهید وەستا ئەحمەد لە هەڵەبجە بووین. دوا بە دوای هاتنی سپای پاسداران بۆ هەڵەبجە لە ساڵی ١٣٦٦ و گرتنی ئەو شارە، لەگەڵ ئەوین (خێزانی وەستائەحمەد) و ئێران (خێزانی کاک عوسمان خورشیدی) پێکەوە چووینە ماڵی ناسیاوێک. لەوێ بووین کە شاری هەڵەبجە بە بۆمبی شیمیایی لێی درا و ئێمەش بە هەڵات هەڵات و بە نێو جەنازەی خەڵکیدا وەڕێ کەوتین بۆ دەرەوەی شار. ئێستاش وەبیرم دێتەوە دیمەنێکی ترسێنەر و دڵتەزێن بوو کە قەت قەتم لەبیر ناچێتەوە. وێڕای ئەو هاوڕێ ژنانەی وا لەگەڵم بوون و هەرکاممان منداڵ بەدەست، ئەمن لەگەڵ ئەوەی ڕزگاری کوڕم لەگەڵ بوو، دووگیانیش بووم. ئیدی بەو دۆخە نالەبار و دڵەڕاوکێیە هەرچۆنێکی بوو خۆمان گەیاندە بنکەیەکی پێشمەرگەکانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان. لەوێ کە زانییان خەڵکی ڕۆژهەڵاتین یەک لە پێشمەرگەکان ڕێنمایی کردین و بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێیان کردین. لە پاوە و دوای پشکنین و لێپرسینەوەیەکی زۆر هێزەکانی ڕێژیم بۆیان دەرکەوت کە ئێمە بنەماڵەی پێشمەرگەین و دەسبەجێ دەستبەسەریان کردین. ئەو کاتی کە لە زیندانی شاری پاوە بووین، فڕۆکە شەڕکەرەکانی حوکمەتی بەعس بۆمبارانی زیندانی شاری پاوەیان کرد. ئێمە بەرنەکەوتین بەڵام زۆر زیندانیی دیکە شەهید و بریندار بوون. لەو بشێوییەدا کە دۆخەکە ئاڵۆز ببوو و دیواری زیندان ڕووخابوو، دەمانەویست هەڵێین، بەڵام ناشارەزا بووین و هەر بۆیەش لەوێ ماینەوە و دوایە بەڕێی زیندانی ورمێیان کردین کە بۆ ماوەی ٦ مانگ و نیو لەوێ ماینەوە. لەو ماوەیەدا بە دەیان جار چاویان دەبەستین و دەیانبردینە ژووری لێپرسینەوە و دەیانپرسی: لە بۆکان کێ دەناسی هاتوچۆی مێردەکەتی کردبێ؟ مێردەکەت زۆرتر دەچووە ماڵی کێ لە گوندەکان؟ ئەو ماڵانەی جێگای سازمانییان بوو، لە کوێ بوون؟ پێت خۆشە مێردەکەت خۆی تەسلیم کاتەوە؟ مێردەکەت چ جۆرە خواردنێکی پێ خۆشە؟ زۆر دەخەوێ؟ ناوی ئەو کەسانەی کە هاوکاریی مێردەکەتیان دەکرد، چین؟

ڕۆژێکی ئەمن و ئەوین و ئێرانیان بانگ کرد و، لەوانی دیکەیان جودا کردینەوە و سواری ماشێنیان کردین و بردیانین. دوای چەند سەعات ڕۆیشتین دایانبەزاندین و بە چاوی بەستراوەوە بردیانینە ژوورێک، دوایە زانیمان زیندانی شاری بۆکانە. لەوێش بە هەمان دەستووری پێشووتر هەموو ڕۆژێ بە چاوی بەستراوەوە دەیانبردمە ژووری لێپرسینەوە و، دیوێک کە تەختێکی بزماڕڕێژی لێبوو دەیانگوت ئەگەر وڵامی ڕاستمان نەدەیەوە دەبێ لەسەر ئەو تەختەیە ڕاکشێی. من حاشام لە هەموو شتێک دەکرد و ئەوانیش بە کابل لێیان دەدام. زۆر جاران پێیان دەگوتم ئەوە محەممەدیان کوشتووە دەبێ بێی، تەمەشای جەنازەکەی بکەی، هێندێک جار دەیانگوت محەممەد خۆی تەسلیم کردۆتەوە و ئێستا دێ بۆ لات. ئەوین خێزانی وەستا ئەحمەد چونکی بۆخۆی پێشمەرگە بوو، پتر لە ئێمە ئەشکەنجە دەدرا.

جاشێکی لێ بوو بەناوی «حوجەتی» خەڵکی ساینقەڵا کە خاڵی بە دەستی پێشمەرگە کوژرابوو، زۆری ئەزییەت دەکردین هێندێک جار لە ڕزگاری کوڕمی دەدا و وەگریانی دەخست.

تا ماوەی یەک مانگ خزم و کەسمان نەیاندەزانی ئێمە لە کوێین، زۆر جاران جنێو و قسەی سووکیان پێدەکوتین، کەسێک لە زیندان چاوی بە ئێمە کەوتبوو و بە ماڵێی ڕاگەیاندبوو، جا ئەو جار دایکم و بابم و خەزوورم هاتنە چاوپێکەوتنمان.

ڕۆژێکی سەربازێکی کورد بە هێواشی بانگی کردین گوتی ئێوە کێن ناوی مێردەکەتان بڵێن. ئێمە دەترسایین بەڵام هەموو پێمان گوت، کە زانی بنەماڵەی پێشمەرگەین زۆرمان بۆ چاک بوو. بەنهێنی میوە و شتی بۆ دەهێنایین و دەیگوت نابێ کەس بزانێ و نابێ ئاسەواری میوەکەتان بەجێ بێڵن، زۆریشی هەوڵ دا کە دەرەتانی ڕاکردن لە زیندانمان بۆ بڕەخسێنێ، بەڵام بۆی جێبەجێ نەبوو. ڕووداوێکی زۆر ناخۆش، ئێستاش کە وەبیرم دێتەوە و دەمخاتە گریان؛ ڕۆژێک نەرمین و نەسرینی کچمیان هێنا بۆ ملاقاتم. کە چاوم پێیان کەوت ویستم لە باوەشیان بگرم و ماچیان بکەم بەڵام نەیانهێشت. هەر لە دوورەوە هەم ئەوان و هەم من دەگریاین، نازانم چۆن نەمردم! دوای ٣ مانگ مانەوەمان لە زیندانی بۆکان بردیانینەوە زیندانی ورمێ و دوای چەند ڕۆژێک بانگیان کردم و سواری ماشێنیان کردم. زۆر دەترسام. هێنایانمەوە زیندانی بۆکان و بە زەمانەت و دانانی بارمتە تەحویلی براکەم درام. دیارە هۆکارەکەی ئەوە بوو کە دووگیان بووم و کاتی منداڵبوونم بوو، سەرباری ئەوەش حەوتووی ڕۆژێک دەبوو بچم و ئیمزا بدەم. ڕۆژێک کە چووم بۆ ئیمزاکردن پاسدارەکان زۆر خۆشحاڵ دیار بوون وێنەیەکیان نیشان دام. گوتیان ئەوە دەناسییەوە؟ کە چاوم پێی کەوت تەرمی شەهید وەستا ئەحمەد بوو. بەخۆم نەبوو دەستم کردە گریان. گوتیان ئەوە بۆ وەستا ئەحمەد دەگری کە کوشتوومانە؟ خەزوورم لەگەڵ بوو گوتی نا بۆ دەردی خۆی دەگری...

لە دوای شەهیدکرانی وەستا ئەحمەد مەترسیی گیرانەوەم لەسەر بوو. بۆیە لەو ماوەیەدا زۆر ئاوارە بووم و ژیانێکی تەواو نەهێنیم هەبوو. هەتا بریار درا ماڵ و منداڵی پێشمەرگەکان بنێرن بۆ سەردان و بەو بۆنەیەوە بتوانن پێشمەرگەکان بێنەوە و خۆ ڕادەست بکەن. لە نیوەی ڕێگا و لە شوێنێک گوتیان نابێ بچن بۆ سەردانیان و دەبێ بگەڕێنەوە. لەوێ بریاری خۆم دا و بە ناشارەزایی و بە چوار منداڵەوە ڕووم لە سنوور کرد هەتا گەیشتمە بنکەی حیزب لە ڕانیە و لەوێ لەگەڵ محەممەد بە دیداری یەکتر شاد بووینەوە و،

عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

ئەوە کە تا ئێستا مەسەلەی میللی لە ئێران چارەسەر نەبووە لەبەر ئەوە نییە کە ئەم پرسە بە دێموکراسی چارەسەر نابێ، لەبەر ئەوەیە کە دێموکراسی نییە لەم وڵاتەدا

(دەقی قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە کۆڕیادی ٤٠ ساڵەی میتینگەکەی١١ی ڕەشەممەی مەهابادا)

ئەم کاتەتان باش!

سڵاو لە ئێوە، لە هەموو تێکۆشەرانی حیزب و، هەموو تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی. سڵاو لە هەموو خەڵکی کوردستان، لە نێو ئەواندا بەتایبەتی سڵاو لە زیندانییانی سیاسی سڵاو لە بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی و، سڵاو بنەماڵەی شەهیدان، سڵاوێکی تایبەتیتر بۆ ئەو پۆلە ڕەفیقەی کە دەبوو ئەمڕۆ لەنێومان بن، بەڵام لە یەک ساڵی ڕابردوودا چ بە تێرۆر و دەستی غەدر و خەیانەت، لە نێومان ڕۆیشتن و چ لە وڵاتانی دوورەدەست، لە هەندەران؛ دوور لە وڵاتەکەیان سەریان نایەوە. ئەو ڕۆژەی کە یادی دەکەینەوە بە حەقیقەت ڕۆژێکی تاریخییە. ئەگەر ئەمن ڕۆژەکان ڕیز کەم، ئەمە دەبێتە سێیەم ڕووداوی گەورە لە تاریخی حیزبی دێموکراتدا؛ یەکەم ڕووداو و دایکی هەموو ڕووداوەکان، دامەزرانی حیزبە. دووەم ڕووداو دامەزرانی کۆماری کوردستانە _لەگەڵ ئەوەی ڕووداوی گەورەی دیکە زۆر بوون_، بەڵام سێیەم ڕووداو، ئەم میتینگەیە. چونکی ئەوە لەدایکبوونەوەیەکی دیکە بوو بۆ حیزبی دێموکرات و بۆ هەموو بزووتنەوەی کورد. بۆیە دەسخۆشی دەکەم لە ڕێبەریی حیزب کە بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا، سپاسیش دەکەم کە هەرچەندە نەفەس و دەنگی من زۆر خراپە، بەڵام ئەو مەئموورییەتەیان بەمن سپارد. سەرەتا پێم خۆشە بڵێم کە ئەو میتینگە بۆ پێک هات. ئەو میتینگە پاش هێندێک لێکدانەوە پێک هات و، عیللەتی پێکهێنانەکەی دیارە ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، بەڵام ئەویان بۆ؟ هەدەفی دیکە لە پشتەوەی ئەو ئیعلانە هەبوون. پێش هەموو شتێک حیزبی دێموکرات ڕاستە قەت لە خەبات نەوەستابوو، بەڵام زیاتر لە سی ساڵ بوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا حزووری نەبوو. بەبێ شک بە نەبوونی وەسائیلی تەبلیغاتی _ئەوەی کە ئێستا لە دەستماندا هەیە_، تاریکاییەک بەسەر سیاسەتەکان و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتدا کشابوو. ئەو وەخت کەسانێکی زۆر کەم لە خەڵکی کوردستان دەیانتوانی لەگەڵ حیزبەکە پێوەندییان هەبێ و، نوختەنەزەرەکانی حیزب بزانن. بۆیە پێویست بوو لە ڕۆژێکی وادا حیزب جارێکی دیکە خۆی بناسێنێتەوە و، بە خەڵکی بڵێ ئەمن چیم. شتێکی دیکە دەتوانم بڵێم: هەڵسەنگاندنی قووەت بوو. حیزبی دێموکرات دەیویست و دەبوو خۆی تاقی بکاتەوە کە بایی چەندە. خۆ تەنیا تاریخ کافی نییە، ئەوەی کە دەڵێ: ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لە خوانە؛ بزانین ئەمڕۆ چەندین. ئامانجێکی دیکە نیشاندانی مەوقعییەتی حیزبی دێموکرات نەک هەر بە جمهووریی ئیسلامی، بەڵکوو بە دۆستانیشمان بوو. لەبیرمان نەچێ دەوروبەری دوو حەفتە پێش ئەو ڕۆژەی بوو کە داوایان کردبوو دوکتور قاسملوو لە دیداری نێوان نوێنەرانی کورد و نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی دەر بکرێ، چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتە! کە هەر لەوێدا گوتبووی: «هەر بۆیە دەبێ لێرە بم چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتم؛ ئێوە نازانن حیزبی دێموکرات چییە.» دەبوو ئەوەی بە خەڵکی نیشان دەین، حیزبی دێموکرات سیاسەتەکانی چین، نفووزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا چۆنە. هەر لەو کاتەدا هەدەفێکی دیکە ئەوە بوو کە خەڵک دەعوەت بکرێ بە هاوپێوەندی، هاوپێوەندییەک لە نێو خۆیاندا و هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان. دەعوەت لە هێزە سیاسییەکان بکرێ هەموویان چ کوردستانی چ ئێرانی _ئەو وەختی هێزی سیاسیی کوردستانیمان لەواقیعدا بەشێوەیەکی پەرشوبڵاو و وردە سازمان هەبوون غەیری حیزبی دێموکرات، چونکی حەتتا کۆمەڵە بەو سووڕەتەی کە ئێستا هەیە، دوو مانگ یان زیاتر لە دوو مانگ لە دوای ئەو وەختە ئیعلانی مەوجوودیەتی کرد-، دەمانویست لە ڕۆژێکی ئاوادا و بەئاشکرا دەعوەت لە ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامییش بکەین کە ئەو سیاسەتەی سیستمی پاشایەتی لە ماوەی لانیکەم ئەو پەنجا ساڵەی ئەخیردا گرتوویەتە پێشێ، ئەوە نەگرێتە پێشێ و، یەکێک لە ڕیشەدارترین موشکلاتی جامیعەی ئێران کە مەسەلەی نەتەوایەتی و بەتایبەتی مەسەلەی کوردە چارەسەر بکا. پێمان وابوو ئەگەر ئێمە داوای موجەویز لە جمهووریی ئیسلامی بکەی، ڕەنگە بە چەند مانگ و بە چەند ساڵ جواب وەربگرینەوە، ئیحتمالی ئەوەش کە جوابەکەمان جوابێکی مەنفی بێ و بڵێن نەخێر نابێ زۆرە، بەڵام لێکمان دایەوە ئەگەر ئێمە ئێستا ئیعلانی خەباتی ئاشکرا بکەین لە شەرایەتی ئەوڕۆدا ڕێژیمێک کە تازە هاتۆتە سەر کار و، بە شوعاری مەردوومییەوە دەستی پێکردوە؛ وا بە ئاسانی ناتوانێ ئەوەی هەڵوەشێنێتەوە. بۆیە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئێمە ناومان لێ نەنا «ڕاگەیاندنی خەباتی قانوونیی حیزبی دێموکرات»، ناومان لێنا «خەباتی ئاشکرا». یەعنی بێ منەت لە دەوڵەت؛ ئەوە بە حەقی قانوونیی خۆمان دەزانین و لە حەقی خۆمان ئیستفادە دەکەین. کەمێکمان گوێ لە قسەکانی دوکتور قاسملوو بوو -ئەمن داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر قسەکە کەمێک درێژ بۆوە_ پێم خۆشە کەمێک ورد بچمە سەر ئەو باسەی، چونکی قسەکانی دوکتور قاسملوو _کە نووسیبوونی و لەگەڵ هەموو تواناییەکانی بە ئەندامانی ڕێبەریی ئەو وەختی نیشان دا، دیارە ڕێبەریی ئەو وەختی هێندێکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون و هێندێکیشیان نا، کە یەکێک لەوان بۆخۆم بووم بەڵام کۆمیتەیەکمان هەبوو کە ڕەنگە زۆر لە هاوڕێیان بزانن بەناوی زاگرۆس، ڕێبەریی ڕەسمی ئەو وەختی، زاگرۆس بوو- ئەو وتارەی بە هەمووان نیشان دا و، ئەگەر نەزەراتێکیش هەبوو هەموویانی گونجاند. جا ئەو وتارە لەڕاستیدا مانیفێستی حیزبی دێموکرات بوو و، دیدگای حیزبی دێموکرات بوو بۆ ئێرانێک کە لە پێشماندا هەیە. ڕەنگە جارێکی دیکە بێمەوە سەر ئەو قسەیەی. ناخۆشە کە ئێستەیش بەئاکام نەگەیشتووین، بەڵام ئەو بەرنامەیە کە لەوێدا ئیعلان کرا؛ بۆ ئەمڕۆکەش هەر تازەیە. فەلسەفەی ئەو وتارە ئەوە بوو کە عەلارەغمی هەموو مولاحەزەیەک کە لەسەر جمهووریی ئیسلامی بوومانە، حیزبی دێموکرات ئەرزشی ئەو سەرکەوتنەی گەلانی ئێران دەزانێ، ئەو ڕاپەڕینە، بە ڕاپەڕینێکی پیرۆز و بە دەسکەوتی خەباتی دەیان و سەدان ساڵەی هەموو میللەتانی ئێران نەک هەر بڵێم کوردستان دەزانێ. لەو بارەیەوە دەزانین حیزبی دێموکرات و میللەتی کورد نەزەرێکی تایبەتتر هەبوو لە هەمووانیان. کاتێک بەختیار هاتە سەر کار هەمووان دەستیان کرد بە جنێودان بە بەختیار، هەم ئێرانییەکان هەم حەتتا کوردەکانیش –»بختیار بختیار، نوکر بی اختیار»- ئێمە گوتمان: نابێ قسان بە بەختیار بڵێین، چونکی هاتنەسەرکاری خومەینی و موبارەزە دەگەڵ خومەینی زۆر گرانتر و پڕهەزینەتر لە خەبات دژی بەختیارە. بۆیە نەک تەعریفی بەختیار بکەین، بەڵکوو بێدەنگەمان لێکرد، تەنانەت وەختێکی بەختیار هێندێک قسەی لە دژی ئامانجەکانی گەلانی ئێران کردن، ئێمە بە ڕێگای مەرحوومی یەحیاخانی سادق وەزیری _برای سارمەدینی سادق وەزیری کە ساڵی پێشوو فەوتی کرد_ پەیاممان بۆ نارد کە ئەو قسانە چین؟ بۆ پێی وایە دەوران هەر دەورانی شایەکانی قەدیمە؟ ئەو عوزری هێنایەوە، گوتیشی تیکرار نابێتەوە _ئینسافەن قەتیشی تیکرار نەکردەوە_. ئەوە یەکێک لە خەتەکان بوو. خەتی دیکە ئەوە بوو کە ئێمە دێموکراسی و ئازادی لە وڵاتەکەماندا تەجرەبە دەکەین؛ چونکی ئەو وڵاتە لەگەڵ دێموکراسی، لەگەڵ ئازادیی بەیان، لەگەڵ تەعەدود و ... بێگانەیە. ئیعلانی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەموو نفووزێکی کە هەیەتی، خۆی بە حاکم و ساحەبی کوردستان نازانێ، بەڵکە ئازادیی بیر و ئەندیشە بۆ هەموو حیزبە سیاسییەکان نەک هەر بەڕەسمی دەناسێ بەڵکوو دابینیش دەکا، ئیعلانی ئەوە بوو کە ئێمە دەمانهەوێ دەگەڵ گەلانی ئێران پێکەوە بژین، چونکی هەتا ئێستا تەجرەبەی ئێرانیش و وڵاتانی دیکەش کە کوردستانیان تێدایە ئەوەمان پێدەڵێ کە نازانم بۆ مەرحەلەیەکی چەند درێژ و چەند کورت، بەڵام جارێ دیسانەکە مەرحەلەی پێکەوە ژیانی ئەو میللەتانەیە؛ قۆناغی ئەوە کە میللەتی کورد بڵێ ماڵە خۆم دەکەم جارێ نەهاتوە. جا ئەگەر تەماشای قسەکانی دوکتور قاسملووی بکەین ئێستاش بۆ فێربوون دەبن. هەر ئەو بەشەی گوێمان لێ بوو؛ لە پێشەوە ڕوو لە خەڵکی دەکا، سڵاویان لێ دەکا، خۆ دەکرێ وەکوو ئێستێ ئەمن گوتم بڵێ سڵاو لە هەموو خەڵکی کوردستان، بەڵام دەڵێ سڵاو لە زیندانیان، سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدان، سڵاو لە کرێکاران، لە جووتیاران، لە بازاڕییان، لە کارمەندان، لە مامۆستایانی ئایینی، لە عەشاییری نیشتمانپەروەر و هتد، هەمووان وەبیر دێنێتەوە، دەیانخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بڵێ بەڵێ کۆمەڵی ئێمە لەوانە پێک هاتووە. ئەوانە هەموویان ساحەبی قەزیەن و دەبێ شەریک بن هەم لە خەباتدا هەم لە مەسئووولیەتدا هەم لە عەینی حاڵدا لە سەڵاحیەتدا و لە ئەرکدا. هەروەها پەیام دەنێرێ بۆ گەلانی ئازادیخوازی ئێران، بۆ گەلانی ئێران، بۆ کەمایەتییەکان! گوێتان لێ بوو، مەسیحییەکان و ... تەواویان ناو دێنێ؛ بۆ ئەوەی هەموویان خۆیان لە پەیامی حیزبی دێموکراتدا ببینەوە. پاشان دێتە سەر ئیعلانی خەباتی ئاشکرا، لە پێشەوە دیسان سڵاو لە خەباتی پێشووی دەکا، لە بیرتان بێ؛ چەندە بەجێیە. ئەگەر زەمانی لێ دەرکەین دەسکەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی مۆدێرنی کورد لە هەموو ساڵەکانی پێش ٥٧ حەتا بە زەمانی جمهووریشەوە، بەقەد ئەو خەبات و قوربانیدانە نابێ، بەقەد نیوەشی نابێ کە لەو چل ساڵەیدا بوومانە، بەڵام پێمان دەڵێ ئەوە ئازایەتیی ئێمە نییە، تاریخ ئەمڕۆکە دەست پێناکا، ئەوەی ئەوڕۆکە دەیبینین حاسڵ و بەرهەمی خەباتی دەیان و سەدان ساڵەی ئەو میللەتەیە؛ جا لە هەر فۆرمێک و میتۆدێکی خەباتدا بووبێ. دوایە باسی هەڵوێستە سیاسییەکانی دەکا. خۆ جودا ناکاتەوە، میللەتی کورد جودا ناکاتەوە، چونکی دەیهەوێ پەیامی دۆستی

←

و ئاشتی بنێرێ. ڕێک دەڵێ خەڵکی ئێمە بەڕێبەرایەتیی خومەینی لەگەڵ حوکوومەت _خەڵکی ئێمە یانی خەڵکی ئێرانێ_ تا ئێستا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێناوە؛ بەڵام بە هاوپێوەندی، بە هاوکاری دەتوانین سەرکەوتنی زۆر لەوە گەورەتر بەدەست بێنین. ئەگەر بە زمانێکی دیکە بڵێم ناڵێ کوردستان و ئێران، دەڵێ کوردستان و گەلانی دیکەی ئێران یا کوردستانی ئێران، ئێران لە کوردستان جودا ناکاتەوە؛ تا هەڵوێستێکی بەرامبەر بە هەموو حاکمییەتی ئێران و بەرامبەر بە هەموو گەلانی ئێران و سازمانە سیاسییەکانی نەگرتبێ. بەڵام هەر لەو کاتەدا دەڵێ: «نابێ ڕێگا بدرێ کۆنەپەرستی جارێکی دیکە زیندوو ببێتەوە، نابێ ڕێگا بدرێ دیکتاتۆری لە هەر شکڵ و شەمایلێکدا نوێ ببێتەوە.» بە زمانی سیاسەت، بە زمانی حیکمەت بە جمهووریی ئیسلامی دەڵێ دیکتاتۆریی تۆش هەر وەک دیکتاتۆریی شای وایە؛ کەوابێ ئەگەر ئەومان قبووڵ نەکرد ئەتۆش قبووڵ ناکەین. لەبیرمان نەچێ کە لەو وەختەدا سەڵتەنەتتەڵەبەکان فەعال بوون، بەنیازی گەڕانەوە بوون بۆیە لە گەڕانەوەی پاشماوەکانی ڕێژیمی پاشایەتییش هوشدار دەدا. تەئکید لەسەر دێموکراسی دەکاتەوە و دەڵێ بەبێ دێموکراسی مافەکانی گەلی کورد وەدی نایەن. جارێکی دیکە لە کۆبوونەوەیەکی چووکەڵەتردا گوتم: ئێستە ئێمە مەقوولەیەکمان هێناوە مەسەلەی کورد بە دێموکراسی حەل نابێ، چونکی ئێمە لە ئێرانێدا ئەقەلییەتین. بەڵێ ئەگەر موجەرەد تەماشا بکەی ئەو جوملەیە ڕاستە، بەڵام ئەگەر بە دێموکراسی نەبێ ئەدی بە چی؟ دەتوانین بۆخۆمان بەدەستی بێنین؟ دەتوانین بەرامبەر بە هەموو گەلانی ئێران ڕاوەستین؟ کوردستان بپچڕین؟ بەڵێ هەروایە بەبێ دێموکراسی مەسەلەی کورد چارەسەر نابێ، مەسەلەی میللی چارەسەر نابێ؛ ئەوە کە تا ئێستا چارەسەر نەبووە لەبەر ئەوە نییە کە دێموکراسی خراپە، لەبەر ئەوەیە کە دێموکراسی نییە. مەسەلەن لە وڵاتێکی سۆسیالیستیدا کە تێزی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاش حاکم بوو، لە وڵاتێکی وەکوو چێکۆسلۆڤاکیدا کە دوو میللەتی لێ بوون، چێک دوو بەرابەری سلۆواکەکان بوو، دوو مەجلیسیان هەبوون، یەکیان مەجلیسی نوێنەران بوو، کەبە تەبیعەتی حاڵ چێکەکان دوو بەرابەری سلۆواکەکان نوێنەریان هەبوو، بەڵام یەکێکیان مەجلیسی نەتەوەکان بوو، هەردووکیان بەقەد یەکیان نمایەندە هەبوو و، هیچ بڕیارێکی گرینگی نەتەوایەتی نەدەدرا ئەگەر لەو مەجلیسەیدا پەسەند نەکرابا؛ لە نەتیجەدا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئەو دوو میللەتە وەک یەک بوون. تەنانەت نوکتەیەکیان ساز کردبوو یان بە قەول جۆکێک، دەڵێ: لە کابرایان پرسی ئەتۆ ڕەییسی ئەو کارخانەی، تکنیکت خوێندوە؟ گوتی نەوەڵڵا. پرسییان ئەدی تەجرەبەی کارت زۆر بووە؟ گوتی== نەوەڵڵا. دەی چۆن بووی بە ڕەییسی کارخانەیەکی ئاوا گەورە؟ گوتی ئاخر ئەمن سلۆواکم، دەبێ بەشی خۆم پێ ببڕێ. یانی بەو ئەندازەیە. کەوابێ زۆر تەئکید دەکاتەوە کە بەبێ دێموکراسی وەدەستمان ناکەوێ، لە پاشان دەوڵەتێکیش ناتوانێ دێموکرات بێ ئەگەر مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر نەکا، چونکی مەسەلەی نەتەوایەتی ڕوکنێکی هەرە بنەڕەتییە بۆ دێموکراسی. یا لەو وەختەدا بەتایبەتی، کە بە باوەڕی من ئێستاش هەر بەجێیە پیاو بزانێ دەڵێ چی هێرش دەکاتە سەر ئەوانە کە تۆمەتی جیاوازیخوازی یان بەقەولی فارسەکان تەجزیەتەڵەبی لە کورد دەدەن. دەڵێ ئەوانە بۆیە وا دەڵێن کە میللەتی کورد بترسێ و لە ترسی ئەوەی پێی بڵێن تەجزیە تەڵەب، خەبات نەکا و داوای مافەکانی خۆی نەکا. دەڵێ بەڵام خراپ حاڵی بوون، میللەتی کورد لەسەر داوای مافەکانی خۆی سوورە، لەعەینی کاتیشدا دەڵێ لە هەموو کوردستانی ئێراندا حیزبێکی سیاسیی جودابییخواز نییە و بەڕاستیش ئەو وەختە نەبوو. ئێستێ هەمانن بەڵام ئەو وەختی ئەوەشمان نەبوو. پاشان ڕوو بە گەلانی ئێران دەڵێ: ئێمە دەرەتانی ئەوەمان هەیە یەکیەتییەکی پان و بەرین پێک بێنین، ئامانجی هاوبەشمان زۆرن، یەکیەتییەکی وا کە هەم ماف و ئازادییەکانی هەموان دابین بکا هەم وەکوو وڵاتێکیش سەربەخۆیی ئەو وڵاتەی، سەلامەتی سنوورەکانی ئەو وڵاتەی بپارێزێ. هەموویان دەعوەت دەکا بە هاوکاری. بەوەندەش ڕازی نابێ، بەرنامە دەدا بە دەوڵەت! دەوڵەت دەبێ بەرنامەی ئابووریی هەبێ، بەرنامەی ئابووری بۆ پێشخستنی وڵات بەقازانجی بەتایبەتی کۆمەڵانی خەڵک، ئەو بەشانەی جامیعەکە مەحرووم لە خێروبێری وڵاتەکەی خۆیان. ئەو وەختی وەکوو ئێستا نەبوو مەسەلەی زەوی و زار لە کاردا هەبوو، ئیسلاحاتی ئەرزیی شای، بە نیوەچڵی ڕۆیبوو و تەواو نەکرابوو. تەئکید لەسەر ئەوەی دەکاتەوە کە دەبێ زەوی و زار دابەش بکرێ، چۆنیش؟ بەو جۆرە دابەش بکرێ نەک ساحەب ملکەکە بە بەرتیل زەمینەکان بۆخۆی بگرێ. دەڵێ بەو جۆرەی دەبێ دابەش بکرێ زەوی بۆ ئەو کەسە بێ کە بۆخۆی کاری لەسەر دەکا، نەک سەرمایەدارێکی گەورە بتوانێ هەزاران و دەیان هەزار هێکتار زەوی بکڕێ جا ئەوجار کۆمباینی بۆ بێنێ و تەراکتۆری بۆ بێنێ و ڕەنێوی بێنێ. دەڵێ دەبێ سەعاتی کاری ڕۆژانە و حەوتووانە بۆ کرێکار دیاری بکرێ، تا ساحەبکار نەتوانێ کرێکار بە قازانجی خۆی و بە ئیشتیای خۆی بچەوسێنێتەوە. یانی لەواقعدا خەتێک بۆ دەوڵەتیش دادەنێ کە ئێرانیم و دەبێ حەقم هەبێ بڵێم دەوڵەتەکە چۆن بێ. ئاوا خەت بۆ ئەویش دیاری دەکا. یان باسی سیاسەتی دەرەوە دەکا، دەڵێ ئێران دەبێ لە پەیمانە نیزامییەکان بێتە دەرێ، سیاسەتێکی بێلایەن و غەیرەموتەعەهید بەئەستۆ بگرێ کە لەگەڵ هەموو وڵاتان دۆستایەتی بکا، پێوەندیی سالمی هەبێ بەبێ ئەوەی دەخالەت لە کاروباری هیچیاندا بکا یان هیچیان دەخالەت لە کاروباریدا بکەن. باسی دەسەڵات دەکا، دەڵێ ژاندارمری و شارەبانی ئیدی نابێ بەشێوەی ڕابردوو بن، کوتەک بن بەسەر خەڵکییەوە بەڵکوو دەبێ ئەو دوو هێزە ئەمنییەتی و ئینتیزامییە لە ئیختیاری ئەو شۆڕایانەدا بن، کە خەڵک بە دێموکراسی هەڵیان دەبژێرێ. ئەوەی لە قانوونیشدا لە هەموو قانوونەکاندا دەڵێ: ژاندارمری ئالەتی ئیجراییە بە دەستی قانوونەوە، داوای ئەوەی دەکرد. دەڵێ دەبێ ئەرتەشی کۆنەپەرستی شای هەڵوەشێ، ئەرتەشێکی گەلی لە جێگەی دابمەزرێ و، نابێ پادگانەکانی لە نێو ژن و منداڵی خەڵکی دابنێ، پادگانەکان _مادام ئەرتەش وەزیفەی سنوورپاراستنە_ دەبێ لە نیزیک سنوور بن، دوور لە هاووڵاتیان. لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا سەربازێکت چاو پێ ناکەوێ، ئەوەندە لە ئاوەدانییەکان دوورن، تەنانەت ئەفسەرێک کە دەچێتەوە مەرەخەسی بە لیباسی ئەفسەرییەوە ناچێ. سەرەنجام دێتە سەر کاری خۆمان و دەڵێ: ئێمە موهیمترین سیلاح کە لەبەر دەستمان دایە، تەشکیلاتە. دەبێ تەشکیلاتێکی پتەومان هەبێ و، ئەندامانی حیزب دەبێ ئەو بیروباوەڕە سیاسییە کە حیزبەکەیان هەیەتی، بەرنە نێو خەڵک. زۆر جار ئەو قسەیەی دووپاتە دەکردەوە و دەیگوت ئێمە سێ عامیلی قووەتمان هەیە؛ دوویمان کامیلن –کامیل بە مەعنای موتڵەق نا- یەکیان، سیاسەتێکی ئوسوولی و ڕاستە کە دەگەڵ واقعییات دێتەوە، ئەوەمان هەیە. ئەوی دیکەیان پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکە، خەڵکمان لەگەڵە –ئەوەندە بەسە لە ئینتخاباتێکی ئازاددا و لەو جێیانەی وا ڕەئیەکان خوێندرانەوە و دەرچوون حیزبی دێموکرات ٨٢٪ی ڕەئیەکانی کۆ کردەوە-. دەڵێ بەڵام عامیلی سێیەم، پێوەندیی نێوان ئەو سیاسەتە و ئەو کۆمەڵانی خەڵکەیە، دەڵێ ئەوەمان زەعیفە، دەبێ کاری لەسەر بکەین؛ چونکی ئەگەر ئەو حەڵقە پێوەندییە ئەو دووانە پێکەوە وەسڵ نەکا خۆ سیاسەت دروست بێ یا دروست نەبێ فایدەی نییە، خەڵک خۆشی بوێ یا خۆشی نەوێ نایێ هاوکاری بکا ئەگەر موشارەکەتەکەی تێدا نەبێ. حەتا لە ئاخیریەکەیدا ئەگەر دیققەت بە وتارەکەی دەکەی، لەوێشدا هەر سیاسی بیر دەکاتەوە عادەتەن لە پاش هەموو وتارێکی سڵاو دەنێرن. سڵاو تەقریبەن لە تەک تەکی تەرکیبات و کۆمەڵی کوردستان و ئێران دەکا، چ چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵی کوردەواری چ جۆراوجۆرییەکانی نێو کۆمەڵی ئێران بە گشتی. تەئکیدی کە لەسەر ئەو سیاسەتە دەکرد – پێم خۆشە ئەوەش بڵێم کە یەکێک هەڵستا، ناوەکەشیم لەبیرە و دەشزانم کێ بوو. هێندێ قسەی کردن لەخۆڕا کە لە جەهەتی خیلافی ئەو خەتتە سیاسییەدا کە لە پەیامی حیزبی دێموکراتدا هەبوو_ لەگەڵ ئەوەی کە دوکتور قاسملوو تەقریبەن سەعاتێک دەبوو قسەی خۆی کردبوو- هاتە پشتی میکرۆفۆن گوتی: ئێرە میتینگی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، ئەو قەزایایەی کە مەترەح دەبێ هی حیزبی دێموکراتە و هیچ خەتێکی سیاسیی دیکە جێی نییە لێرەدا –نامەوێ بچمە نێو جوزئیاتیەوە- ڕەتی کردەوە، کە لەوێدا ئینحرافێک لەو خەتە سیاسییە کە خۆی و حیزبەکەی باوەڕیان پێی هەیە ڕوو بدا. بەڕاستی ناکرێ پیاو یادێک لە ١١ی ڕەشەمە بکاتەوە و یاد لە گەورەیی خەڵکی مەهابادێ نەکاتەوە؛ چ بۆ بەشداریان لە هەموو شتێکدا، چ بەتایبەتی بۆ میوانداری. ئەوە کە گوترا وا بوو، دەیانگوت میتینگی ١٠٠هەزار نەفەری، تەقریبەن وا هات کە بەوە ناسرا لە حاڵێکدا ڕۆژنامەی ئیتلاعات یان کەیهان بوو، نووسیبووی دووسەد هەزار کەس. ڕەنگە ئەو ڕەقەمە زیاد و کەمی هەبێ، ئەتۆ خۆ سەرژمێرت نەکردوە، بەڵام وەکوو لەو قسانەدا هاتبوو ئەوەی کە گوێتان لێی بوو؛ ئێمە ستادێکمان پێک هێنابوو بۆ پێشوازی لە میوانان لە ڕۆژی پێشدا. شەوێ شەست و سێ هەزار کەسیان دامەزراندبوو، ئەوەش جالیبە کە بزانین مەهاباد ئەو وەختی تەخمین دەکرا کە هەموو حەشیمەتەکەی بە منداڵیشەوە ٥٠ هەزار کەسە. ئەوە هی کوێ بوو؟ هی شارەکانی دوور لە کوردستان و لە ئێرانێ –تەقریبەن لە هەموو- شارەکانەوە بە تابیەتی لە تاران و تەورێز و ئەوانەوە خەڵکێکی یەگجار زۆر هاتبوون، کوردەکان تەقریبەن بەشی هەرە عومدەیان هاتبوون، خەڵکی دیکەش فارس و ئازەربایجانی و ئەوانە هاتبوون. بەیانییش خەڵکی دەوروبەری مەهابادێ و شارە نیزیکەکان. بێ ئەدەبیشە ئەو قسە درێژ دەبێتەوە، بەڵام –دەقیق لەبیرم نییە سەعات چەند بوو- کە میتینگەکە تەواو بوو، خەڵکەکە ڕۆیشتنەوە. ئەمن بووم بە واسیتەی ئاشتی لە نێوان دوو پیاوی مەهابادی لەسەر چوار میوانی بانەیی؛ ئەم دەیگوت ئەمن دەیانبەم و ئەوی دیکە دەیگوت ئەمن دەیانبەمەوە بۆ ماڵێ. چووم گوتم ئەرێ کاکە ئێوە لە ماڵێ تەلەفوونتان نییە ؟ گوتیان بەڕێوەڵڵا، گوتم دەی باشە دوو بۆ ئەوێ و دوو بۆ ئەوێ دوایە بە تەلەفوون یەک بگرنەوە؛ ئاوا سوڵحیان کرد. جارێکی دیکەشم هەر ئەوە گێڕاوەتەوە، لە کۆنگرەی چواریشدا وا بوو. کۆنگرەی چوار پێم وابێ شەش ڕۆژی خایاند، دەوری سێیسەد کەسی تێدا بوو، باوەڕ بکە حیزبی دێموکرات تەمەنێکی خەرج نەکرد؛ هەمووی خەڵک بوو کە میوانداریی لێ کردین، بەخۆشمانەوە _ئێمەش کە بۆخۆمان لەوێ بووین_ ئێمەش هەر لە ماڵان بووین. چ وەختی نیوەڕۆ و ئێواران چ وەختی پشوو دانێ، ئەگەر دەهاتییە دەرێ ئەو کووچە و کۆڵانانە هەموو پڕ بوونلە خەڵک، بۆ ئەوەی بزانن ئەخباری کۆنگرە چییە یان بۆ ئەوەی وەختی نەهار و شامێ میوانەکان بەرنەوە. جا پێم وابێ ناحەقمان نابێ ئەگەر سڵاوێکیان بۆ بنێرین. [دەنگی چەپڵەی بەشداربووان] هاوڕێیان پێم خۆشە شتێکی دیکە بڵێم مەوازیعی ئێستای حیزبی دێموکراتی ئەمن باس ناکەم چونکی ئەوە هەم ڕەنگە درێژ بێ هەم وەزیفەی ڕێبەرایەتیی حیزبە و ئەو ئاشنایە بەوەی، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کە دەگەڵ ئەوەی چل ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیوە ئێمە ئێستا لە جێگەی خۆمانین و لە هێندێک بارەوە ڕەنگە لە جێی خۆشمان نەبین. ئەو وەختی کە لە مەهابادێ بووین ئێستێ دووسەد_سێسەد کیلۆمیتر دوور لە مەهابادین. بەڵام هەر وەکوو لە پێشدا گوتم ئەو بەرنامانە، ئەو ئامانجانە بۆ ئێستاشمان ڕاستن، بەڵام ئێستا ڕەنگە سەیر بێتەپێش چاو، کە بڵێم زۆر بەهێزترین لەو وەختەی کە میتینگی مەهابادیمان گرت، هەروا بە قسە ناڵێم. ئەو وەختی کە دەیانگوت حیزب هاتۆتەوە، حیزب ئەو وەختی لە نێوخۆ بوو و ئێستەش لە نێوخۆیە؛ مەبەستیان لە حیزب ئەوە بوو کە ئەوانەی لە دەربەدەری بوونە، ڕێبەرایەتیی حیزبیان بەدەستەوە بووە. لە ڕۆژی یازدەی ڕەشەمەی ٥٧دا، ئێمە هەموو ئەوانەمان کە هاتبوونەوە یان دەبوو بێنەوە لە دەرێ ڕا، بەینی ٥٠ تا ٧٠ کەس دەبوون، هەموو ئەوانەش کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە حیزبی دێموکراتەوە هەبوو لە داخڵی وڵاتدا دەگەیشتنە تەقریبەن پێنج_شەش و دە بەرابەری ئەوەی. شەشسەد-حەوسەد کەس ئەوپەڕی، هەموو شەهیدەکانیشمان تا ئەو وەختی بەینی ٥٠ تا ١٠٠ کەس بوون. بەڵام ئێمە ئێستا سەرمایەی هەزاران تێکۆشەرمان هەیە کە لێرە و لە جێی دیکە هەن. سەرمایەی ٤٠ هەزار شەهیدمان هەیە، ئەویش ئەو شەهیدە گەورە و بەئەرزشانە کە ئێمە داومانن. ئێمە ئێستە بە هەزاران کادری کارلێهاتوو و کارزانمان هەیە لە داخڵی وڵاتدا کە هەموویان بۆ ڕۆژی خۆی پێشمەرگە و کادرێکی ئامادەن. بە هەزارانمان لە دەرەوەی وڵات هەیە. ئەو قسانە بۆیە دەکەم؛ چونکە ئێمە پادگانی مەهابادیمان گرتبوو، خەڵکەکە ژ-٣ کانیان دەناسی هەڵیانگرتبوون بەڵام، نەیاندەزانی لوولە کوورەیە یا چییە! ئارپیجی! کەس نەبوو بزانێ بەکاری بێنێ! ئێستێ هەر لە داخڵی ئێرانێ بە سەدان و هەزاران کەسمان هەیە کە بە قەولی مەعرووف ئەوانەی وەک ئاوێ لەبەرە، پێم وابێ ئێمە سەرمایەیەکی زۆرمان هەیە. ئەگەر تەلەفاتمان داوە، ئەگەر دوورین لە وڵات و ... ئەوە نرخی ئازادییە. ئەو قسە زۆر پیاوی گەورە کردوویانە کە لە خەباتدا شەرتی هەرە ئەساسی بۆ سەرکەوتن، بیندرێژییە، نەفەسمان درێژ بێ. لە ڕەحمەتی بارزانی دەگێڕنەوە کە دەیانگوت هەموو جارێ دەیگوت: «بێهنا خۆ درێژ کەن.» نەفەستان درێژ بێ. عەزممان هەبێ، یەک بگرین، ئەو سیاسەتە ئوسووللییەی کە هەمانە سیاسەتی موعتەدیل، سیاسەت بە خەیاڵ ناکرێ، سیاسەتێک کە لەگەڵ واقعیاتی زەمان و مەکان ڕێک بکەوێ. ئێمە سەر دەکەوین، دەکرێ بڵێم هیچ ڕێگەشمان نییە غەیری سەرکەوتن. سپاستان دەکەم.

ڕاگەیاندنی دەسپێکی تێکۆشانی «هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران»

لە ڕۆژەکانی ٤ و ٥ی ڕەشەمە (٢٣ و ٢٤ی فێوریەی ٢٠١٩) هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران کە لە ئەنجامی لێکگەیشتن و هاوکاریی دە ڕێکخراوی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی پێک هاتووە، دەسپێکی کار و تێکۆشانی خۆی بە ڕەسمی ڕاگەیاند.

ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی ڕەسمیی دەسپێکی هاوکاریی ئەو دە ڕێکخراوە لە چوارچێوەی ئەو هاوپێوەندییە نوێیەدا ڕۆژی ٢٣ی فێوریە لە ساڵۆنێکی هانۆڤەر کە بە دروشمی کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی و بەلووچی و چەند زمانێکی بیانی ڕازابۆوە و سروودی شۆڕشگێڕیی بە زمانی نەتەوەکانی ئێران تێدا بڵاو دەبۆوە، بەڕێوە چوو. لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا کە سەدان کەس لە چالاکانی سیاسیی نیشتەجێی ئاڵمان و وڵاتانی دیکەی ئورووپا بەشداری بوون، دوو کەس بە نوێنەرایەتیی هەر کام لە دە ڕێکخراوەکە بە زمانی نەتەوەی خۆیان بەخێرهاتنی بەشدارانیان کرد و ئارەزووی سەرکەوتنیان بۆ گردبوونەوەکە خواست. دواتر بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی خولەکێک بێدەنگی ڕاگیرا.

پاش پەردەلادان لەسەر ناو و لۆگۆی هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران و وەبیرخستنەوەی کورتە مێژوویەکی کار و هەوڵەکانی دامەزراندنی ئەو هاوپێوەندییە لەلایەن ڕەئوف کەعبی و شاهۆ حوسێنیەوە، بەڕپرسی هەیئەتەکانی هەر کام لە دە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکەی ئەندام لەو هاوپێوەندییەدا وتاری لایەنەکانیان پێشکەش کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ڕێوڕەسمەدا بە سەرپەرستیی د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزب و لە هەریەک لە خالید حەسەنپور بەڕپرسی پێوەندییە ئێرانییەکان و مەولود سوارە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و سوڵتان گوڵاوی بەڕپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئاڵمان پێک هاتبوو.

ئاسۆ حەسەن زادە لە وتارەکەی خۆیدا بۆ ئەم کۆبوونەوە بەرینە لەپێشدا وێڕای دەسخۆشی لەو کەسانەی بۆ پێکهێنانی ئەو یەکگرتنەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تێکۆشاون، ئیشارەی بە گرینگیی ئەو یەکگرتنە لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا کرد و بەردەوامی و سەرکەوتنی هاوپەیمانییەکەی بەوە بەستەوە کە هاوپێوەندی پێکهاتەی خۆی فراوانتر بکاتەوە و سازوکاری بەکردەوە بۆ جێخستنی بنەماکانی و وەسڵ بوونەوەی زیاتر بە خەباتی خەڵک لە نێوخۆی ئێراندا لێ بکەوێتەوە.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆتایی قسەکانیدا هەروەها ئیشارەی بە پێویستیی یەکخستن و پوخت کردنەوەی روانینی هێزەکانی خوازیاری نەمانی کۆماری ئسیلامی بۆ کۆمەڵێک پرسی دیکەی وەک شێوازی خەبات، فاکتەری نێونەتەوەیی، پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگە و چۆنیەتیی دروستکردنی پێوەندی لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە و خەباتی خەڵک لە نێوخۆی ئێران کرد.

بەشی دواتری ڕێوڕەسمەکە بۆ بەرنامەیەکی هونەری پێکهاتوو لە چەند پارچە شێعری سیاسی و موزیکی ڕەسەنی نەتەوەکانی ئێران تەرخان کرابوو.

ئینجا پەیامەکانی گەیشتوو بەو ڕێوڕەسمە لەلایەن پێشکەشکارانی بەرنامەکەوە خوێندرانەوە. پاشان دەرفەت درا بە بەشێک لە میوانەکانی ڕێوڕەسمەکە کە کاک عەزیز ماملێ کەسایەتیی کوردی دانیشتووی فەڕانسە یەکێک لەوان بوو کە دید و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەو هاوپێوەندییە نوێیەی هێزەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی بخەنە ڕوو.

لە بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا بڕیارنامەی هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران لەلایەن یەکێک لە بەڕێوەبەرانی بەرنامەکەوە خوێندرایەوە. لەو بڕیارنامەیەدا وێڕای ئاماژە بە چل ساڵ حاکمیەتی سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی و خەبات و خۆڕاگریی خەڵک لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا، پێویستیی یەکگرتنی هێزە گۆڕانخوازەکانی ئێران لەو هەلومەرجە چارەنووسسازە وەبیر هێنابۆوە. بڕیارنامەکە هەروەها وێڕای ئاماژە بە گرینگترین تەوەرەکانی ڕێککەوتنی دە ڕێکخراوی سیاسیی کورد و ئێرانی بەتایبەت سەبارەت بە دێموکراسی و کۆماری بوونی دەسەڵاتی سیاسی و جیایی دین لە دەوڵەت و فیدرالیزمی نەتەوایەتی، هەڵوێستی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ دژایەتیی سیاسەتی شەڕخوازی و دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا و پێویستیی یەکخستنی هێز و پۆتانسیەلی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاندبوو.

لە درێژەی کارەکانی پێوەندیدار بە دەسپێکی چالاکیی هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران، ڕۆژی ٢٤ی فێوریە کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی هەیئەتەکانی نوێنەری دە حیزب و ڕێکخراوەکەی ئەندام لەو هاوپێوەندییەدا بەڕێوە چوو. لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای هەڵسەنگاندنی گردبوونەوەی ڕاگەیاندنی دەسپێکی تێکۆشانی هاوپێوەندی، بەرنامەڕێژی بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو هاوپێوەندییە و پلانی کار و چالاکییەکانی لەمەودوای کرا.

جێگای وەبیر هێنانەوەیە کە هاوپێوەندی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێک کە لە مانگی نۆڤامبری ڕابردوودا بڵاو کرایەوە پێک هاتووە. ڕێکخراوەکانی دامەزرێنەری ئەم هاپێوەندییە بریتیین لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی ئەهواز، حیزبی خەڵکی بەلووچستان، یەکگرتنی دێموکراتیکی ئازەربایجان_ بێرلیک، ئیتحادی فەدائیانی خەڵکی ئێران، شوورای کاتیی سۆسیالستەکانی چەپی ئێران، بزوتنەوەی کۆماریخوازانی دێموکرات.

سەردانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە پارلمانی کوردستان

ڕۆژی چوارشەممە، ٨ی ڕەشەممە هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستیی خاتوو شلێر مەحموودی، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە سەردانی دکتور ڤالا فەرید، سەرۆکی پارلمانی کوردستانیان کرد.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا خاتوو شلێر پیرۆزبایی بە دکتور ڤالا گوت بەبۆنەی دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی پارلمانی کوردستان و گوتی: هەڵبژاردنی جەنابت وەک ژنێک بۆ یەکەم جار وەک سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئێمە جێی خۆشحالییە و بەو هیوای ئەمە ببێتە سەرەتایەکی باش بۆ شکاندنی ئەو تابۆیە و ژنان بە شێوەی گشتی خۆیان لە کاروباری بەڕێوەبەردنی وڵات و لە بەرپرسایەتییە باڵاکاندا ببینن‌ەوە.

دوکتور ڤالا شپاش بەخێرهاتنی هەیئەتی یەکیەتیی ژنان گوتی: ئێمەی ژنان دووجار ئەرکمان لەسەر شانە هەم وەک ژنێک بۆ سەڵماندنی ئەوەی بڵێین دەتوانین لە بەڕێوەبردندا سەرکەوتوو بین، هەم وەک نوێنەری خەڵک بۆ باشترکردنی گوزەرانی هاونیشتمانییانی خۆمان هەوڵ بدەین.

ڕووداوەکەی ١٧ی خەرمانان و شەهیدبوونی دوو سکرتێری یەک لە دوای یەکی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، شەهید سۆهەیلا قادری و شەهید نەسرین حەداد و ڕۆڵی ژنان لە خەبات و بزووتنەوەی کورددا باسێکی دیکەی ئەم دانیشتنە بوو.

کۆنفرانسی ساڵانەی کومیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ڕۆژی شەممە، ١١ی ڕەشەممە بە بەشداری زۆربەی زۆری ئەندامان لە کۆمیتەی شارەکان کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئۆریبرو بەڕێوەچوو.

کاری کۆنفرانس بە ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی ئەم دواییانەی قەڵای دێموکرات و دوو سکرتێری شەهیدی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و، بە وتاری خاتوو خەجیج ڕۆستەمی، ئەندامی دێرینی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەستی پێکرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی دەسپێکی کۆنفرانسدا خاتوو گەلاوێژ حەسەنپوور، خوشکی شەهید محەممەد حەسەنپوور پەردەی لە سەر وێنەی شەهیدان نەسرین حەدداد و سۆهەیلا قادری لادا و دواتر پەیامەکانی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو ماپەرە قەرەگۆلی، پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد لەلایەن خاتوو لەتیفە جەباری، و پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەلایەن خاتوو باوان کەریمی خوێندرانەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆنفرانسدا خاتوو کوێستان بابایی، ئەندامی چالاکی یەکیەتیی ژنان باسێکی پێشکێش کرد و وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە کە بۆچێ بەشداریی ژنان لە سیاسەت و پۆستە سیاسییەکاندا گرینگە و بەربەستەکانی سەر ڕێگای ژنان بۆ گەیشتن بە پۆستەکانی ڕێبەری کامانەن؟

لە بڕگەکانی دیکەی کاری کۆنفرانسدا خاتوو شلێر حەسەپوور، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد ڕاپۆرتی کار و چالاکیی نێوان دوو کۆنفرانسی لە وڵاتی سوئێد پێشکەش کرد و خاتوو موژدە عەزیزی، بەرپرسی بەشی دارایی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد و خاتوو ئەسرین ئیسماعیلی وەک چاوەدێری دارایی، ڕاپۆرتی ئەم بەشەیان لە نێوان دوو کۆنفرانس و چۆنیەتی داهات و دەرکەوتی ڕێکخراوەی ژنانی بە بەشدارانی کۆنفرانس دایەوە.

لە درێژەی کاری کۆنفرانسدا خاتوو سۆزان فەتحی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنان باسێکی کورتی لە سەر کاری ڕیکخراوەکە کرد و پانێلی دووهەم بۆ باس لەسەر بەرنامە و پرۆگرامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد تەرخان کرا و دواتر لەسەر شێوەی هەڵبژاردن و ئەرک و بەرپرسایەتی لە کۆمیتەی داهاتوودا قسە کرا.

کۆنفرانسی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد دوای ٦ کاتژمێری کاری بەردەوام بە هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی نۆ کەسی کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

کورد و حەتمییەتی مێژوویی

حەسەن شێخانی

«حەتمییەت و جەبری مێژوویی» یان «گەشەی مێژوویی» یان «لۆژیکی چارەهەڵنەگری مێژوویی» لەنێو کورددا باوە و بڕەوی زۆری هەیە و ڕەنگرێژیی تێڕوانینی بەشێکی زۆر لە ئێمەی بۆ ڕەوتی مێژوو کردووە. ئەمەش بێ هۆکار نییە، بەڵکوو لە خاڵتە و پاشماوە فیکرییەکانی «مارکسیزم»ە، کە ئەویش لە فەلسەفەی هێگێل وەری گرتووە. ئەگەر بمانەوێ وردتر بدوێین دەبێ بڵێین بیرۆکەی گەشە و پێشکەوتنی مێژوویی بە شێوەیەکی تۆختر لە هێگێلیزمدا دەبینرێ و لای مارکس کەمێک کاڵتر دەبێتەوە؛ چونکە مارکس (لەچاو هێگێل) شوێنێکی گەورەتر بۆ بکەربوونی مرۆڤ لە ڕەوتی مێژوودا دەهێڵێتەوە. لەبەر ئەوەی کە مۆدێلی سیاسەتی کوردی و حیزبایەتیی کوردی لە چەپی نەریتی و مارکسیزمی سۆڤییەتی وەرگیراوە، بۆیە سەیر نییە کە ئەم مەسەلەیە لەسەر جۆری بیرکردنەوە و چۆنیەتیی تێڕوانینی کورد بۆ ڕەوتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان کاریگەری دانابێ.

لەم وتارەدا لەسەر «ئامانجمەندیی مێژوو» یان «جەبری مێژوویی» هەڵوێستە دەکەین، واتە لۆژیکی چارەهەڵنەگری مێژوویی لە هەر دوو ڕووە ئەرێنی و نەرێنییەکەیدا لێک دەدەینەوە.

بەپێی ئەم تێڕوانین و لۆژیکە، مێژوو ڕەوتێکی یەک ئاراستەیە، پێش دەکەوێ و گەشە دەکا و، بە شێوەیەکی حەتمی و چارەهەڵنەگر بە ئامانجمان دەگەیەنێ. وەک ئەوەی مێژوو لە ڕاستای ئامانجە مرۆییەکان و ئازادی و مافی مرۆڤدا قورمیش کرابێ و بەرەبەرە تەرجەمە ببێ بۆ واقیع و لە حاڵەتی هێزەکییەوە بۆ واقیع گەشە بکا. بە واتایەکی دیکە ئەم تێڕوانین و لۆژیکە کە لە ئیدیۆمی «بیرۆکەی پێشکەوتن»دا فۆرموولە کراوە و کۆکراوەتەوە، نیشتەجێی نێو زەمینەی شیکاریی هێڵی و پەیوەستەی مێژوویە و لەسەر ئەو بنەمایە ڕۆنراوە.

بۆ شیکردنەوەی زیاتری لۆژیکی جەبری مێژوویی لە دوو مێتافۆڕ (چواندن) کەلک وەردەگرین کە لەپشت ئەم لۆژیکەوەن و دەیجووڵێنن و ڕەنگرێژ و ئاراستەی دەکەن: یەکەم؛ مێژوو بە درەخت دەچوێندرێ. وەک چۆن ناوکی درەخت بە شێوەی هێزەکی، درەختێکی کامڵی تێدا شاراوەیە و لە ڕەوتێکی سروشتیدا وردەوردە لە ناوکەوە بۆ ڕیشە و بۆ درەختی بچووک و دواجار درەختێکی گەورە و کامڵ گەشە دەکا، واتە وەک چۆن لە ناوکی درەختدا دوا قۆناغی گەشەی تێدا چێنراوە و بە تێپەڕینی کات و لە هەلومەرجی گونجاودا، ناوکی درەخت تا دوا قۆناغی گەشە دەکا، مێژووش ئاوا لەسەر وێنەی درەخت گەشە دەکا و لە سەرەتایەکەوە دەست پێدەکا و دوا قۆناغی گەشەی درەختی مێژووش، گەیشتنی حەتمیی مرۆڤەکانە بە ئازادی و ماف. دووهەم؛ مێژوو بە مرۆڤ وەک ئۆرگانیزمێکی زیندوو دەچوێندرێ. وەک چۆن مرۆڤ قۆناغەکانی کۆرپەڵە، منداڵی، لاوی و کامڵبوونی هەیە و ئەو قۆناغانە یەک لەدوای یەک تێدەپەڕێنێ و گەشە دەکا، بە هەمانشێوە مێژووش قۆناغەکانی گەشەسەندنی یەک لەدوای یەک تێپەڕ دەکا و تا دەگاتە دواقۆناغی، کە گەیشتنی مرۆڤەکانە بە ئازادی و مافەکانیان. واتە ڕەوتی مێژوو لە دەسپێک ڕا ئاوسە بە دواقۆناغی پەرەسەندنی مێژوو، کە بەختەوەری و دەستەبەربوونی ئازادی و مافەکانی ئینسانە.

ئایدۆلۆژیی مارکسیزم مێژووی قۆناغبەندی دەکرد کە بە شێوەیەکی ناچاری و حەتمی لە کۆمۆنە سەرەتاییەکانەوە دەستی پێدەکرد و بە کۆمۆنیزم، واتە بە سیستمێکی بێ جیاوازی و هاوئاهەنگ کە تێیدا بەرامبەریی کامڵ هەیە، کۆتایی دەهات. لە مارکسیزمدا مێژوو وا وێنا دەکرێ کە سەرەتا و کۆتاییەکی هەیە و کۆتاییەکەشی گەیشتنی خۆبەخۆیی مرۆڤەکانە بە بەختەوەری. لێرەدا بۆ پێشگرتن لە هەڵەتێگەیشتن، دەبێ سەرنجی ئەو جیاوازییە بدەین کە لەنێوان ئایدۆلۆژیی مارکسیزم و ئەندێشەی مارکسدا هەیە. لە ڕوانگەی خودی مارکسەوە ئەو قۆناغانە بە شێوەیەکی میکانیکی و ماشێنی و ویشک بەدوای یەکدا نایەن و یەکیان ئەوی تری لێ ناکەوێتەوە. مارکس مرۆڤی بە خاوەن ڕۆڵ دەزانی و ئەوی نەدەکردە ملکەچی ویشکی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان؛ هەرچەند پێی وابوو کە مرۆڤ لە بەستێنی ئەو پێوەندییانەدا کار دەکا و دەجووڵێتەوە.

هەروەک ئاماژە کرا، سەرچاوە و ئیلهامی قۆناغبەندیی مێژوویی مارکسیزم، ئەندێشەی هێگێلە. هێگێل مێژووی بە ڕەوتی گۆڕان و گەشەی ئەقڵ وێنا دەکرد؛ ڕەوتێک کە لە سەرەتاوە قۆناغەکانی دوایی لە خۆیدا هەڵگرتووە و بەپێی لۆژیکی دیالکتیکی، مرۆڤەکان لە پرۆسەیەکی دیاریکراوی مێژووییدا و دواجار بە ئاستێک لە ژیانی ئەخلاقی دەگەن، کە لەنێوان مرۆڤەکان وەک ئیرادەی «جزئی» و دەوڵەت وەک ئیرادەی گشتی جیاوازی نامێنێ و مرۆڤەکان بە شێوەیەکی خۆبەخۆ ئەوە دەخوازن و دەکەن کە ئیرادەی گشتی دەیەوێ. هێگێل ئەمەشی ناو دەنا باڵاترین قۆناغی ئازادی و گەشەی ئەقڵی ئینسان. لای هێگێل ئەم ڕەوتە هێڵی و پەیوەستەیەی مێژوو بنەما و جەوهەرێکی زەینی هەیە و لە ئاستی بیرۆکە و ئەقڵ و ئەندێشەدا ڕوو دەدا، بەڵام لە مارکسیزمدا وەردەگەڕێتە سەر بنەمای مادی و ئەوە ماتریالیزمی مێژوویی و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی مادییە کە دەبێتە لۆژیک و دینامیزمی ناوەکی مێژوو.

قەدەرگەرایی مێژوویی و ئامانجمەندیی مێژوویی لە دووتوێی ئەندێشە و ئایدۆلۆژیا و لە شکڵ و فۆرمی دیکەشدا، بۆ نموونە فۆرمی مەزهەبیدا، خۆی نواندووە و دەرکەوتووە، بەڵام لە هەموو ئەو فۆرمانەدا مرۆڤ و «ئیختیار» دەکرێنە دەرەوەی مێژوو، لەسەر شانۆی مێژوو دەبرێنە پشتەوەی مێژوو و ڕۆڵی دیاریکەرییان لێ دەستێنرێتەوە. واتە ئەوە ڕەوتی چارەهەڵنەگری مێژوویە کە مرۆڤەکان دەجووڵێنێ و لەگەڵ خۆی دەبا. لێرەدا وەک بوونەوەرێکی پاسیڤ و سەرخان و لاوەکی لەگەڵ مرۆڤ مامەڵە دەکرێ.

تا ئێرە باسمان لە ڕووە ئەرێنی و دڵخۆشکەرەکەی حەتمییەتی مێژوویی کرد؛ ئەوەی کە مێژوو و ڕەوتی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی حەتمی ئێمە بە ئامانج دەگەیەنێ، چونکە مێژوو لەسەرەتاوە ئاوا قورمیش کراوە. ئێستا دێینە سەر ڕووە نەرێنییەکەی پارادایم و لۆژیکی حەتمییەتی مێژوویی.

ئەگەر ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووی داوە وەک پێویستییەکی مێژوویی و ڕووداوی چارەهەڵنەگر ببینین و بڵێین هەر دەبوو وابێ، دەبوو وای لێ هاتبا، ئەوە مێژوو دەبێتە ڕەوتێکی تاکئەگەر و تاکهێڵ؛ مێژوو دەبێتە خاوەن دینامیزم و جووڵەیەکی ناوەکی، کە لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ، خۆی پراکتیک دەکا و مرۆڤ بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ.

ئەگەر هەر شتێک ڕووی داوە، بڵێین دەبوو وابێ، درێژکراوەی ئەم لۆژیکە ئەوەیە هەر شتێک لە داهاتووشدا ڕوو بدا، دەبێ وا بێ و نەتوانرێ خۆی لێ لابدەین. بۆ نموونە ئەگەر لە داهاتوودا تووشی ژیانی تاراوگەیی ببینەوە، بەپێی ئەم لۆژیکە دەبێ بڵێین دەبوو وای لێ هاتبا و غەیری ئەوە ئیمکانی نەبوو. لەم حاڵەتەدا هیچ کەس لە بەرامبەر کردەوەکانیدا بەرپرسیار نییە. لێرەدا ڕووە نەرێنییەکەی حەتمییەتی مێژوویی دەردەکەوێ و ئەو دەرەنجامە نەخوازراوە خۆی دەسەپێنێ کە قاتڵ و خوێنڕێژەکانیش تاوانبار نین، چونکە دەبوو کوشتار ڕوو بدا و کوشتن چارەهەڵنەگر دەبوو. شتێکیش کە ناچاری بێ و لە دەرەوەی ئیرادە و ئیختیاری مرۆڤدا بێ، بۆ تاوانبار کردن و لێپرسینەوە و مەحکووم‌کردن نابێ. لە لایەکی دیکە ئەگەر هەموو ڕووداوێکی مێژوویی چارەهەڵنەگر بێ، ئەوە ڕێ لەوە دەگرێ خۆمان لۆمە بکەین و ڕەخنە لە خۆمان بگرین کە وەک پێویست بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی ئامادە نەبووین و دروست مامەڵەمان لەگەڵ دۆخەکە نەکردووە. ئەمە ڕێ لە خەسارناسی و پێداچوونەوە و تێگەیشتن و ڕەخنەدانی مێژووش دەگرێ. چونکە ئەگەر ڕەوتی مێژوو چارەهەڵنەگر بێ، ئەوە هەرچی بیکەین مێژوو ڕێگەی خۆی دەپێوێ و مێژوو وەک خوایەک لەبان سەرمانەوە خۆی پراکتیک دەکا. کەواتە نە لە بەرامبەر کەمکاری و کەمتەرخەمییەکانی ڕابردوومان (و داهاتوومان) خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین و نە کەسیش دەتوانێ ڕەخنە لە نەسڵەکانی پێشوو بگرێ و بڵێ بۆ وا جووڵانەوە.

ئەگەر مێژوو ڕەوتی خۆی بپێوێ و بەپێی لۆژیک و دینامیزمی ناوەکیی خۆی، گەشە بکا، ئەوە خۆئامادەکردن و خۆڕێکخستنی ناوێ، ئەوەی قەدەر لە نێوچاوانی مێژوو نووسیبێتی، هەر ئەوە ڕوو دەدا. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەمە دڵنیاییەکی درۆیین لە گەیشتنی خۆبەخۆی ئێمە بە مافەکانمان دەدا.

ئەگەر بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو بڵێین هەر دەبوو ئەوە ڕوو بدا کە ڕووی داوە، ئەگەر بە لۆژیکی چارەهەڵنەگریی مێژوویی ڕووداوەکان بخوێنینەوە، ئەمە هەر دوو دیوە تاریک و ڕۆشنەکەی ڕابردوو دەگرێتەوە، بەو کوشتارانەی لە ڕابردووشدا کراون؛ چونکە ناکرێ تەنیا لایەنێک لە هاوکێشەکان و، ڕووداوی پێوەندیدار بە لایەنێک، چارەهەڵنەگر بن. لەم حاڵەتەدا بە شێوەیەکی نەخوازراو و نائاگایانەش بێ، هەمان دید و تێڕوانین بەسەر لایەنەکەی دیکەی هاوکێشە مێژووییەکەدا دەسەپێنین. دەرەنجام و درێژکراوەی ئەم لۆژیکە بۆ ئێستا و داهاتووش ئەوەیە، ئەگەر ڕووداو و بۆ نموونە کوشتارێک لە ئێستا و داهاتوودا ڕوو بدا، ئەوە نەسلەکانی داهاتوو دەبێ بڵێن، دەبوو وابێ و نەدەکرا خۆی لێ لابدەن. ئەمە دەرکردنی چەمکی ئازادی و بەرپرسیارێتی و ئەخلاقە لە ڕەوت و ڕەوڕەوەی مێژوودا. بەم پێیە نە دەبێ ڕەخنە لە کوشتارەکانی ڕابردوو بگرین و نە لە قەتڵوعامەکانی داهاتووش. چونکە بەپێی لۆژیکی چارەهەڵنەگریی مێژوویی، کە ناوێکی دیکەیە بۆ تەقدیرگەرایی و چارەنووسگەرایی، هیچ ڕێگا و ئیمکانێک بۆ بەرگرتن لەو کوشتارانە نەبووە.



ئەگەر هەر ڕووداوێکی مێژوویی وەک پێویستی و حەتمییەتی مێژوویی لە قەڵەم بدەین، ئەوە زۆر لق و پۆپی لێ دەبنەوە، بمانەوێ و نەمانەوێ، بە شێوەیەکی نەخوازراو و نائاگایانە، ستەمکاران و مرۆڤکوژانی ڕابردوو تەبرەئە دەکەین و هەر بەمەش ناوەستین بەڵکوو هەر کوشتار و کارێکی دژە مرۆیی لە داهاتووشدا بکرێ، هەمان حوکمی بێبەریبوونی بەسەردا دەسەپێنین. واتە ئەگەر بە لۆژیکی چارەهەڵنەگریی مێژوویی، مێژوو بخوێنینەوە و ڕووداوەکانی ناوی شرۆڤە بکەین، ئەوە بە شێوەیەکی نەخوازراو پاساو بۆ کەمکاریی خۆمان و بۆ کردەوەی پێشێلکەرانی ماف دەهێنینەوە و دەبینە پارێزەر و پاکانەکەری ئەوان لە داداگای مێژوودا.

دەرئەنجام

مێژوو نە لەسەر وێنەی درەخت گەشە دەکا و نە لەسەر وێنەی ئۆرگانیزمی زیندوو، وەک هێگێل دەڵێ. ئەم لێکدانەوە و شوبهاندنانە نادروستن. ڕەوتی مێژوو ئەم قەدەرگەراییە ڕەت دەکاتەوە. مێژوو یەک ڕەوت و یەک ئاراستە نییە. مێژوو فرەڕەهەند و فرەدیو و فرەجەمسەرە. چوونەپێش و لەنێوچوون و دەستپێکردنەوە و هەڵبەز و دابەز و چوونەسەر و خواری زۆر تێدایە؛ هەم درێژکرانەوەی تێدایە هەم دابڕان؛ ئاوێتەیە لە هەموو ڕەوتە دژبەیەکەکان.

لەڕاستیدا مێژوو هەم تێگەیشتنە لەو ئەگەرانەی بوونە واقیع و هەم لەو ئەگەرانەش کە نەبوونە واقیع. بۆچی لەنێو ئەو ئیمکان و ئەگەرانەی لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوودا هەبوون، فلان ئەگەر وەدیهات؟ چی نەکرابا یان چ فاکتۆرێک لە ئارادا بایە، کە مێژوو ئاراستەیەکی دیکەی وەردەگرت؟ واتە دەکرا ئاڵوگۆڕەکان ڕەوت و شێوە و ئاراستەیەکی دیکەیان وەرگرتبا؛ دەکرا ئێمە دەسکەوتی زیاترمان هەبا ئەگەر بە شێوەیەکی دروستتر مامەڵەمان کردبا.

مێژوو ڕەوتێکی ئاڵۆز و پڕئەگەرە، ئەوە کۆی هەلومەرج و فاکتۆرەکانە، کۆی هەلومەرج و چۆنیەتیی کردار و پەرچەکرداری مرۆڤەکانە کە ئەگەر و ئیمکانێک دەکەنە واقیع. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر مرۆڤ وەک بکەر، کە لە بەستێنی هەلومەرج و لەنێو کۆی هۆکارەکاندا چۆن مێژوو دەبزوێنێ و ئاراستەی دەکا. وەک چۆن ئەگەر هاوکێشەی هەلومەرج و فاکتۆرەکان بە شێوەیکی دیکە بایە، ئەوە مێژووش ڕەوتێکی دیکەی وەردەگرت، بە هەمان شێوە گەیشتنمان بە ماف لە داهاتوودا بە چۆنیەتیی مامەڵەی خۆمان و کۆی فاکتۆر و هەلومەرجەکانەوە گرێدراوە، شتێک نییە بە شێوەیەکی خۆبەخۆ و میکانیکی ڕوو بدا.



گەڕانەوەیەک بۆ چەمکی سۆسیالیزم

ڕووخانی سۆسیالیزمی بەڕاستی ئارایی

(٨-٥)

لێکدانەوەی هەمەلایەنەی هۆیەکانی ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەتی کارێکی هاسان نییە و پێویستی بە کار و لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە. لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی باسی بەشێک لەو خاڵە گرینگانە بکەین کە لە ئاکامدا هۆی ڕووخانی سۆسیالیزمی بەڕاستی ئارایی لە یەکیەتیی سۆڤییەت وەکوو یەکەمین ئەزموونی شۆڕشی سۆسیالیستی لە جیهان بوون.

ئەگەر مارکس ڕەنگ و ڕووی زانستی دایە سۆسیالیزمی خەیاڵی، شۆڕشی ئۆکتۆبر ئەم بیرۆکەیەی کرد بە ڕاستییەک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ڕەوتێک کە پێچەوانەی مێژووی سەدان ساڵ دەستەڵاتداری چینی چەوسێنەر لە جیهاندا بوو. شۆڕشی ئۆکتۆبر و دەستەڵاتی سۆڤییەتی سەرەڕای تەواوی کێشەکان، لادان و بەلاڕێداڕۆیشتنەکانی، خاوەنی جەوهەری سۆسیالیزم بەو چەشنە بوو کە مارکس پێناسەی کردبوو. کۆمەڵگەیەک کە خاوەندارییەتی بۆرژوایی واتە «بازاڕی ئازاد» و دەوڵەتی کاپیتالیستی ڕووخاند و خاوەندارییەتی کۆیی، بەرنامەڕێژی ناوەندی و دەوڵەتی کرێکاری دابین کرد. هەروەها ڕادەیەکی بەرچاو لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هێمنایەتی، چاودێری دەرمانی و تەندروستی، کار، ماڵ، دەرفەتی دەرسخوێندن و هتدی بۆ تەواوی شارۆمەندان و بەتایبەتی زەحمەتکێشانی کارخانە و مەزراکان مسۆگەر کرد و بوو بە یەکێک لە بەهێزترین و گەورەترین وڵاتانی سەنعەتی_سپایی لە جیهاندا.

بەم حاڵەش یەکیەتیی سۆڤییەتی بەبێ هیچ چەشنە شۆڕشێکی نێوخۆیی، بە شوێن نەخۆشییەکی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی کە بەرهەمی قەیرانێکی گەورە و لەمێژینەی حیزبی بوو، پاش ٧٣ ساڵ دەستەڵاتداری، تووشی شکست هات. لێنین کاتی خۆی بە جوانی ئاماژەی بەم خاڵە کردبوو کە حیزبێکی دەستەڵاتدار هەمیشە لە مەترسیی نفوزی خەڵکی گەندەڵ و هەڵپەرست دایە. ئەم مەترسییە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤییەتی کە بێ هیچ ڕکابەری و ململانێیەک لەگەڵ هێزێکی سیاسیی دیکە، بۆ ماوەی پتر لە ٧٠ ساڵ تەنیا دەستەڵاتدار بوو، هەڕەشەیەکی گەلێک جیدی و پڕمانا بوو و لە ئاکامدا شکستی یەکەمین دەوڵەتی سۆسیالیستی سەدەی بیستەمی لێ کەوتەوە. هۆیەکانی ئەم شکستە لە لایەن پسپۆڕان و توێژەرانی کۆمۆنیست و ناکۆمۆنیست بە چەشنی جۆراوجۆر لێک دراوەتەوە و هەرکام لە ڕوانگەی خۆیانەوە بە ئاکامی جۆراوجۆر گەیشتوون، لێرەدا هەوڵ دەدرێ هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، خاڵەگرینگەکان و هۆیە ڕێخۆشکەرەکانی ئەم شکستە بەپێی پێداچوونەوەیەک لەسەر مێژوو و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی لە کاتی بەئەنجام گەیشتنی شۆڕشی ئۆکتۆبرەوە لە ساڵی ١٩١٧ هەتا ڕووخانی لە ساڵی ١٩٩١ تا ئەو جێگایەی کە دەگونجێ، شی بکرێتەوە.

یەکەمین شۆڕشی کرێکاری لە جیهاندا بە پێچەوانەی ئەو پێشبینییانەی کە دامەزرێنەرانی بیری کۆمۆنیزم کردبوویان، نەک لە وڵاتێکی پێشکەوتووی سەرمایەداری بە ئاستی بەرزی هێزەکانی بەرهەمهێنەر و ئاگایی سیاسیی چینی کرێکار، بەڵکوو لە وڵاتێک بەئەنجام گەیشت کە بە قەوڵی لێنین لاوازترین ئاڵقەی جیهانی سەرمایەداری و لەباری ئابوورییەوە گەلێک لە وڵاتە سەرمایەدارییەکانی هاوکات دواکەوتووتر بوو. ڕێبەرانی شۆڕش پێویست بوو بۆ دابینکردنی سیستمی سۆسیالیستی پێش هەموو شتێک، گەلێک کەمایەسیی ئابووری و کۆمەڵایەتی قەرەبوو بکەنەوە و هاوکات لەبەرامبەر پیلان و هێرشی هێزەکانی سەر بە حکوومەتی پێشووی تێزار و هێرشی بەردەوامی وڵاتە سەرمایەدارییەکان خۆ ڕابگرن. ئەمەش لە حاڵەتێکدا بوو کە بە پێچەوانەی پێشبینییەکانیان نەک هەر هاوکات هیچ شۆڕشێکی سەرکەوتوو لە ئوروپا و ئەمریکا ڕووی نەدا، بەڵکوو دەوڵەتی تازە بەدەستەڵات گەیشتوو تەنیا و بە کۆڵێک کێشەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لەبەرامبەر گوشارە ئابووری و نیزامییەکانی وڵاتە ئەمپریالیستییەکان مایەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە هیچ ئەزموونێکی سەلمێندراو بۆ دارشتنی بنەماکانی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی نەبوو و کۆمۆنیستەکانی ڕووس بۆ هەوەڵ کەوەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەرکی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی دوور لە زوڵم و زۆری چینایەتییان وەئەستۆ گرتبوو، دەبوو پێ بە پێی ڕووداوەکان لە کردەوەدا ڕەنگی ڕاستی بە بیرۆکەی سۆسیالیزم بدەن و بە ئەنجامی بگەیەنن.

لە سەرەتادا دەستەڵاتدارانی تازەی ڕووسیە سەرەڕای میللی کردنی بانکەکان، ڕێ و بان، نەوت، کرێن و فرۆشی دانەوێڵە و پیشەسازیی نیزامی، لە بوارەکانی دیکەوە بە پارێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بەشی خۆیی دەکرد، بەڵام پاش هێرشی نیزامی و داگیرکرانی بەشێک لە ڕووسیە لە لایەن چەندین وڵاتی سەرمایەداری و دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆیی، بەرنامەی کۆمۆنیزمی جەنگی (١٩٢١-١٩١٨) و چاودێری دەوڵەت بەسەر تەواوی سەرچاوەکانی ئابووری و ئینسانی دەستی پێکرد. ئەمە هەرچەند لە کاتی شەڕدا بۆ پاراستنی شۆڕش پێویست بوو و لە کورتخایەندا یاریدەی چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکانی دا، بەڵام هاوکات کاردانەوەی نەرێنی لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبوو و قەیرانی ئابووری و دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی لێ کەوتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە لێنین بەرنامەی ئابووریی نوێ واتە «نێپ« (NEP)ی دارشت کە پاش مردنیشی (٢١ی ژانویەی ١٩٢٤) هەتا ١٩٢٨ درێژەی پێدرا. ئەم بەرنامەیە وەکوو تێکەڵاوێک لە سۆسیالیزم و ئابووریی ئازاد، بووە هۆی باشترکردنی ئاستی ئابووریی کۆمەڵگە، بردنەسەرەوەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و پێکهێنانی وەرزێری خۆشبژێو. لە دەیەی ١٩٢٠ وەرزێران کە سەتا ٨٠ی حەشیمەتی کۆمەڵگەیان پێک هێنابوو، گەورەترین چینی کۆمەڵایەتی بوون کە بەرژەوەندییان بە تایبەتی لە بەشی خۆییدا بوو.

کاتێک لێنین لە ساڵی ١٩٢٤دا کۆچی دوایی کرد، شۆڕش ئیتر دەستەڵاتی دەوڵەتی بەدەست هێنابوو و لە شەڕی دژ بە هێرشی سپای وڵاتانی ئەمپریالیستی و دوژمنی نێوخۆییدا سەرکەوتبوو؛ پیشەسازییە گرینگەکانی میللی کردبوو؛ دابەشکردنی زەوی لە نێو وەرزێران و جووتیاران دەست پێکرابوو کە گیانێکی تازەی بە بەرهەمهێنانی پیشەیی و خواردەمەنی بەخشیبوو. زۆربەی ڕێبەرە بەناوبانگەکانی کۆمۆنیست لەسەر ئەم باوەڕە بوون کە بێ سەرکەوتنی شۆڕش لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ئەگەری سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتێکی پاشکەوتووی وەرزێری وەکوو ڕووسیەدا نییە. شکانی ڕاپەرینی کرێکارانی ئاڵمان لە ١٩٢٣دا نیشانی دا کە جارێ ئاسۆیەک بۆ سەرکەوتنی هیچ شۆڕشێک لە ئوروپادا نییە کە بتوانێ پاڵپشتی شۆڕشی ڕووسیە بێ.

لەم پێوەندییەدا سێ بەرنامە بۆ درێژە پێدان بە بینای سۆسیالیزم لە لایەن تڕۆتسکی، بوخارین و ستالین پێشنیار کرا:

* تڕۆتسکی لایەنگری ڕەوتی دامەزراندنی سۆسیالیزم لە نێوخۆی وڵات و هەوڵی ڕێخستنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە دەرەوەی وڵات بوو. لە باری سیاسەتی نێوخۆییەوە خوازیاری گەشەکردنی سەنعەت، گەلەکۆمەکان و مێکانیزاسیۆنی کشتوکاڵ و پێشکەوتنی بەرنامەڕێژیی ئابووری بوو. بە باوەڕی تڕۆتسکی شۆڕشی نێونەتەوەیی تەنیا ڕێگە و هیوای ڕزگاربوونی ڕووسیە لە بێکەلکیی بۆرۆکراتیک و لەدەسچوونی تامەزرۆیی بوو. بەرنامەی تڕۆتسکی و ئۆپۆزیسیۆنی چەپ لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبدا سەرکەوتنی وەدەس نەهێنا.

نیکۆلای بوخارین خوازیاری درێژەپێدانی سیاسەتی نێپ وەکوو ڕێگەی گەیشتن بە سۆسیالیزم بوو. ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە لێنین نێپ (سیاسەتی نوێی ئابووری) ی وەکوو پاشەکشەیەکی کاتی پێناسە کردبوو. بە باوەڕی بوخارین، دەبوو ئیزنی دروستکردنی بنکەکانی خۆیی بە کۆلاکەکان(*) بدرێ. بوخارین دژی خێرا سەنعەتیکردن و کۆییکردنی کشتوکاڵ و هەرچەشنە گوشار خستنەسەر وەرزێران بوو. دروشمی بوخارین بۆ وەرزێران «خۆتان دەوڵەمەند بکەن» بوو. بوخارین خوازیاری وەدەسهێنانی پشتیوانیی گرووپە ناکۆمۆنیستەکانی دەرەوەی وڵات بوو. کۆنگرەی ١٥ی حیزب لە ١٩٢٧ بە پەسەندکردنی سیاسەتی بردنەسەرەوەی ئاستی کۆلێکتیڤیزاسیۆن واتە کۆخوازی لە کشتوکاڵدا، بیرۆکەکانی بوخارین و باڵی ڕاستی ڕەت کردەوە.

* نەخشەڕێگای سێهەم ئەوەی ستالین بوو کە لە ئەنجامدا پاش ململانێ لەگەڵ دوو بەرنامەی سەرەوە، سەرکەوتنی وەدەست هێنا. ڕێگای چارەسەرکردنی ستالین چواربەشی لەخۆ دەگرتەوە: ١) ئەگەری سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا هەیە. ٢) بە مەرجی خێرا سەنعەتیبوون، سۆسیالیزم دەتوانێ بەبێ سەرهەڵدانی شۆڕش لە ڕۆژئاوا و یارمەتیی هێزە ناکۆمۆنیستەکان سەر بکەوێ. ٣) بردنەسەرەوەی داهاتی کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکیی پێشکەوتن و گەشەکردنی سەنعەتە، بۆ خێرا سەنعەتیکردنی وڵات پێویست بە پەرەپێدانی مەزرا کۆییەکان هەیە. ٤) بۆ هاوئاهەنگی پێشکەوتنی سەنعەتی و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ پێویست بە بەرنامەڕێژی خۆجێییە.

ساڵی ١٩٢٨ سەرەتای دەستپێکی بەرنامەدارشتنی کۆجێیی بە بیانووی «مەترسی هێرشی دەرەکی ئەمپریالیستەکان» و بە ناوی «گەشەسەندنی خێرای سەنعەتی» بوو. ئەم بەرنامەیە هەرچەند هۆی گەشەکردنی خێرا و بەرچاوی بەرهەمهێنانی سەنعەتی و کشتوکاڵ بوو، بەڵام هاوکات گەلێک کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووریشی لێ کەوتەوە. بۆ وێنە کۆییکردنی بەشی کشتوکاڵ و بردنەسەرەوەی ڕادەی خاوەندارییەتی گشتی لەم بوارەدا لە سەتا ٣.٣ بە ٩٨.٥ لە مەودایەکی کورتخایەنی ١٠ ساڵەدا، بوو بە هۆی خۆڕاگری ئەو وەرزێرانەی کە بەهۆی سیاسەتی «نێپ»ەوە کرابوونە چینێکی خۆشبژیو. دەوڵەتیش ئەم خۆڕاگرییەی بە سەرکوت و کۆمەڵکوژی، هەروەها سیاسەتی توند و بێبەزەیانەی کۆییکردنی بەشی کشتوکاڵ وەڵام دایەوە.

لەم دەورەیەدا تێرۆر، کوشتن و لە بەندیخانەخستنی ناڕازییەکان، بیرجیاوازان و تەنانەت بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت و کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی جیهان بە تایبەتی یوونانی و ئێرانییەکان گەیشتە لووتکەی خۆی. سوڵتانزادە، نیکبین، شەرقی، زەرە، ئیحسانوڵڵاخان و سەدان کۆمۆنیستی دیکەی ئێرانی گیانی خۆیان لە سۆڤییەت لەدەست دا یان ڕەوانەی سیبریا و ئوردووگاکانی ماگادان و هتد کران تا لە ژێر گوشار و ئەشکەنجە و سەرما و برسیەتیدا گیانیان بە تاوانی «دژبە گەل بوون» لەدەست بدەن. هەروەها لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا پاشتر کەسانێک وەکوو نیکۆلای ئیوانوڤیچ واویلۆڤ زانا و بلیمەتی بێوێنەی ڕووس، ناسراوە لە ئاستی جیهاندا، کە پسپۆڕی کشتوکاڵ و ژنێتیکناس بوو بەهۆی کەلکوەرگرتن لە شێوەی ژنێتیکی مێندڵ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی کشتوکاڵ، گیرا و لە بەندیخانەی شاری ڕاستۆڤ نیزیکی دۆن، پاش بێڕێزی و ئەشکەنجەیەکی زۆر، کوژرا. هەڵوێستی ستالین و ڕێبەرایەتیی حیزب بە نیسبەت وەرزێران، لە ئاکامدا بوو بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی کشتوکاڵ و مردنی سەدان هەزار کەس بەهۆی برسیەتی و قات و قڕی.

لە لایەکی دیکەشەوە سیاسەتی گەشەسەندنی خێرای سەنعەتی، سنووری نێوان پێکهاتە و ئەرکی حیزب و دەوڵەتی تێکدا و کەسانی ناپسپۆڕ ئەرکی جێبەجێ کردنی زۆربەی کارەکانیان لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت بەدەستەوە گرت. ئەم ئاکارە لە داهاتوودا کاریگەریی نەرێنیی خۆی لە تەواوی ڕەوتی دابینکردنی سۆسیالیزم و قەیرانەکانی ئەم وڵاتە پیشان دا.

***

* بە ڕووسیkynak، مەبەست لە کۆلاک وەرزێرە دەوڵەمەندەکان یان سەرمایەداری گوندە

پەیامی

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

بەبۆنەی نوێبوونەوەی ساڵ و نەورۆزی کوردەواری

هاونیشتمانیانی خۆشەویست!
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

سەرەتا و لە بەرەبەری هاتنی ساڵی نوێی کوردەواریدا، بەناوی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»ەوە، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی نوێبوونەوەی ساڵ و نەورۆزی ٢٧١٩ی کوردیتان لێ دەکەین.

ئێوە خەڵکی مافخوازی کوردستان هەموو ساڵێک سەرەڕای فشار و چاودێریی چڕی هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، توانیوتانە نوێبوونەوەی ساڵ و ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان بکەنە دەرفەتێک بۆ خۆشیدەربڕین و بانگەوازی ویست و داخوازییە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی خۆتان وەک نەتەوەیەک کە تا ئێستاش لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکان بێبەش کراوە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان لە کوردستان بە شێوەیەکی جیاواز لە هەمیشە بە پەیام و دروشم و هێمای تایبەتەوە بەڕێوەچوون کە نیشانەی بەرزیی ئاستی شعوور و هوشیاری نەتەوەیی و ڕێکخراوبوونی ئیرادەی گشتیی کۆمەڵگەی کوردستانە. بۆیە ئەمسالیش پێویستە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە ئاستێکی بەرینتردا، بە ناو و دروشم و هێمای تایبەتەوە، یەکگرتووانە بەڕیوە بچن و بکرێنەوە بە دەرفەتێک بۆ گەیاندنی کۆمەڵێک مانا و پەیامی نەتەوەیی و شوناسخوازانە. بۆیە «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» هەر وەک لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە چاوەڕوانی لێ دەکرا، لەم پێوەندییەدا یەکگرتووانە و لە سۆنگەی گرینگیدان بە زەروورەتی «یەکریزی» و «پێکەوەبوون» لە هەموو ئاست و بەستێنەکاندا، داوا لە خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانییەوە دەکا:

١) ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ لە ژێر ناوی «نەورۆزی سەمای ئازادی»دا بەڕێوە بچن.

٢) با دروشمی سەرەکیی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵمان، «یەکریزی و هاوکاریمان، ڕەمزی سەرکەوتنمانە» بێ.

٣) لە ڕێوڕەسمەکاندا لە «جامانە، هەوری و گوڵی سوور»، کەڵک وەربگرین.

خەڵکی خاوەن هەڵوێستی کوردستان لانیکەم لە ماوەی تەنیا چەند مانگی ڕابردوودا زیاتر لە هەمیشە نیشانیان داوە کە یەکگرتووانە بەدەم بانگەواز و داوای هێز و لایەنە سیاسییەکانی خۆیانەوە دێن و چاوەڕوانیشیان _لە قۆناغی ئێستای خەبات دژ بە سیاسەتە دژیگەلییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران_ یەکگرتوویی و پێکەوە بوونە. خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە کردەوە دژیگەلی و تێرۆریستییەکانی ڕێژیم؛ مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەسێدارەدانی سێ بەندکراوی سیاسیی کورد، زانیار و لوقمان مرادی و ڕامین حوسێن پەناهی، لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان و هەروەها بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی لە ٢ی ڕەشەممەی ئەمساڵ، نیشانیان دا کە یەکگرتووانە بە گژ سیاسەتی دوژمنکارانەی ڕێژیمدا دەچنەوە و خاوەنداری لە خەباتی شوناسخوازانەی خۆیان دەکەن. بۆیە چاوەڕوان دەکرێ بە بۆنەی نوێبوونەوەی ساڵ و نەورۆزی ئەمساڵیشەوە، یەکگرتووانە بە وەڕێخستنی ڕێوڕەسمی گشتی و جەماوەری، خاوەندارێتی لە ماف و ئازادییە کلتووری و نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن.

لەم پێوەندییەدا ئەرکی وتاربێژان، شاعیران و هونەرمەندانە کە نێوەرۆکی قسە و بابەت و هونەرەکەیان، تەژی بێت لە پەیامی؛ یەکگرتوویی، نەتەوەیی و بەگژداچوونەوەی زوڵم و زۆری و سیاسەتە دژیگەلییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. با لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵدا بە لەملکردنی «جامانە و هەوری» و بەدەستەوەگرتنی «گوڵی سوور» و بەرزکردنەوەی دروشمی «یەکڕیزی و هاوکاریمان، ڕەمزی سەرکەوتنمانە»، «سەمای ئازادی» بکەین و بیسەلمێنین کە لە وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی خۆمان وەک نەتەوەیەک بەردەوام و شێلگیرین.

نەورۆز لە هەمووان پیرۆز بێت.
بەهیوای ساڵێکی پڕ لە دەسکەوت و سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
١٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٧



برایم چووکەڵی

هەگبەی شاخ و شۆڕش

زەبرێ لە تۆڵەی قارەمانێ

گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی زوڵملێکراو و بندەست و مافخواز بۆ بەرگری لە مافەکانی و بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەو ژیانە پڕ لە ژانەی بەسەریدا سەپێنراوە، دوژمنانی بێجگە لە چەک هیچ ڕێگایەکیان بۆ نەهێشتۆتەوە. پێشمەرگە و تێکۆشەرانی گەلەکەشمان بۆوەی بتوانن ژیانێکی ئاسوودە و شیاو بۆ نەتەوە زوڵملێکراوەکەیان دەستەبەر بکەن، بەرامبەر بە دڕندەترین ڕێژیمی سەردەم وەستاونەتەوە.

گۆشەی «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەم ژمارەیەی ژمارەیەی «کوردستان» بە گێڕانەوەی قارەمانەتییەکی هێزی زاگرۆس دەڕازێتەوە، کە لە ماوەی چەند ساڵ خەباتی پڕشکۆی چەکداری لەبەرامبەر هێزی داگیرکەردا جێگا پەنجەیان دیارە.

هێزەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵەکانی ١٣٦٥_١٣٦٦دا زۆر بەهێز و تواناوە خۆیان دەرخست و لە مەیدانەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمندا بالادەستییەکی زۆریان نیشان دا. هێزی «زاگرۆس» کە بەهاری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی و لە هێزەکانی بێستوون، شەریفزادە و زرێباری مەریوان دروست ببوو، لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا هەڵدایەوە و دەیان عەمەلیاتی گەورە و بچووکی کرد کە بریتی بوون لە گرتنی پایەگا و تێکشکانی هێرشی دوژمن، کەمین نانەوە دژی هێزەکانی کۆماری. ئەم هێزە قارەمانە لەماوەی ئەو دووساڵەدا دەیان عەمەلیاتی ئازایانە و سەرکەوتووانەی لە دۆڵ و چیا سەرکەشەکانی ئەو ناوچەیە بەڕێوە برد. ئازایەتی ئەو هێزە لە ناوچەکانی سنە، کامیاران، کرماشان و مەریوان دەنگ و ناوبانگی دەرکردبوو. ئاماژە بە چەند عەمەلیاتی سنە، دەرەویان، پشتە، بێلەوار، شێرین سوار، جادەی کرماشان_سنە، چرووسانە، کۆساڵان، شەریفاوا، تیلەکۆ و ژاوەرۆ و دەیانی دیکە وێنەیەکی چووکەن کە هیچ کات خەڵکی ئەو ناوچانە لەبیری ناکەن.

چیا سەرکەشەکانی زاگرۆس بۆ ئەو هێزە قارەمانە وەک قەڵایەکی خۆڕاگر وابوو کە هەمیشە لە ڕۆژی تەنگانەدا نەک بۆیان پشت و پەنا بەڵکوو سەنگەرێک بوو و، دوژمن لە هەموو کاتەکاندا سەرشۆڕی بە نسیب دەبوو و سەرکەوتنیش بە هێزی پێشمەرگە دەبڕا.

ساڵی ١٣٦٦ و دوای ئەوەی هێزی زاگرۆس چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی کردبوو، دوژمنی بریندار بەبەردەوامی پێوشوێنی هەڵدەگرتن بەڵکوو بتوانێ بە زەبرلێدان لە شێرەکوڕانی دێموکرات کەمیک قەرەبووی شکستەکانی بکاتەوە. هێزی دوژمن بۆ ئەم مەبەستە زۆری هەوڵ دا بەڵام بەهۆی وشیاریی قارەمانانی هێزی زاگرۆس نەیتوانی بەو نیازە چەپەڵەی بگا. چونکی تێکۆشەرانی دێموکرات ماوەی چەند ساڵ بوو دەست و پەنجەیان لەگەڵ هێزی کۆنەپەرستی نەرم دەکرد و، هەموو پیلان و تاکتیکی دوژمنیان بە وشیاری و ئەزموونی کەڵەکەبووی خۆیان لێک هەڵدەوەشاند. لەلایەکی دیکەش پشت ئەستوور بە کۆمەڵانی خەڵک بوون و، ئەوەش سەلمێنەری ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگە هەڵقوڵاوی نێو هەناوی ئەو خەڵکە بوو و بۆیەش لێبڕاوانە بەهۆی دوو هێزی ئەسڵی واتە چیا و خەڵک، خەباتیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دژی داکیرکەر توندتر دەکرد.

لەکۆتایی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦دا تێکۆشەرانی دێموکرات لە هێزەکانی زاگرۆس و شاهۆ، بۆ وەشاندنی زەبرێکی کاریگەر و هاوبەش لە دوژمن هێرشیان کردە سەر پایەگای «دەژن». پاش زەبرێکی کاریگەر بەهۆی ئەوە پێشمەرگەیەک بەسەختی بریندار دەبێ پایەگایان بۆ ناگیرێ و بڕیاری پاشەکشە دەدەن. بەپێی ئوسوولی شەڕی پارتیزانی، دەبێ فەرماندەران بیر لە ڕۆژی دوایی و شوێنی حەسانەوە بکەنەوە. تێکۆشەرانی ئەو مەڵبەندە بۆ پشوودان «چاوگەی ئاویسەر» دیاری دەکەن و وێڕای بریندارەکە دیارە لە کاری شەڕی پارتیزانی بوونی بریندار هەم ڕێگا ڕۆیشتن دژوار دەکا و، هەمیش گواستنەوەکەی. بەڵام ئەوان بەهیمەتی خۆیان کاتژمێری ٢ی نیوەشەو لە سەر چاوگەی ئاویسەر بۆ پشوودان لادەدەن. سالار ئیبراهیمی، فەرماندەی قارەمانی ئەم هێزە چەند میترێک لەوان دوورتر دەگەڕا بۆ ئەوەی شوێنێکی شیاو بۆ مانەوەی پێشمەرگەکان بدۆزێتەوە کە لەپڕ دوژمن دەسڕێژی لێ دەکا و، ئەو قارەمانە هەر لەوێ شەهید دەبێ. پێشمەرگەکان بەبیستنی دەنگی تەقە خۆیان سازمان دەدەن بەڵام ئەمجارە بەبێ سالار، هەرچی بانگ دەکەن و دەبینن دەنگێک لە نرکەی جوامێرانەی سالار نییە. وەک چاوەڕوان دەکرا قوتابییەکانی قارەمانانی دێموکرات کە بە دەیان جار لە ڕۆژی تەنگانەدا وەدەست هاتوون، بەرەبەیانی ٢٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی یەکێکی دی لەو ڕۆژانەیە کە حەماسەیەکی تێدا دەخوڵقێنن. ڕۆڵە قارەمانەکانی گەل تاویان دا تفەنگ و لە دوژمن ڕاپەڕین، پاش سەعاتێک شەڕ سەنگەرەکانیان بە دوژمن چۆڵ کرد و زیاتر لە ١٥ کەس لە هێزی دوژمنیان کوشت و، چەند تفەنگێک و تەقەمەنییەکی زۆریان وەک دەسکەوت پێ بڕا. دوای ئەوەی بە هەواڵی شەهید بوونی فەرماندە سالار زاندرا، لە کاتێکدا شەڕ درێژەی بوو، ڕۆڵەکانی زاگرۆس و شاهۆ بڕیاریان دا بە یادی فەرماندە شەهیدەکەیان وەها زەبرێکی کاریگەر لە دوژمن بوەشێنن کە بە چیرۆک و بەسەرهات بنووسرێتەوە.

شەڕ تا ڕووناکایی بەیانی درێژەی هەبوو و لەگەڵ هەڵاتنی خۆر، چرای ڕووناکیی دوژمن کوژایەوە. بڕیاری فیداکارانی دێموکرات هێندە لێبڕاوانە بوو کە لە ماوەی چەند دەقیقەی ڕووناکیی بەیانیدا هەر هەموو سەنگەرەکان لە هێزی دوژمن ئەستێندرانەوە و بەرزاییەکانی «کوچک چەرموو»، «پشت کاشتر»، «سەرکۆ»، «پشتسێویە» و «مێرگەسار» لە هێزی دوژهمن پاک بوونەوە و هێزی پێشمەرگە زەبرێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند. بەڵام ئەوە کۆتایی شەڕ نەبوو، چونکی دوژمن جارێکی دیکە خۆی سازمان دایەوە و، لەژێر ئاوری قورسی تۆپخانەدا هێرشی کردەوە سەر پێشمەرگەکان. ئەو هێرشانە بۆ قەرەبووی شکستەکەی سەرلە بەیانییان بوو،و ئەمجارە هەڵۆکانی زاگرۆسی خۆڕاگرتر لە دوژمن ڕاسان و، ژمارەیەکی یەکجار بەرچاویان لە دوژمن کوشت و پاشەکشەیان پێ کردنەوە. لەو حەماسە خوڕاگرییەدا کە نیزیک بە ١٢ کاژمێری خایاند لانیکەم ٧٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بە دەیان قەبزە چەک و بە هەزاران فیشەک بەدەسکەوت گیران.

بەمجۆرە شێرەکوڕانی ئەو مەڵبەندە جارێکی دیکەش توانییان هەم یادی فەرماندەی قارەمانیان بەرز ڕابگرن، هەم زەبرێکی کاریگەر لە دوژمنی تاسلو بدەن. هەڵبەت ئەو سەرکەوتنە هەروا بە هاسانی وەدەست نەهات و، جیا لە فەرماندە سالار، سێ قارەمانی ئەو مەڵبەندە بەناوەکانی حەمەلار میکاییلی، باقر زەحمەتکێش و ماشەڵڵا سەید موردادی گیانیان کردە پردەبازی سەرکەوتن.

یادیان بەخێر و ڕێگای خەباتیان بەردەوام.

ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و ئورووپا بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران لێک نیزیک دەبنەوە؟

نیووزویک – گالیپ دالای
و: کەماڵ حەسەنپوور



Sun, Mar 03, 2019

Newsweek

SIGN IN SUBSCRIBE

U.S. World Business Tech & Science Culture Sports Health Opinion Ndelible Search

OPINION

ARE THE U.S. AND EUROPE COMING CLOSER TO WAR ON IRAN? | OPINION

GALIP DALAY
ON 2/22/19 AT 5:00 PM

Free Shipping
MiniInTheBox.com

LATEST SLIDESHOWS

Daniel Craig's Birthday: The James Bond Star's 15 Best Movies, Ranked from Worst to Best

لە ئێران هەستێکی سووکنایی و سەرکەوتن لە بارەی کۆنفڕانسی وەرشۆ هاتۆتە ئاراوە. ئەو کۆنفڕانسە کە بۆ وەگەڕخستنی هاوپەیمانییەکی نێونەتەوەیی دژی ئێران بەڕێوە چوو، ڕێژەیەکی کەم لە ڕوخساری ناسراوی کۆ کردنەوە، کە لەلایەن زۆر کەسەوە وەک شکستی ئەو کۆبوونەوە لێک دراوەتەوە. ڕووسیە بە ئاشکرا بانگهێشتنەکەی ڕەت کردەوە، لە کاتێکدا زۆر وڵاتی ڕۆژئاوای ئورووپا کاربەدەستی پلە خوارەوەیان بۆ بەشداریکردن لە کۆنفڕانسەکەدا نارد.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ڕوانگەی شەڕێکی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تۆ تووشی دڵەخورپە دەکا، بۆ خۆشحاڵبوون زوویە. وێدەچێ ئەو کۆنفڕانسە پتر لە هێرشێکی گشتیی بێبایەخ بۆ سەر ئێران بێ.

سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ئێران پڕۆسەیەکە نەوەک ڕووداوێک. کۆبوونەوەی وەرشۆ بەشێک لە سیاسەتی بەربڵاوتر بۆ تەریک خستنەوەی ئێرانە و لەسەر بنەمای سیاسەتی دوژمنانەی پێشوو دامەزراوە. لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، وڵاتە یەکگرتووەکان ڕیبەرایەتیی پێکهێنانی هاوپەیمانیی سەربازیی عەڕەبی دژی ئێران دەکا. کۆبوونەوەی وەرشۆ بەشێک بوو لە هەوڵی درووستکردنی هاوڕاییەکی نێونەتەوەیی دژی تاران.

بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕوخساری بەشداران، ئەو دەستپێشخەرییانە ئالنگاری مەزن بۆ توانایی ئێران و ئورووپا بۆ درووستکردنی سیاسەتی تایبەت بە خۆیان، جیا لە سیاسەتی ئەمریکا، بۆ ناوچەکە ساز دەکا. کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی هاوڕایی ئەمبەر ئەوبەری ئاتلانتیکی لە بارەی ئێران تێک شکاندووە. بە کۆبوونەوەکەی لەهێستان، وێدەچێ وڵاتە یەکگرتووەکان هاوڕایی نێوخۆیی ئورووپای بەرامبەر بە ئێران تێک دابێ و، ئەو تێکچوونە تەنیا لە چوارچێوەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئورووپا نامێنێتەوە، کە بەپێی نەریت هەڵوێستیان لە هی وڵاتە یەکگرتووەکان نیزیکترە تا دەوڵەتانی خۆرئاوای ئورووپا. ئەگەرچی وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا، جێرێمی هانت، بە ڕواڵەت تەنیا بۆ بەشداریکردن لە باسەکانی پەیوەندیدار بە یەمەن بەشداری لە کۆنفڕانسەکەدا کرد. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیتالیا، ئینزۆ مۆئاڤێرۆ میلانێسی، یەکێک لەو وەزیرانە بوو کە لە وەرشۆ بوو. کەوابوو ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکان لە کوێ جیاوازیی بۆچوونیان بەرامبەر بە ئێران هەیە؟

وڵاتە یەکگرتووەکان دەیهەوێ جارێکی دیکە پێناسەی ژێئۆپۆلیتیکیی ئێران و ڕێژیمەکەی تەریک بخاتەوە و پێش بە ئاساییبوونەوەی زیاتری ئێران لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان بگرێ. بۆیە ئامریکا سیاسەتە ناوچەییە قیزەونەکەی ئێران وەک ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی شێوەی پڕ ئاریشەی ئەو ڕێژیمە دەنوێنێ کە ئاکامی ئەو هەڵوێستە ئەوەیە کە وەڵامی کۆتایی بۆ پرسی ئێران گۆڕینی ڕێژیمە، نەوەک گۆڕینی سیاسەت. شێوەی ئاخاوتنی بەڕێوەبەرایەتیی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکان و چالاکییە سیاسییەکانی بە ئاشکرا ئەو بۆچوونە پشتڕاشت دەکەنەوە. جیاوازیی سەرەکیی نێوخۆیی وێدەچێ لە نێوان لایەنگرانی شێوەی «ڕەقی» گۆڕینی ڕێژیم، کە پێویستی بە بەرەوڕووبوونەوەی سەربازی دەبێ و، هەندێک لایەنی نێو دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لایەنگری بیرۆکەی شێوەی هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤییەت لە نێوەوە بەهۆی گەمارۆی سەختی ئابووری و تەریککەوتنەوەی نێوخۆیین.

بەپێچەوانە، ئورووپاییەکان زۆرتر لایەنگری بیرۆکەی سیاسەتی ئاڵوگۆڕی ڕەفتارن لە جیات گۆڕینی ڕێژیم. ئەوان بە شێوەی ڕووڕاست دەڵێن: تا ئێران زۆرتر ئاسایی بێ لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، زۆرتر دەتوانێ داوا لە ئێران بکەی کە بە شێوەی «ئاسایی» بجووڵێتەوە. سەپاندنەوەی گەمارۆکان نیشان دەدا کە ڕۆژئاوا بەتەمای گۆڕینی خودی ڕێژیمە، نەوەک ڕەفتاری ڕێژیم و، ئەوە دەبێتە هۆی خۆبواردنی ئێران لە هاوکاریکردنی ڕۆژئاوا.

بەڵام، ئەگەر پرسی ڕێککەوتنی ئەتۆمی و گۆڕینی ڕێژیم وەلا بنێین، هاوڕاییەکی بەرچاو لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئورووپا لە بارەی ئێراندا هەیە. ئورووپا دەتوانێ دووبارە چەسپاندنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان لە سەر ئێران ڕەت بکاتەوە، کە بە نۆبەی خۆی نیگەرانیی ئێران لەبارەی هەرەسهێنان بە شێوەی یەکیەتیی سۆڤییەت کەم بکاتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا وێدەچێ ئورووپا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لەبارەی بەرنامەی مووشەکی، سیاسەتی ناوچەیی و ڕایەڵەی میلیشیاکانی ئێران هاوڕا بێ.

بێگومان، بەرنامەی مووشەکی و لایەنی میلیشیایی سیاسەتی ناوچەیی ئێران جێ متمانەترین پرسن کە ئورووپا بتوانێ خۆی لە وڵاتە یەکگرتووەکان نیزیک بکاتەوە. بریتانیا و هەروەها فەڕانسە باسیان کرد کە تاقیکاریی مووشەکی مەودا مامناوەندیی بالیستیکیی ئێران لەوانەیە پێشێلکردنی ئەرکداریییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ. بە هەمان شێوە، چەند وڵاتی گرینگی ئورووپا بە شێوەیەکی پەرەئەستێن باسی نیگەرانییەکانیان لە بارەی سیاسەتی ناوچەیی ئێران، بە تایبەتی ڕایەڵەی هاوپەیمانە ناوچەییەکانی دەوڵەتی و نادەوڵەتی، لە نێویاندا شیعەکانی حەشدی شەعبی لایەنگری ئێران لە عێراق، ڕێژیمی ئەسەد، حیزبوڵڵای لوبنان و حووسییەکانی یەمەن، دەکەن. ڕوانگەی ئێران لەبارەی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لەسەر بنەمای پاراستنی ڕایەڵەی هاوپەیمانەکانی لە ناوچە دامەزراوە، بەڵام ئەو هەڵوێستە زێدەخوازانە لە لایەن خاوەن هێزانی ناوچە تووشی شکست دەبێ.

وێناچێ ئێران بەو زووانە دەست لە سیاسەتە ناوچەیی یا بەرنامە مووشەکییەکەی هەڵگرێ. بە پێچەوانە هەرچی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆرتر هەوڵی پێکهێنانی بەرەی دژی ئێران بدا، بیانووی زۆرتر دەداتە دەست ئێران تا حوزووری خۆی لە ناوچە و ڕایەڵەکەی بپارێزێ، چونکە ئەوە تەنیا شتێکە کە ئێران بەشێوەیەکی کاریگەر دەتوانێ وتوێژ لەگەڵ لایەنە نێونەتەوەیی و هەروەها ناوچەییەکان بکا. پوتانسیێلی ئێران بۆ زەرەر و ئازاری دوژمنە ناوچەییەکانی و، تواناییەکەی بۆ پووچەڵکردنەوەی بەرنامەی خاوەن هێزە نێونەتەوەییەکان هۆی سەرەکیی هاندانی زۆر لایەنن بۆ هەڵسوکەوت و وتوێژ لەگەڵ ئێران. ئێران کە بە تەواوی ئاگاداری ئەو ڕاستییەیە وێناچێ بیهەوێ حوزووری خۆی لە ناوچەدا بەرتەسک بکاتەوە.

ئەوە دەبێتە هۆی ئاڵقەی بێکۆتایی. ئەگەر ئێران کاردانەوەی توندی بەرامبەر بە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئورووپا لە بارەی بەرنامەی مووشەکیی خۆی و سیاسەتی هەرێمی هەبێ، ئەوە دەبێتە هۆی لێک نیزیکتر بوونەوەی ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکان لە بارەی ئێرانەوە کە بە نۆبەی خۆی دەبێتە هۆی دەستپێکی سەردەمێکی نوێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و ڕۆژئاوا.

ئەوە شتێکی گاڵتەجارانە بوو کاتێک کە بەشدارانی کۆبوونەوەی وەرشۆ بیریان لە پرسی پێشگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران دەکردەوە، ڕێبەرانی تورکیە، ڕووسیە و ئێران لە سووچی کۆبوونەوەیان هەبوو تا بەرنامەی ئاراستەی نوێی سووریە داڕێژن. کاردانەوەیەکی دیکەی کۆبوونەوەی وەرشۆ، ئەگەر لە ڕێگای پلاتفۆرم و ئامرازی دیکە بیانهەوێ بە ئاکامی بگەیەنن، دەتوانێ ببێتە هۆی هێنانەدیی بەرەی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست: وڵاتانی عەڕەبیی کەنداو هاوهەڵوێست لەگەڵ ئیسراییل و وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرامبەر وڵاتانی غەیری عەڕەبیی باکووری ئەوان (تورکیە و ئێران) کە وێدەچێ بە هۆی پراگماتیستی هاوکاریی ڕووسیە بکەن.

سیاسەتی هەنووکەیی ناوچەیی وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕایەڵەی هاوپەیمانەکانی بەرەی دواتر هان دەدا کە ناکۆکییەکانیان وەلا بنێن و بۆ ماوەیەکی زۆرتر پێکەوە بمێننەوە. ئەوە بە نۆبەی خۆی دەبێتە هۆی قووڵتر بوونی کەلێن لە ناوچەدا، دەوری ناوچەیی ڕووسیە بەهێزتر دەکا و مەودای کەمتر بە ئورووپا دەدا کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا مانۆڕ بدا.

کار گەیوەتە جێیەک کە شیری وشک بە کارت و ناسنامە بدرێتە خەڵک

بە هۆی گرانی و نەبوونی کەلوپەلی خواردەمەنی لە بازاڕەکانی ئێراندا، وای لێ هاتووە هێندێک پێداویستی و کەلوپەل بە ناسنامە بە خەڵک بفرۆشرێ. بەدواداچوونە مەیدانییەکان باس لەوە دەکەن لە شیری وشک لە بازاڕەکانی ئێراندا، بە هۆی گرانبوونی لە ڕادەبەدەر لە توانای کڕینی خەڵکدا نییە و خەڵک ناچارن بۆ کڕینی شیری وشک بۆ منداڵەکانیان ڕوو لە دەرمانخانەکان بکەن، کە بۆ فرۆشتنی شیر داوای کارتی پێناسەیان لێ دەکەن.

لەئێستادا دابینکردنی شیری وشک و پووشاکی منداڵان بووەتە یەکێک لە داڵغە و نیگەرانییەکانی بنەماڵەکان، چونکی نرخی ئەم دوو کاڵایە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گرانتر دەبێ و سەرباقی ئەوە بە کەمییش دەست دەکەون.

ئەسغەر سەلیمی، وتەبێژی کۆمسیۆنی شۆراکان و کاروباری مەجلیسی ڕێژیمی ئێران، لە مانگی سەرماوەزدا باسی لەوە کردبوو: زۆر لە دایکان بۆ خوراکی منداڵەکانیان شیری وشک بەکار دێنن، بەڵام کەمیی شیری وشک لە بازاڕەکاندا قەیرانێکی گەورەی بۆ دایک و باوکەکان ساز کردوە.

چالاکی بازاڕی ڕایان وایە کە بە هۆی گەمارۆوەکانی ئامریکا و ناکارامەیی بەڕێوەبەری وڵات و دەست لەکارکشانەوەی کۆمپانیاکان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و هەروەها مایەپووچبوونی بەرهەمە نێوخۆییەکانی ئێران، زۆر لە کاڵا و لە پێداویستییەکان، گران بوون یا بە کەمی دەست دەکەون و، ئەوەش کێشە و سەرئێشەیەکی زیاتری بۆ خەڵک دروست کردوە.

فێرکردنی زمانی دایک
لە خزمەت بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەییدا



قادر وریا

زمانی ئێمە، ناسنامەی ئێمەیە

زمانی دایک، زمانی نەتەوەیی

زمانی دایک بۆ ئێمەی کوردستانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، زمانی کوردییە. واتە زمانی دایک بۆ ئێمە، زمانی نەتەوەییمانە. چونکە تێکەڵاوی و ژیانی هاوبەش پێکەوە نان لەنێو خەڵکی ئێمە لە گەڵ ژن و پیاو لە زمان و نەتەوەکانی دیکە، بە هۆی کولتووری، ئایینی و هتد ئەوەندە زۆر نییە و زمانی دایکی لە سەتا ٩٠- ئەگەر نەڵێم زیاتر-ی ئێمە زمانی نەتەوکەمان واتە زمانی کوردییە.

خوێندن بە زمانی دایک

مەبەست لە خوێندن بە زمانی دایک، بە فەرمی ناسرانی زمانێک یا چەند زمانی دیاریکراو لە لایەن دەسەڵاتی وڵات و، ملدان و هاوکاری کردنی دام و دەزگا فەرمییەکانی وڵات بە ئامانجی بەڕێوەچوونی سیستەمی پەروەردە و فیرکردن واتە خوێندن بەو زمانانە، لە جۆغرافیا یا هەرێم و ناوچەی دیاریکراو دایە.

ئەگەرقبووڵ بکرێ کوردی ببێتە زمانی خوێندن، پێویستە کتێبی خوێندن بە کوردی هەبێ، مامۆستای کورد یا کوردیزان وانە بڵێنەوە، وانە گوتنەوە بە کوردی دەبێ، تێچووی خوێندنەکەش لە دابینکردنی قوتابخانەوە هەتا دەگاتە چاپی کتێب و ڕاهێنانی مامۆستا، حکوومەت لێی بەرپرسیار دەبێ. نەک هەر لە قۆناغی سەرەتایی بەڵکوو لە قۆناغی ناوەندی و زانکۆشدا ئەوە بەردەوام دەبێ. ئەم خوێندنە، شتێک نابێ لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردەی وڵات، بەڵکوو بەشێک دەبێ لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی وڵات. بۆ ئەوەش پردێکی پێوەندی هەبێ بۆ لێک تێگەیشتن لە نێوان ئاخێوەری ئەو زمانە و خەڵکی ئەو هەرێم و ناوچانەی بەو زمانە دەخوێنن، لە گەڵ دام و دەزگای حکوومەتی، پەروەردەیی و زانستیی سەرانسەری وڵات و هەر وەها لە گەڵ خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئەو وڵاتە کە زمانێکی دیکەیان هەیە، عادەتەن زمانێک کە پێشتر لەو وڵاتە وەک زمانی هاوبەش بەکار هاتووە، یا تاکە زمانی فەرمی بووە، لە پەنا زمانی خەڵکی ناوچەکە دەخوێندرێ. دیارە پرسی چەند زمانی و بە فەرمی ناسینیان یەک جۆر چارەسەری نییە و، بە پێی وڵات و سیستەمی سیاسی، مۆدێلی جیاوازیش هەیە.

خوێندن بە زمانێک باشترین جۆری بە فەرمی ناسینی زمانێکە، چونکە:

- زمانەکە لە ڕووی زانستی و پەروەردەییەوە گەشە دەکا، ناچارە خۆی ئەرکدار بکا کە وەڵامدەری پێداویستییە زانستیی و فێرکارییەکان بێ. کە خوێندن بە کوردی بوو، زمان پەل دەکێشی بۆ هەموو بوارەکان وەک ئەدەبیات، زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە مێژوو، جۆگرافیا، زمانەوانی و هتد، هەر وەها زانستەکانی وەک زیندەوەرناسی بیرکاری، کیمیا، فیزیا، ئەندازیاری، بیناسازی، کۆمپیوتێر و هتد.

- پێگە و جێگەی زمان لای ئاخێوەری زمانەکە دەچێتە سەر. چونکە دەبینێ وەک زمانەکانی دیکە پێی دەخوێندرێ و بڕوانامە بەو زمانە ئیعتیباری هەیە. ئەو بڕوایەی لە لا دروست دەبێ کە گرنگیی زانستی و سیاسیی لە زمانەکانی دیکە کەمتر نییە.

- بەو هۆیەوە کە زمانەکە پێی دەخوێندرێ، دەچێتە نێو هەموو چینێک و لای هەموو تاکێک. نەک هەر لە ڕووی زانستی و فێرکارییەوە دەوڵەمەند دەبێ و گەشە دەکا، بەڵکوو لە ڕووی چەندایەتییشەوە، لە ڕووی ژمارەی ئەو کەسانەی ناچار دەبن بەردەوام لە گەڵ ئەو زمانەدا بژین، پەرە دەستێنێ.

- خوێندن بە زمانێک لە دەسپێکی چوونە قوتابخانەوە، لە ڕووی دەروونی و عاتفییەوە، بەستراوەیی و هۆگری و سۆزداری بەرامبەر ئەو زمانە و خەڵکێک کە بەو زمانە قسە دەکەن، لەو کەسەدا کە پێی دەخوێنێ دروست دەکەن. واتە بە شیوەیەکی نەرم و بەرە بەرە، خۆشەویستیی زمانەکە و هۆگری بەو سەرزەوییەی زمانەکە هی ئەوێیە و خەڵکێک کە بەم زمانە قسە دەکەن، لە هەست و نەستی خوێندەوارەکەدا دەچێنن.

دیارە ئەم خاڵە ئەرێنیانە لایەنی نەتەوەیی و شوناسخوازانەیان هەیە. بەڵام لە ڕووی زانستی و پەروەردەییشەوە، خویندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی خێراتربوونی پرۆسەی وەرگرتن و فێربوون لای فێرخواز، کەمبوونەوەی خۆدزینەوە لە چوون بۆ قوتابخانە و دەستهەڵگرتن لە خویندن، هەر وەها زیاتربوونی ژمارەی دەرچووان و چوونەسەری ڕاندومانی خوێندن و فێرکردن.

بەردەوامیی بێبەشیی نەتەوەی کورد لە مافی خویندن بە زمانەکەیان و ئەرکمان:

لە دوو پارچەی کوردستان، ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان، خوێندن بە زمانی کوردی، هەر وا قەدەغەیە. لەو دوو بەشەی کوردستان، منداڵی کورد لە هەموو قۆناغەکانی خویندندا لەو مافە بێبەشە کە بە زمانی خۆی بخوێنێ. ئەمەش لە کاتێک دایە کە هیچ بڕیارنامە و پەسندکراوێکی نێودەوڵەتی، ڕەوایی بەو بێبەشکردنە نادەن و بە پێچەوانەوە، پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، ئەم مافە (خوێندن بە زمانی دایک و لە بازنەیەکی گەورەتردا، خوێندنی نەتەوەیەک یا کەمایەتییەکی نەتەوەیی بە زمانەکەی خۆی)، بە مافێکی مرۆیی و سەرچاوەگرتوو لە پەسندکراوە نیودەوڵەتییەکان دەزانن. دیارە ئەم بێبەشکردنە لە سیاسەتێکی شۆڤێنیستی و ڕەگەزپەرستانەی دەسەڵات و ڕێژیمی سیاسیی ئەو وڵاتانەوە سەرچاوە دەگرێ کە کوردستانیان بە سەر خۆیان دا دابەش کردوە.

دیارە وەنەبێ ئەو ڕێژیمانە هەر تەنیا مافی خوێندن بە زمانی کوردییان بە ڕەسمی نەناسیبێ، هەر لە جێدا ئەمەیان قبووڵ نیە کە کوردیش نەتەوەیەکە و ئەو مافەی هەیە لە سەرنیشتمانەکەی خۆی _تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەی بەسەریدا دابەش کراوە_خۆی بەڕێوە ببا، حکوومەتی ناوچەیی خۆی هەبێ، کاروباری خۆبەڕێوەبردنی بە زمانی خەڵکی ناوچەکە بێ و هتد. جا دیارە کاتێک مافی ئەوەی پێ ڕەوا نەبینن کە شار و ناوچە و خەڵکی خۆی بەڕێوە ببا، لە دەسەڵاتە گشتی و سەرانسەرییەکەشدا، ڕێگای هاوبەشیکردن و گرتنە دەستی پۆستی سەرەکی پێ نادەن. ئێران و تورکیە ئەگەر لە زۆر شتیشدا لێک جیاواز بن، لەوەدا وەک یەکن کە حاشا لە بوونی نەتەوەی دیکە لە وڵاتەکەیاندا دەکەن. لە ڕوانگەی ڕێژیمەکانی ئەو دوو وڵاتەوە، ئێران وڵاتی نەتەوەیەکە بە ناوی ئێران کە زمانەکەی فارسییە. تورکیەش وڵاتی نەتەوەی تورکە کە زمانەکەی تورکییە!

لە عێراق هەر لە کۆنەوە مافی خویندن بە زمانی کوردی هەبووە، واتە لە سەردەمی ڕێژیمی شایەتییەوە، دواتر لەگەڵ ئەو هەمووە سیاسەتی درندانەش کە حکوومەتی بەعس بەرامبەر بە کوردستان و نەتەوەی کورد هەیبوو، بەڵام مافی خوێندن بە زمانی کوردی هەر مایەوە. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩٠ و پێکهاتنی حکوومەت و پارلمانی کوردستان، زمانی کوردی دەرەتانی ئەوەی بۆ پێک هات کە لە هەموو بوارەکاندا، کاری پێ بکرێ و گەشە بکا و وەک زمانی سەرەکیی دەسەڵات و دام و دەزگای ڕەسمی، زۆرترین پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێ.

دیارە لە سووریەش لەو کاتەوە کە ئەو وڵاتە هاتووەتە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان، هەر عەقڵیەتێکی لەو چەشنە زاڵ بووە: سووریە، وڵاتێکی عەرەبییە و یەک نەتەوەی لێ دەژی و یەک زمانی هەیە ئەویش زمانی عەرەبییە! تەنیا لەم ساڵانەی دواییدا،کە بە هۆی شەڕی نێوخۆیی لە سووریە، دەستی حکوومەت لە ناوچە کوردییەکان کورت بووەتەوە و هێزی کوردی ڕۆژاڤای کوردستان بەڕێوە دەبەن، دەرفەت بۆ منداڵانی کورد ڕەخساوە بە زمانی خۆیان بخوێنن.

ئایا گۆڕانێک بە ڕێگاوەیە؟

لەماوەی ٧٥ساڵی ڕابردوودا حکوومەتەکان لە ئێران و تورکیە چ ئالوگۆڕێکیان لەم بارەیەوە لە سیاسەتی خۆیاندا پێک هێناوە؟

لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن حکوومەتەوە گۆڕانێک بە سەر ئەم بێبەشییەی نەتەوەکان لە خوێندن بە زمانی خۆیاندا پێک نەهاتووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە سەر هەمان سیاسەتی ڕێژیمی پێشوو دەڕوا کە دژایەتییە لەگەڵ مافی نەتەوەیی کورد و نەتەوەکانی دیکە. دژایەتییە لەگەڵ خویندن بە زمانەکانی دیکە جگە لە زمانی فارسی. تەنیا ئالوگۆڕێک کە لە دوای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە پێک هاتووە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە ساڵی ١٩٧٩ کە بۆ یەکەم جار یاسای بنەڕەتی یا دەستووری ئەم نیزامە نوێیە (کۆماری ئیسلامی) پەسند کرا، ئەسلێکی تێدا گونجا (ئەسلی ١٥ی قانوونی ئەساسی)، کە دەڵێ: «زمان و خەتتی ڕەسمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران زمانی فارسییە. بەڵگەنامەکان، نامەنووسین، دەقە ڕەسمییەکان و کتێبی دەرسی بەو زمان و خەتتەن. بەڵام خوێندنی زمانە خۆجێیی (محلی) و قەومییەکان لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتیەکان و خوێندنی ئەدەبیاتی ئەوان لە قوتابخانە لە تەنیشت زمانی فارسییەوە ئازادە.»(*)

لە باکووری کوردستانیش گۆڕانێک کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە لەم ساڵانەی دواییدا (١٠ ساڵی ڕابردوو)، وشەی کورد کە جاران بەکارهێنانی وشەکەش قەدەغە بوو، ئێستا قەدەغەی لە سەر هەڵگیراوە، ڕێگەی چاپی کتێبی کوردی دراوە، تەلەڤیزیۆنی حکوومەتی بەرنامەی بە زمانی کوردی هەیە. بەڵام نە تەنیا دان بەوە دانەنراوە کە کورد نەتەوەی دووهەمە لەو وڵاتە و مافەکانیشی بە فەرمی نەناسراوە، خوێندن بە زمانی کوردییش هەر وا قەدەغەیە.

چی بکەین بۆ ئەوەی لە ئامانجی خویندن بە زمانی کوردی دوور نەکەوینەوە؟

ئەم پرسیارە کۆمەڵێک پرسیاری دیکە بە دوای خۆیدا دێنێ. بۆ وێنە مەبەستمان منداڵانی کورد لە کوردستانە یا دەرەوەی وڵات؟ ئەگەرنێوخۆی کوردستانمان مەبەستە کە لەوێ منداڵی کورد مافی بێ ئەم لاو ئەو لای خۆیەتی بە زمانی دایکی بخوێنێ، وەک دەبینین ئێستا لە دوو پارچەی کوردستان لەو مافە بێبەشە و بە کردەوە ناتوانێ بەو زمانە بخوێنێ. ئەدی وەک کورد لە هەر بەشێکی کوردستان بۆ گەیشتن بەو مافە چ بکەین؟ هەتا بەو مافە دەگەین، چ ئەرکێکی پێویست هەیە ، ئێستا لێی غافڵ نەبین و ئەنجامی بدەین؟ لەم بارەیەوە بۆ بنەماڵە کوردەکان لە دەرەوەی کوردستان، لە پێوەندی لە گەڵ منداڵ و زمانەکەیان چ ئەرکێک دیاری دەکەین؟ بە سەدان هەزار کورد لە دەرەوەی کوردستان، لە هەندەران، یا هەرلە تورکیە و ئێران و عێراق و سووریە، بەڵام دوور لە کوردستان دەژین. بە سەرنجدان بە دوورکەوتنەوەیان لە کۆمەڵی کوردی و تێکەڵاوییان لە گەڵ زمانی دیکە و ناچاربوونیان بە خوێندن و قسەکردن بە زمانی دیکە، ئەوانیش مەترسیی تایبەت بە خۆیان لە سەرە کە لە بیرچوونەوەی بەرەبەرەی زمانەکەیانە.

لە نێوخۆی کوردستان، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەلف: خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانمان، وەکوو بەستەیەکی گشتی

بۆ بەڕەسمی ناسرانی ئەو مافانە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە پێویستە لە سەرخەبات بەردەوام و تەنانەت شێلگیرتر بین. دیارە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانیەوە هەتا ئێستا، بە فەرمی ناسرانی زمانی کوردی و بەکارهاتنی لە خوێندن و کارو باری حکوومەتی و بەڕێوەبەری لە کوردستان، لە بەرنامەیدا هەبووە. ئەگەر لە قۆناغێک یا چەند قۆناغێکیشدا بۆ خۆی دەسەڵاتی بەدەست بووبێ، لە سەر ڕێککەوتن و بە فەرمی ناسین و دانپێدانانی حکوومەتی ناوەندی، ڕانەوەستاوە و بۆ خۆی ئەم مافەی بە کردەوە جێبەجێ کردوە. وەک سەردەمی کۆماری کوردستان و سەردەمی دوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی کە خوێندن بە زمانی کوردیی وەڕێ خست.

ب: داوای مافی خوێندن بە زمانی کوردی وەک داوایەکی دیاریکراو

بەو هۆیەوە کە: ١) لە نێو نەتەوەکانی دیکەش، ئەم داوایە هەیە، ٢) دەستووری ئێران و ئەسلی ١٥ی قانوونی ئەساسی، مەجالێکن بۆ بەداداچوونی ئەو داوایە، و ٣) ئەم داوایە پتر نێوەرۆکێکی حقووقی و کولتووریی هەیە تا سیاسی، پێویستە بە شێوەی «مەوریدی»یش خەباتی بۆ بکرێ. بە تایبەتی بۆ خەباتی مەدەنی و پارلمانی، ئەم داوایە دەتوانێ داواکارییەکی گونجاو بێ.

ج: فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی

کارێک کە بە خۆشییەوە چەندین ساڵە لە شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردوە و بەهەزاران کەس لەم ڕێگایەوە فێری کوردی خوێندنەوە و کوردی نووسین بوون و بە زمان و ئەدەبیاتی کوردییەوە گرێ دراون. ئەمانە بە هیممەتی چالاکانی فەرهەنگی و کەسانی دلسۆزی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و بە پشتیوانیی خەڵک و بە بێ یارمەتیی حکوومەتی کراون. هەم لاوەکانی لە زۆر شتی خراپ گێڕاوەتەوە، هەم فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانەکەی خۆی کردوون، هەم گیان و باوەڕ و هۆگریی نەتەوەیی لە نێودا دروست کردوون. ئەمەش ئەگەرچی خوێندن بە زمانی کوردی نییە، بەڵام جۆرێکە لە خۆبەخاوەن کردن لە زمانەکە و ئامادەیی پێکهێنان بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لە یەکەم دەرفەتدا.

ئەرکی زمانیی بنەماڵە کوردەکانی دوور لە کوردستان

ئەو منداڵە کوردانەی دوور لە کوردستان گەورە دەبن، ئەگەر لە کۆمەڵ و وڵاتێکی ئازادیش بژین، پتر لە منداڵانی کوردستانی بندەست و بێبەش لە مافی نەتەوەیی و خوێندن بە زمانی دایک، لە ڕووی زمانەوە مەترسییان لە سەرە. منداڵانی کوردستان ئەگەر بەزمانی خۆشیان نەتوانن بخوێنن، چونکە لە نێو نەتەوەیەکی لە حاڵی خەباتدا گەورە دەبن، بەو هۆیەوە کە ڕۆژانە سووکایەتی بە زمانەکەیان و بە شوناسەکەیان دەکرێ، هەستی توند پێوەنووسان بە شوناسی خۆیان تێدا پێک دێ و بەردەوام سۆز و هۆگرییان بۆ زمانەکەیان زیاد دەبێ. لانیکەم ڕۆژانە قسەی پێ دەکەن هەم لە ماڵەوە، هەم لە نێو کۆمەڵ. بەڵام منداڵی بنەماڵەی دوورکەوتۆوە لە کوردستان، دۆخێکی جیاوازیان هەیە. جگە لەوەی کەمنداڵەکەیان بە زمانێکی دیکە دەخوێنێ، لە دەرەوەی ماڵ ناچارن بە زمانێکی دیکە قسە بکەن. بەرە بەرە کە کۆڕ و کۆمەڵی کوردی دادەبڕێن. ئەوانەی لە ئورووپا و ئەمریکا و کانادا و ئوسترالیان، لە ماڵەوەش کەمتر ئەندامانی بنەماڵە دەتوانن بە یەکەوە بن. بەرە بەرە لە مۆسیقا و گۆرانیی کوردی و بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی کوردی دوور دەکەونەوە. ساڵ بە ساڵ لە ئەلفوبیی کوردی و نووسین و خوێندەوەی کوردی پتر نامۆ دەبن. ئەوەشمان لەبیر بێ منداڵی ئەم ڕۆژگارە ئەوەندەی حەزی لە تەنیایی و کات بەسەربردن لە گەڵ موبایل و ئایپادەکەیەتی، ئەوەندە حەزی لە دانیشتن لای دایک و باب و میوان نییە. بەم جۆرە ئەگەر لەم وەزعە بێخەم بین دوای ماوەیەک دەبینین منداڵانی کورد لە دەرەوەی وڵات بە تەواوی لە زمانەکەی خۆیان دادەبڕێن. ئەمە کێشەیەکە کە من بە داخەوە مشوورخواردنێکی جیددی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نابینم.

دەتوانین چ بکەین؟

ئەلف: سوود وەرگرتن لە ماف و ئیمکانی خوێندنی زمانی دایک کەلەوڵاتانی ڕۆژاوایی هەیە

زۆر لەو وڵاتانە مافی خوێندنی زمانی دایکیان بۆ منداڵانی گرووپە زمانی و نەتەوەییە جیاوازەکان بە ڕەسمی ناسیوە و ئامادەن تێچووی ئەم خوێندنە دابین بکەن. بەڵام خۆ ئەو وڵاتە بە زۆر ئەم مافەت بە سەر داناسەپێنێ. بنەماڵە کوردەکان دەبێ بۆ خۆیان لە ئاست داهاتووی زمانەکەیان و نامۆنەبوونی منداڵەکانیان لەگەڵ زمانی نەتەوەکەیان، هەست بە بەرپرسایەتی بکەن. بەداداچوون بکەن، داوای مامۆستا و قوتابخانە بکەن بۆ ئەوەی لەڕۆژانێکی دیاریکراوی حەوتوودا، منداڵەکانیان فێری خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بن.

ب: دانەبڕان لە کۆڕو کۆمەڵی کوردی و بنەماڵە کوردەکان

بۆ ئەوەی منداڵی کورد حەز و هۆگریی قسەکردن بە زمانی دایکی و فێربوونی خوێندن و نووسین بەو زمانەی تێدا بمێنێ، پێویستە ئەو بۆنە و بوارانەی ئەو بەو زمانە و ئاخێوەرانی ئەو زمانە دەبەستنەوە بۆی پێک بهێنرێ. جێژن و بۆنە کولتوورییە کوردییەکانی وەک نەورۆز و ٢ی ڕێبەندان کە بە بەشداریی بنەماڵە کوردەکان پێک دێ، زەماوەند و بەرنامەی هونەریی جۆراوجۆر، هاتوچۆ و تێکەڵاویی بنەماڵە کوردەکان، سەفەر بۆ کوردستان، قسەکردن بە زمانی کوردی لە ماڵەوە، هەر یەک لەمانە دەتوانن ئەو منداڵانە تا ڕادەیەک لە بازنەی زمانی کوردی دا بێڵنەوە.

ج: پێکهێنانی خۆشەویستیی زمان و شوناسی نەتەوەیی لە منداڵان و مێرمنداڵاندا ئەرکە لە سەر دایک و باب و گەورەکان، هۆگری و خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمانی کورد و زمان و کولتووری کوردی لە منداڵان و مێرمنداڵانیاندا بە هێز بکەن. ئەمەش بەشێکی لە ڕێگای هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و ئەو پێوەندییە تایبەتیەی لە نێوانیاندا هەیە، دەکرێ. خۆبواردنی گەورەکان لە زێدەڕۆیی لە سەر قامکدانان لە کەموکووڕی و دیاردە نەرێنییەکانی دەسەڵاتی کوردی و حیزبی کوردی و کۆمەڵگەی کوردییش دەتوانێ ڕێگایەکی دیکە بێ بۆ زیان نەگەیاندن بەو خۆشەویستی و هۆگرییە.

***

(*) **اصل پانزدهم (١٥) قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران:**

زبان و خط رسمی و مشترک مردم ایران فارسی است. اسناد و مکاتبات و متون رسمی و کتب درسی باید با این زبان و خط باشد ولی استفاده از زبانهای محلی و قومی در مطبوعات و رسانه‌های گروهی و تدریس ادبیات آنها در مدارس، در کنار زبان فارسی آزاد است.

KURDI STAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 745 6 march 2019

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647507548621

Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەرپێوەچوونی سمینارێک بەبۆنەی میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمەی مەهاباد

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١١ی ڕەشەمە بەبۆنەی ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات و بەڕێوەچوونی میتینگی گەورەی مەهاباد بۆ پشتیوانیکردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، سمینارێک بۆ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیمای دیار و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات پێک هات.

لەو کۆڕیادەدا پاش ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە یادوناوی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان و پێشاندانی کورتە فیلمێکی دێکیۆمێنتی و بڵاوکردنەوەی کورتەیەک لە قسەکانی ئەوکاتی دوکتور قاسملوو، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە باسەکەی خۆی دەست پێکرد.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بە ئاوڕدانەوەیەک لە هەلومەرجی ئەوکاتی ئێران و کوردستان دوای شۆڕشی ١٣٥٧هەتاویی لەسەر هۆکاری بەڕێوەچوونی میتینگی شاری مەهاباد ئاماژەی بە چەند خاڵی گرینگ دا. بەڕێزیان ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ٥٧ی هەتاویی بە سێیەمین ڕووداوی گەورە و گرینگی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵەم داو، لەسەر لایەنە جیاجیاکانی ئەو ڕووداوە بۆ ئامادەبووان قسەی کرد.

بەڕێزیان لە بەردەوامیی قسەکانیدا گوتی هەڵبژاردنی شاری مەهاباد وەکوو لانکی کۆماری کوردستان بۆ گرتنی ئەو میتینگە ڕەمزی تێدا بوو، ئەویش بە مانای لە دایکبوونێکی دیکە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران.

مامۆستا ئامانج لەو میتینگەی بەو شێوەیە شی کردەوە؛ یەکەم ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزب لە دوای چەندین ساڵ تێکۆشانی نهێنی بەدژی کۆنەپەرەستی و پاشایەتی، دوویەم خۆناساندنەوەی حیزب بە خەڵک و جەماوەری خۆی، سێیەم هەڵسەنگاندنی حیزبی دێموکرات لە باری هێز و ئاستی نفووز لەنێو جەماوەری کوردستان و چوارەم گەیاندنی پەیامی سیاسی هەم بۆ دەوڵەتی تازە و هەم گەلانی دیکەی ئێران.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە پێوەندی لەگەڵ قسەکانی شەهید دوکتور قاسملوو و پەیامی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە باسی لەم خاڵانە کرد؛ خوێندنەوەی هەموو چین و توێژەکان کە هەم لە ئازار و هەم لە ئازادیدا بەشدار بوون، «نا» گوتن بە هەرچەشنە دیکتاتۆریەک، پێداگریی لەسەر دێموکراسی و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسنزادە لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا بە گێڕانەوەی چەند بیرەوەرییەکی تایبەت بە میتینگەکەی ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە، میوانداریتی و پشتیوانیی خەڵکی مەهابادی لەو ڕۆژی مێژوویییەدا وەبیرهێنایەوە و باسی لە هەبوونی سەرمایەی بەنرخی مەعنەویی و مرۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵاتدا کرد.

پەردەلادان لە «گوڵی وڵاتی بەفر» دوابەرهەمی شەهید سۆهەیلا قادری

لە کۆڕیادێکدا کە بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شاعیری پێشمەرگە، شەهید سۆهەیلا قادری لە سەنتەری گەنجانی شاری کۆیە بەڕێوەچوو، دوابەرهەمی ئەو خاتوونە شەهیدە کەوتە بەردیدی خوێنەران و پەردەی لەسەر لادرا.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٦ی ڕەشەمەی ٩٧ی هەتاوی لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا کە لەژێر ناوی «لە گەورە دێیەوە تا کەناری مەزارگەی دڵدار» و بە هاوکاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و سەنتەری گەنجانی شاری کۆیە گێرابوو، دوابەرهەمی شێعریی شەهید سۆهەیلا قادری، سکرتێری پێشووی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بڵاوکرایەوە.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا دیدەوان یەعقووب، شاعیر و ڕۆژنامەنووس و دۆستی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات مەبەست لەو کۆڕیادەی شی کردەوە و بەڕێزەوە یادی شەهید سوهەیلا قادریی وەکوو ژنە تێکۆشەرێکی چالاک لە بوارە جیاجیاکاندا کردەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە سەر سەربردەی خاتوو سوهەیلا قادری چەند وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. بەڕێزیان لە بەشێک لە وتەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە «ڕاستە سوهەیلا بەهۆی تێکەڵبوونی بنەماڵەکەی بە خەبات و تێکۆشان نەیتوانی وەکوو منداڵێکی ئاسایی ڕەوتی ژیان و، درێژەدان بە خوێندن بپێوێ، بەڵام بە لێهاتوویی خۆی بوو بە ژنێکە بەتوانا و کارامە لە چەند بواری جیاجیادا. سۆهەیلا قادری لە مەکتەبی خەبات و قوتابخانەی شۆڕشدا پەروەردە کرا و، هەربۆیەش لە پەروەردە و بارهێنانی منداڵانی دیکەی دێموکرات جێی پەنجەی دیارە».

خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو شلێر مەحموودی، سکرتێری نوێی یەکیەتیی ژنان؛ پێشاندانی ڤیدیۆیەک لە ژیانی سیاسی و خزمەتە ئەدەبییەکانی شەهید سۆیلا قادری، خوێندنەوەی شێعرێک لەلایەن کاک ئەحمەد قادری، شاعیر و نووسەری نێو ڕێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشکێشکردنی چەند سروودی حەماسی بە هاوکاریی کۆڕی میووزیکی سەنتەری گەنجانی کۆیە و، گرووپی سروودی یەکیەتیی ژیانی دێموکراتی کوردستان لە بڕگەکانی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە بوون. دوا بڕگەی ڕێوڕەسمەکەش تەرخان کرابوو بۆ پەردەلادان لە کۆمەڵە شێعری «گوڵی وڵاتی بەفر»، دوانووسینی شەهید سۆهەیلا قادری.

کۆڕی ڕێزلێنانی کۆچەر بیرکار لە زانکۆی کوردستان لە سنە

ڕۆژی سێشەممە، ١٤ی ڕەشەمە، کۆڕێکی ڕێزلێنان لە پڕۆفیسۆر «فەرەیدوون درەخشانی» ناسراو بە «کۆچەر بیرکار» بە بەشداریی بنەماڵەکەی و بەشێک لە مامۆستایانی شارەزای بیرکاری لە زانکۆی کوردستانی شاری سنە بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا و لە وتارەکاندا باس لەوە کرا کە زانا و بلیمەتێکی وەکوو کۆچەر بیرکار تەنیا ملکی وڵاتەکەی خۆی نییە، بەڵکوو ملکی تەواوی جیهانە و نوێترین لاپەڕەی مێژووی بیرکاری هاوچەرخ لە ئێراندا بە دەست پڕۆفیسۆری کورد «کۆچەر بیرکار» هەڵدراوەتەوە.

لە ڕێوڕەسمەکەدا مامۆستایانی زانکۆ وێڕای خوێندنەوە و پێشکەشکردنی چەندین بابەت لەبارەی پێگەی کۆچەر بیرکار، کۆبوونەوەکە لە کۆتاییدا بە ڕێزگرتن و پێشکەشکردنی سپاسنامە بە کاک مەجید درەخشانی ڕێوڕەسمەکە کۆتایی پێهات.

کۆچەر بیرکار، ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی، لە گوندی «نێ»ی سەر بە شاری مەریوان لە دایک بووە وبڕوانامەی کارناسی لە زانستگەی تاران وەرگرتوە. ناوبراو قۆناغی دوکتورای لە زانکۆ ناتینگهام لە بریتانیا تەواو کردووە و لە ساڵی ١٣٨٥ـەوە وەک پڕۆفسۆری بیرکاری، لە زانکۆی کەمبریج وانە دەڵێتەوە.

سەرکەوتنە جیهانییەکەی پڕۆفسۆر کۆچەر بیرکار لە بواری زانستی بیرکاریی و بە دەستهێنانی میدالی «فیلدز» بەناوبانگترین خەڵاتی جیهانی لە بەشی بیرکاریدا، لە ئاستی کوردستان و ئێراندا دەنگدانەوەی زۆری هەبوو.

بەر لە ماڵاوایی



فەریبا ڕەشیدی

کۆماری ئیسلامی، مۆتەکەی ٤٠ ساڵەی ژیانی ژنان لە ئێران

هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان، هاوکاتە لەگەڵ یادی ڕووداوێکی دی کە زۆر پەیوەستە بەو ئامانجە گرینگانەوە کە هەشتی مارس لە خۆی دەگرێ. چل ساڵ بەر لە ئێستا لەکاتێکدا خەڵکی ئێران دڵخۆش بوون بە ڕووخاندنی ڕێژێمێک و خەونیان بە ئازادیی زیاترەوە دەبینی، کۆمەڵێک ئاخوند و پیاوی خاوەن ئایدۆلۆژیی دواکەوتووانەی ئیسلامی، دەستیان بەسەر حوکمی وڵاتەکەدا گرت و دواکەوتووترین ڕوانگەیان بۆ کچان و ژنان و ئازادیی ئینسان کردە یاسای ڕێژیمی تازە. لەو کاتەوە فەرز کرا بەسەر ژناندا کە بە داپۆشراوی نەبێ ناتوانن لە ماڵ بڕۆنە دەرەوە. هەموو دەربڕینی خۆشەویستییەک و سۆز و دڵدارییەک قەدەغە کرا و کۆمەڵێک یاسا داندرا کە ئاشکرا دەڵێ پیاوان لە ژنان بە بەهاترن و ژنان بۆ کەیف و خۆشیی پیاوان هاتوون و، ژنان وەک خۆیان ئینسانێکی سەربەخۆ و تەواو نین.

ئەم قەدەغەکردنانە کارەساتی بەدوای خۆیدا هێنا بۆ ژنان. هەموو ئەو ڕێگریی و زێدەڕۆییانەی ئەقڵییەتی دواکەوتووانەی ئیسلامی ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ پێش لەوە بەسەر ژنانیدا هێنابوو، هەموو لەسەر کچان و ژنانی ئێران دووبارە کرایەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژێمێکە کە بۆ سەدەکانی نێوەڕاست دەگونجێ، نەک بۆ سەردەمی ئێستا؛ ئەو ئاخوند و مەلایانەی دەسەڵاتیان بەدەستە، هەموویان شایانی سزادانی زۆر قورسن لەسەر ئەوەی کە چل ساڵە جیاکاری لە نێوان پیاوان و ژناندا دەکەن و بوونەتە هۆی سەرکوتکردنی ژنان و مافەکانیان.

ئەزموونی چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی جێی شک و گومانی بۆ کەس نەهێشتووەتەوە کە لەو «کۆماری»یەدا دەنگ و ئیرادەی خەڵک نەک بنەمای شەرعییەتی دەسەڵات و یاسا و ڕێسا، بەڵکوو ئامرازێک بووە بۆوەی «نوێنەرانی خودا» و «مافیای حوکمەت» بۆ مانەوە و درێژکردنەوەی دەسەڵاتەکەیان بەکاری بێنن. لەو بەناو کۆمارییەدا نیوەی کۆمەڵگە بەهۆی «ژن بوون» خراونەتە پەراوێزەوە و هاوولاتیی پلەدوون و لە مافەکانیان بێبەشن. ئاماژە بە چەند ئامار و داتایەک لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا بەرچاوڕوونیی زیاترمان دەداتێ:

پتر لە یەک میلیۆن کچی سەروو ٣٥ ساڵ تەمەن بەهۆی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان نەیانتوانیوە ژیانی هاوبەش پێک بێنن. سەدا ٥٠ی ژنانی دەرچووی زانکۆ بێکارن، تەنیا سەدا ١٨ی ژنان چالاکیی ئابوورییان هەیە و تەنیا سەدا ٦٠ی ئەو ژنە کارەکەرانە بیمەن. ئیعتیاد بە مادەی هۆشبەر لە نێو ژناندا گەیوەتە جێیەک کە سەدا ٣٠ی ئاماری موعتادەکانی وڵات پێک بێنن و ئەگەر لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠دا تەمەنی لەشفرۆشی لە سەروو ٣٠ ساڵ بوو، بەڵام تەمەنی لەشفرۆشی لە ئێستادا بۆ خوار ١٥ ساڵ دابەزیوە، هەروەها ئەگەر پێشتر سەڵتەکان زیاتر ڕوویان لە لەشفرۆشی دەکرد، ئێستا ئەو دیاردەیە پتر لە نێو خێزانداڕەکاندا پەرەی سەندوە. ئەگەر لە وڵاتانی گەشەسەندوودا ژنانی سەروو ٤٠ ساڵ ڕوو لە ئاراییش دەکەن، بەڵام لە ئێراندا گرووپی تەمەنیی خوار ٢٠ ساڵ گەورەترین گرووپی بەکار هێنانی مەوادی ئارایشین کە هۆکاری ئەوە نەک بۆ جوانیناسی، بەڵکوو بۆ دەروونناسیی ئەوان دەگەڕێتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی سازمانی میللیی لاوانی پارێزگای تاران لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ئاماری زەماوەند ٩٪ لە چاو ساڵی ڕابردوو داکشاوە و؛ لە بەرامبەردا ڕێژەی جیابوونەوە ٢١٪ زیادی کردوە.

سەرۆکی ڕێکخراوی بێهێزیستیی ئێران ڕایگەیاندوە کە ژنانی سەرپەرستی خێزان سەدی ٥٥ زیادی کردوە. ئەو گوتی لە ساڵی ٧٠ی هەتاویدا ژنانی سەرپەرستی خێزان لە ئێران یەک میلیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس بوون. ئەو حەشیمەتە لە ساڵی ١٣٨٥ بۆ یەک میلیۆن و ٦٠٠ هەزار کەس زیادی کردووە و، لە ساڵی ٩٠دا گەیوەتە دوو میلیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس و لە ئێستادا دەبێ سەدی ١٥ی حەشیمەتی ژنان، ژنانی سەرپەرستی خێزان بن.

نەبوونی کار و پیشە، بەرپرسایەتیی بەخێوکردن و پێڕاگەیشتن بە منداڵ یان منداڵەکانیان و نەبوونی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی؛ تەنیا بەشێک لە کێشەکانی ئەو کۆمەڵە کەسە لە کۆمەڵگەی ئێمەن کە بە تەواوی لەلایەن کاربەدەستانەوە پشتگوێ خراون.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەمیشە هۆکار بووە بۆ ئەوەی ڕوانگەی دووچاوەگی و هەڵاواردن بێتە سیاسەتی ڕەسمی و ئۆرگانیزە و بەقانوونی بکرێ. لە پێوەندی لەگەڵ سووکایەتی و شکاندنەوەی ژناندا، وەک توندوتیژییەکانی خێزانی، لێدان و کوتانی ژنان، قەتڵی ناموسی، بەشوودان لە منداڵیدا، نەک لە پەروەردە و بەشی یاساداناندا هیچ پلان و بەرنامەیەکی فێرکاری و پەروەردەیی و پێشگیرانە دانەندرا؛ بەڵکوو بە دابەزاندنی تەمەنی شووکردنی کچان لە ١٨ ساڵەوە بۆ ٩ ساڵ و بووژاندنەوە و زیندووکردنەوەی قانوونەکانی سزادان لەسەر بنەمای ڕەگەزی دۆزەخێکی دیکەیان بۆ ژنان لەو وڵاتەدا دروست کرد.

ڕێگری لە بەشداریی ژنان لە کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە مەبەستی ئیژۆلەکردنی ژنان لە چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا سیاسەتێکی نەگۆڕی ڕێژیمی سیاسی بووە کە بە بەردەوامی کاری پێکراوە.

ڕوون و ئاشکرایە کە ژنانی ئێران دووجار قوربانیی دەستی ئەو ڕێژیمەن. هەم وەک هاوولاتییەک چونکە هەموو خەڵکی ئێران، جگە لە دەستوپێوەندییەکانی خودی ڕێژیم، هەموو سەرکوت دەکرێن و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان لێ زەوت دەکرێ، هەمیش وەک ڕەگەزی ژن، ئازادییەکانیان زەوت دەکرێ. بەو پێناسەیە کە لە ژنان دەکرێ کە ئەوان خۆیان ئینسانێکی سەربەخۆ نین، بەڵکوو شەرەفی خێزان و پیاوەکانیانن و ماف و ئازادییە مرۆییەکانی ژنان پەڵەیەکە بۆ سەر شەرەفی بنەماڵەکەیان!

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران چل ساڵە پەرە بەو کولتوورە دەدا و بەم ئەقڵە کۆنەوە بووەتە مۆتەکەیەک بۆ سەر ژیانیان. بەو هیوایە یادکردنەوەی هەشتی مارس لەمساڵدا و ئەم یادکردنەوەیە بکرێتە دەرفەتێک بۆ دەستنیشانکردنی ڕێگەیەک بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئینسانیتر کە بیری دژە ژنانە و نایەکسانانە، وەک میراتێکی ناشیرینی سەدەکانی پێشوو سەیر بکرێ و سەرکوتی ژنان لەبەر ژنبوونیان ئیتر جێگەی نەمێنێ لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا.